ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان

ژمارە ٦١٤
پێنجشەمە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٢
٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣
نرخ: ١٥٠ تمەن
kurdistanukurd.com
kurdistanukurd.com

■دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا ■

### سەردەشت/ لەئەنجامی تەقەی کەسانی نەناسراودا ٤ ئەندامی سپای پاسداران کوژران

هەواڵدەریی کوردپا:
شەوی ٣٠ی گەلاوێژ لە ئەنجامی تێکهەڵچوونێکی چەکداریدا لە گوندی «مارەغان»لە ناوچەی سەردەشت، ٣ ئەندامی سپای پاسداران کوژراون و ٢ کەسی دیکەش بریندار بوون.
هەتا کاتی بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە هەواڵدەرییە حکوومەتییەکانی ئێران ئەم هەواڵەیان پشتڕاست نەکردۆتەوە، بەڵام هاووڵاتییانی گوندی مارەغان ڕاستیی ئەم هەواڵەیان بە ئاژانسی کوردپا ڕاگەیاندووە.
هەروەها بە وتەی هاووڵاتییانی گوندی «مارەغان» ٢ چەکداری دیکە لەو پێکدادانەدا کوژراون، بەڵام هەتا ئێستا شوناسی ئەو کەسانە نەزانراوە.

### تیرۆری میکۆنوس کاری توندڕەوەکان بوو!؟

ڕەفسەنجانی تیرۆری سەرکردەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٩٩٢ دەخاتە ئەستۆی هێزە توندرەوەکانی نێوخۆی حکوومەتی ئێرانو دەڵێ: «ئەو میکۆنووسەی ئێوە باسی دەکەن توندڕەوەکان کردیان. لە سەردەمی ئیمام خومەینیش باندی توندرەوی وا هەبوون.»
ئاماژەی هاشمی ڕەفسنجانی بە تیرۆری د. سادقی شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دێموکراتە کە لە ماوەی سەرکۆماریی ناوبراو، لە وڵاتی ئاڵمان لە گەل چەند هاوڕێیەکی لە ریستورانێکی یونانیدا بە ناوی میکونووس تیرۆر کرا. دادگای میکونووس لە کۆتایی کاری خۆیدا بەو ئاکامە گەیشت کە خامنەیی ڕێبەر، ڕەفسەنجانی سەرکۆماری ئەوکاتو عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعات بڕیاردەرانی سەرەکیی ئەو تیرۆرە بوون.

**خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژدا:**

# ئێمە کاتێک دەتوانین قسە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکەین کە یەک گوتارمان هەبێ

## ٢٥ ساڵەی کوشتاری بەکۆمەڵی بەندییە سیاسییەکان

**قادر وریا**

هاوینی ئەمساڵ، ٢٥ ساڵ بە سەر تاوانی گەورەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە دژی بەندییە سیاسییەکانی ئێران ڕادەبرێ. لە گەلاوێژو خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی، دوای ئەوەی خومەینی بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە بارەی ئاگربەس لە شەڕی ئێراندا قبووڵ کردو وەک بۆ خۆی وتی جامی ژاری نۆشی، دەسەڵاتبەدەستانی ئەو ڕێژیمە بڕیاری لە نیوبردنی بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانیان جێبەجێ کرد.

ئەو تاوانە گەورەیەی لە هاوینو پاییزی ١٣٦٧ی هەتاویدا لە دژی ڕۆڵە تێکۆشەرو ئازایخوازەکانی نەتەوەکانی ئێران لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا، بەڕێوە چوو، بە «قەڵاچۆی ١٣٦٧ی بەندییە سیاسییەکان ناوی دەرکردوە. هەلومەرجو چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەو تاوانەو چەندو چۆنو ڕەهەندەکانی، بە تایبەتی ئەمساڵ کە ٢٥ ساڵ بە سەریدا رادەبرێ، شیاوی یادکردنەوەو هەڵوێستە لە سەرکردنن.

### هەلومەرجی بەڕێوەچوونی تاوانەکە

کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای پێداگرتنی لە سەر درێژەی شەڕ لە گەڵ عێراقو خۆ بواردنی لە بڕیارنامەی ئاگربەسی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان- کە ئەم پێداگرییە زیانێکی گیانیو ماڵیی گەورەی بۆ خەڵکی ئێران لێکەوتەوە- سەرئەنجام نەیتوانی بە سەرڕژیمی عێراقدا سەر بکەوێو ناچار بوو ئەو بڕیارنامەیە قبووڵ بکا. لە دەرەوەی سنوورەکانەوە، ڕێکخراوی موجاهیدین، هەوڵیدا ئەم پاشەکشەی ڕێژیم بقۆزێتەوەو بە هۆی لەشکرکێشیی نیزامیو بە دروشمی وەک «ئەمڕۆ مێهران سبەی تاران»، سیناریۆی ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە جێبەجێ بکا. لە کوردستان، هێزو دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، لە گەڵ حوزووری پڕهێزی حیزبی دیموکرات بەرەوروو بوون. ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، هیوادار بە ئاکامەکانی ئەم شکستو پاشەکشەیەی کۆماری ئیسلامی، خۆیان بۆ قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئێعترازیی خەڵک لە گەڵ عامیلانی ٨ ساڵ شەڕو ماڵوێرانی بێهوودە، ئامادە دەکرد. پێشبینیی ئەوە دەکرا لە نێو سوپاوئەرتەشو دامەزراوەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامیدا، دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر کۆتایهاتنی بەم جۆرەی شەڕ بەرز بێتەوە. بەندیخانەکانیش کە پڕ بوون لە چالاکانو تێکۆشەرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران، سەنگەرێکی دیکەی بەربەرەکانیی ئازادیخوازان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە بوون. خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، وەک خۆ ئامادەکردنی نیزامەکەی بۆ قۆناغی دوای ئاگربەسو نەمانی شەڕ، لە دوو ئاستی نیوخۆییو دەرەکیدا، قۆڵی لە زەبروەشاندن لە ئۆپۆزیسیۆن هەڵماڵی: لە نێوخۆی وڵات بە دەرکردنی فتوای کوشتاری بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانو میلیتاریزەکردنی زیاتری کوردستان لە دەرەوەی وڵاتیش بە پشتبەستن بە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبو ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆن.

ل ٥



### حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشکۆوە یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی خۆی کرەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٦٨ ساڵەی دامەزرانی خۆیدا بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ ڕێزی لە دامەزرێنەرانی حیزبو مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی هەینی، ٢٥ ی گەلاوێژ بەبەشداریی نوێنەرانی ژمارەیەکی زۆر لە حیزبو لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵات، باشوور، باکوورو خۆراوای کوردستانو، کۆمەڵێک کەسایەتیی ئەدەبیو کولتووریو پتر لە هەزار کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو، بەشداران بە گەرمو گوڕییەکی کەم وێنەوە یادی ٢٥ی گەلاوێژ، دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ٦٨ ساڵ خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتو سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێکردو دواتر کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە وتارێکی گرینگی پێشکێش کرد کە دەقی قسەکانی بەڕێزیان هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دایە.

### کاردانەوە نێودەوڵەتیەکان لە بەرامبەر بەکاربردنی چەکی شیمیایی لە سووریە

چالاکانی سووری دەڵێن هێزەکانی ئەسەد ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی گەلاویژ، لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا بە بۆمبارانو کەلک وەرگرتن لە جۆرە گازێکی ژەهراوی لە دەوروبەری دەمێشق، نزیک ٦٥٠ هاووڵاتیی مەدەنیان کوشتووە کە ژمارەیەکی زۆر لەوان منداڵ بوون.
لەکاردانەوە بەو هەواڵە، نەیارانی بەشار ئەسەدو وڵاتانی عەرەبستانو بریتانیا داوای پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکانیان بۆ تاوتوێی ئەو بابەتە کردوە.
ئۆپۆزیسیۆنی سووریە کۆمەڵە وێنە گرتەی ڤیدیۆیی بڵاو کردۆتەوە کە دەری دەخا سەدان کەس کە ژنو منداڵیشیان تێدا بووە، لە پەلامارە هەواییو هێرشی هێزەکانی بەشار ئەسەد بە گازی ژەهراوی لە دەوروبەری شاری دەمێشق کوژراون.
وەزیری دەرەوەی بریتانیا وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی خۆی لە بابەت ئەم ڕاپۆرتانەی کە بڵاوکراونەتەوە، داوای لە ڕێژیمی ئەسەد کرد دەرەتانی دەستڕاگەیشتنی خێرا بۆ تیمی پشکنینی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ شوێنی ئەم ڕووداوە پێک بێنێ.



فەرمانەکەی خومەینی بە دەستو خەتی خۆی، کە کوشتارە بە کۆمەڵەکەی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ی لێکەوتەوە

٣

دەقی قسەکانی سکرتێری حیزب لە ڕێوڕەسمی یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی حیزب

٥

٢٨ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی حوکمی«جیهاد»ی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان

٦

کۆنگرەی نەتەوەیی و پەیامی ئاشتی

٧

دیپلۆماسیی نوێی ئێران بۆ سووریە

٨

٩٣ ساڵەی پەیمانی سێڤەر و چەند سەرنجێک

١٠

یادێک لە فەرماندەیەکی لێوەشاوە



## بەڕێوەچوونی کۆڕێک بۆ باس لەسەر کێشەو گرفتەکانی پەروەردەو قوتابیان لە خوێندگە

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ باس لەسەر کێشەو ئاستەنگەکانی خوێندن لە نیزامی پەروەردەییدا بۆ خاتوو شەونم هەمزەیی پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەیانیی یەکشەممە، ٢٧ ی گەلاوێژ بەبەشداریی کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکانو بنەماڵەکانیان لە یەکێک لە سالۆنەکانی کۆڕو کۆبوونەوەکانی حیزب بەڕێوە چوو، کۆڕگێڕ باسەکەی لە سێ تەوەری پێناسەو ئامانجەکانی پەروەردە، کێشەو گرفتی قوتابیان لە نیزامی پەروەردەیی‌و ڕێگەکانی چارەسەری ئەو کێشەو ئاستەنگانەدا پێشکێش کرد.

کۆڕگێڕ لە باسەکەی گرینگیی زیاتری‌دا بە کەشی خێزان لە نیزامی پەروەردەیی‌داو نزمیی ئاستی وشیاریی بنەماڵەکان، کێشەی خێزانە لێکترازاوەکانو گرفتی ئابووریی خێزانی بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن باس کرد کە ژمارەیان لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەردەم زیاتر دەبن.

# کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان





به مەبەستی ڕاوو ڕاوێژ لە سەر بارودۆخی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لە گەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی‌و ڕۆژنامەنووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نێشتەجێ لە باشووری کوردستان کۆبۆوە.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢١ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی‌و ڕۆژنامەنووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نێشتەجێ لە باشووری کوردستان بە دەعوەتی ڕەسمیی دەفتەری سیاسیی حیزب‌و بە مەبەستی بیروڕاگۆڕینەوە لە سەر بارودۆخی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرکی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب کۆبوونەوە.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وێڕای بەخێرهێنانی بەشدارانی کۆبوونەوەکە، بە ئاماژەدان بە ئاکامی دوایین هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێرانو ئامادەکاریی بۆ بەڕێوەچوونی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە هەولێر، باسی لە پێگەی هێزو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو وەزن و قورسایی ئەم هێزانە لە هاوکێشە سیاسییەکان‌دا کرد.

خالید عەزیزی لە درێژەی وتەکانی‌دا بە ئاماژەدان بە خویندنەوەی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو چۆنیەتیی پاراستنی دەسکەوتەکانی هەرێمی باشووری کوردستانو ئێخلاق مێحوەریی هەڵوێستی حیزبی دێموکرات بەرانبەر بە بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەڵوێستەی لە سەر وەزنو قورسایی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم پێوەندییانەدا کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هێنانە گۆڕێی چەند پرسیارێکی بنەڕەتی لە سەر پێگەو دووره دیمەنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشە سیاسی‌یەکانی ئێرانو ناوچەکەدا، داوای لە چالاکانی سیاسیی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا کرد لە مەترەحکردنەوەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا یارمەتیدەری حیزبی دێموکراتو هێزە سیاسی‌یەکانی دیکەی ئەم بەشە بن.

کاک خالید عەزیزی لە درێژەی باسەکەی‌دا باسی لە چۆنیەتی هێنانە ئارای گوتارێکی نوێی کوردی بەرانبەر بە دەسەڵات لە تارانو هێزە ئێرانی‌یەکان کرد کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بتوانێ بە پاراستنی شوناسی سەربەخۆی خۆیەوە وەک نەتەوەیەکی مافخواز، ویستەکانی لەگەڵ دەسەڵات لە تاران بێنێتە گۆڕێ. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لەم بەشە لە قسەکانی‌دا بە ئاماژەدانو وەبیرهێنانەوەی قۆناغی وتوێژەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد لە گەڵ دەوڵەتی تاران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧، گوتی کە ئێمە دەبێ بتوانین بۆ جارێکی دیکە قەزیەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەوڵەتی تارانو داموو دەزگاو دامەزراوەکانی ئەم ڕێژیمە بکەین بە مەسەلە.

کاک خالید عەزیزی لە دوایین بەشی قسەکانی‌دا ڕوو بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە داوای لێ‌کردن کە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کەموکوڕییەکانیان ئاگادار بکەنەوەو هاوفکری‌و هاوکارییان بکەن کە بتوانین هەمووومان پێکەوە هەنگاو بەرەو قۆناغێکی پڕ لە جموجۆڵو چالاکی‌و بووژانەوە بنێین.

لەدرێژی کۆبوونەوەکەدا کە نزیک بە ٦ کاتژمێری خایاند، بەشدارانی کۆبوونەوەکە بەشداریی چالاکانەیان لە باسەکان‌دا کرد.

بەشدارانی باسەکە وێڕای نواندنی ڕێزو سپاس بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە کە توانیان لە نزیکەوە لە گەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕابۆچوونەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ، ڕاشکاوانە ڕەخنەو تێبینییەکانی خۆیان هێنایە بەرباس‌و بە پێشکەش کردنی چەندین پێشنیارو ڕێکاری گرینگ، کۆبوونەکەیان دەوڵەمەنتر کرد.

بەهێز کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کۆتایی هێنان بە کێشەو ناکۆکی‌یەکانی نێوان هێزە سیاسی‌یەکان، ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان، یەکبوونەوەی دێموکراتەکان، دەرفەت خولقاندنو کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان ، گرینگی‌دان بە ناوچەکانی خوارووی کوردستانو گرینگیدان بە بیروبۆچوونی کەسانی دەرەوەی حیزب و هتد..........

ئەو باس و تەوەرانە بوون کە زۆربەی بەشدارانی کۆبوونەوەکە جەختیان لە سەر دەکردەوە.

شایانی باسە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا سکرتێری گشتیی حیزب، کاک خالید عەزیزی‌و کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆبەندی باسەکان‌دا داوایان لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرد کە هەروا بە مەترەح کردنی ڕەخنەو بۆچوونەکانیانو هاوفکری و هاوکاریی لە گەڵ هێزە سیاساییەکان دا، ڕۆڵی کارای خۆیان لە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی نەتەوەکەیان دا بگێڕن.

# سەردانی سکرتێری پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سووریە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات



هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە بە سەرپەرەستیی بەڕێز حەمید دەروێش، سکرتێری ئەم پارتە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب پێشوازیی لێ‌کرا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژ لە دیدارێکی نێوان دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە دوایین ڕووداو ئاڵۆگۆڕەکانی سووریەو ڕۆژاوای کوردستان ئاڵۆگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی حیزبەکەی لە ئاڵۆزییەکانی ئەم دوایانەی ڕۆژاوای کوردستان و مەحکووم کردنی هێرشی لایەنە توندڕەوەکان بۆ سەر خەڵکی مەدەنیی ڕۆژاوای کوردستان، هیوای خواست کە لایەنە سیاسییەکانی کوردی ئەم بەشە لە کوردستان بتوانن بە پشت بەستن بە ئیرادەی خۆیانو خۆ دوور خستنەوە لە تەحریکاتی لایەنەلانی دیکەی دەرەوەی ڕۆژاوای کوردستان، یەکگرتووانە بە سەر کێشەکان‌دا زاڵ بنو لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکی ڕۆژاوادا هەنگاو بنێن.

لە لایەکی دیکەوە بەڕێز حەمید دەروێش، سکرتێری پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە وێڕای بەرز نرخاندنی ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەباتی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان‌دا، لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی ڕۆژاوای کوردستان‌دا ڕایگەیاند کە تەنیا گەڕانەوە بۆ سەر سندووقەکەکانی دەنگدانو دەنگی خەڵکی ڕۆژاوای کوردستانە کە دەتوانێ کۆتایی بە ئاڵۆزییەکانی ئەم بەشە لە کوردستان بێنێ‌و گوتیشی تا دەوڵەتی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات دابێ، ئاڵۆزییەکانی ڕۆژاوای کوردستان هەروا بەردەوام دەبێ.

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەمین کۆنگرەی سێکۆلار دێموکراتەکانی ئێران لە واشینگتۆن

هەیئەتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەمین کۆنگرەی سێکۆلار دێموکراتەکانی ئێران بەشداری کرد کە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە، بەرواری ٣ و ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣ لە واشنگتۆن بەڕێوەچوو.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە سەرپەرستیی کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و حەسەن حاتەمی ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی‌و ژمارەیەک لە بەرپرسان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی ئەم کۆنگرەیان کردبوو، لە زۆربەی باسەکانی ئەو کۆنگرەیەدا چالاکیی بەرچاویان نواند.

زەرغامی لە «اتحاد اقوام و عشایر جنوب ایران»، دکتر حسن ماسالی لە « گروه امید ایران»، خاتو نەستەرەن عێلیی لە «شبکه سکولارهای سبز ایران»، دوکتور بوهرام ئابام لە « سازمان سکولارهای دمکراتهای ایران» و کورش ئێعتمادی لە « گروه رایزنی برای اتحاد» بە دوای پیشکەش کردنی باسێکی کورت لە سەر سیاسەتی حیزب‌و ڕێکخراوەکانیان ، بیروبۆچوونی خۆیان لە سەر بارودۆخی سیاسیی ئێستاکەی ئێرانو داهاتووی ئێران خستە ڕوو. بە دوای ئەم باسە کورتەدا بەشدارانی کۆنگرە پرسیارەکانی خۆیان ئاراستەی نوێنەرایەتیی سیاسی وڵات کرد.

ئاهەنگەری لە درێژەدا باسی لەوە کرد کە سیستەمە سیاسی‌یەکانی هەتا ئێستاکەی ئێران لە کاتی پێکهێنانی دەوڵەت نەتەوە لە لایەن پەهلەوی یەکەمەوە، پێوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌و مێژوویی ئێران و پێکهاتە و فۆرمە سیاسییەکەی‌دا نابیندرێ، هەر بۆیە دەبێ لە دوای نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دوای لێکۆڵینەوە و کارناسی واقعی ئێران، هەوڵ بدرێ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی شیاوی ئێران.

شایانی باسە لە بەشێکی دیکەی ئەم



ئەم کۆنگرەیە کە لە سەدو حەوتەمین ساڵرۆژی شۆڕشی مەشروتەدا بەڕێوەچوو، پێش نیوەڕۆی یەکەم ڕۆژی کۆنگرەکە بۆ وڵامو پرسیار لە نوێنەرایەتیی حیزب‌و ڕێکخراوەکان تەرخان کرابوو کە کاوە ئاهەنگەری لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، جەلیل ئازادیخواز لە کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پەرویز

حیزب و ڕێکخراوەکان کردو بە شی کۆتایی کۆنگرە بۆ هەڵبژاردن تەرخان کرابوو.

کاوە ئاهەنگەری لە باسەکەی‌دا وێڕای ئاماژە بە دروشمی ستراتیژیک حیزب کە پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فدراڵە، ئاماژە بە داهاتووی ئێرانو چۆنیەتیی پێکهاتەی پانێلەدا کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکڕات لە وڵامی ئەو پرسیارە کە ئایا فیدرالیزم ئێران بەرەوە تەجزیە ناکێشێ، وتی کە نابێ دابین بوونی مافەکانی نەتەوەی کورد بە یەکپارچەیی و ‹ تمامیت ارضی › گرێ بدرێ‌و کورد مافی خۆیەتی کە لە هەموو مافەکانی بەهرەمەند بێ.

کوردستان
ژمارە: ٦١٤
٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٢
٢٢ی ئاگۆستی٢٠١٣

پەیام

**«هیچ نەتەوەیەک لە شکڵی سیاسی‌دا ناتوانێ دروست بێ ئەگەر کۆمەڵگاکەو حیزبەکانی ئیلزاماتو تەعەهوداتیان بەرامبەر بە هێماکانی نەبێ».**

**«زۆرجار دەگوترێ وەختی شەڕی چەکداری نەماوە، زۆرجار دەگوترێ وەختی خەباتی پێشمەرگانە نەماوە، تەنانەت ئی واهەن خەبات دەبەنە نێو ئینتێرنێت و دنیای مەجازی. لە دنیای ئێستادا ئەبەرقودرەتترین زلهێزترین دەوڵەتەکان ناتوانن بەبێ دەسەڵاتی نیزامی باڵانسی خۆیانو تەعامولی خۆیان لەگەڵ دنیای دەرەوە ڕابگرن».**

# دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا




**خوشک و برایانی ئازیز!**
**میوانانی بەڕێز!**
**نوێنەرایەتیی حیزبو ڕێکخراوو سازمانە سیاسییە کوردستانییەکان!**
**کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ڕێوڕەسمی یادی شێستو هەشت ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد، حیزبی قاسملوو، حیزبی شەڕەفکەندی، حیزبی دەیانو هەزاران شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستان. ئەو حیزبەی کە لە ماوەیەکی کورتدا، ئیفتخاری دامەزرانی یەکەمین کۆماری کوردی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری مەهاباد پێ‌بڕا. حیزبێک کە لە ماوەیەکی کورتدا، لە هەلومەرجی ئەو وەخت دا ( سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی ) توانی بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردان، ئەو فورسەتە بقۆزێتەوەو وێڕای دامەزرانی حیزبەکەی خۆی‌و ئەو حیزبە لەسەر بۆچوونێکی نوێی ڕێکخستن و گوفتمانێکی نێودەوڵەتیی سەردەم بتوانێ بخاتە بازنەی سیاسەت لە ئێرانو ناوچەکەو لەسەر ئەساسی ئەو بۆچوونەش دواتر کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ٦٨ ساڵەی حیزبی دێموکرات لە زۆر بابەتەوە کۆمەڵێک دەرسو تەجروبەی بۆ ئێمە پێشمەرگەکانی دێموکراتو کورد بە گشتی تێدایە.

ڕاستە حیزبی دێموکرات لە تەمەنی ٦٨ ساڵەی خۆی دا سەرەڕای ئەو هەموو قوربانی و فیداکارییە کە داویەتی، سەرەڕای ئەوەی کە ئیفتخاری دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستانی پێ‌بڕا، ماوەیەکی زۆر کەم بە ئاشکرا لە نێو کۆمەڵانی خەڵک مەجالی فەعالییەتو کاری سیاسی بۆ هەڵکەوتووەو ئەو دەرفەتەی نەبووە بەرنامەکەی پێشەوا کە کاتی خۆی کۆماری لەسەر دامەزرا، دوایی لە مەیدانی پانو بەرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسان بیخاتەوە مەیدانی قەزاوەتو بڕیارو لێکدانەوەو پێداچوونەوەی کۆمەڵانی خەڵک؛ ڕاستە تەمەنی فەعالیەتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ٦٧ ساڵ زۆر کەمە، بەڵام ئەو حیزبە لە بواری ڕێکخستن، لە بواری دیپلۆماسی، لە بواری خزمەت بە دروستکردنی هێمای نەتەوایەتی بۆ کورد، لە بواری دروستکردنی گوفتمانو زمانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاوەنی تەجروبەیەکی دەوڵەمەندە. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەمین حیزبی کوردی بوو کە تێکۆشا عەقڵییەتی سیاسیی کورد بگۆڕێ‌و لەچوارچێوەی حیزبایەتی‌دا سازمانی بدا. هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستان ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بە تایبەت شەخسی پێشەوا، لە هەموو مەیدانەکانی دیپلۆماسی و ڕێکخستنو تەبلیغاتو زۆر مەیدانی دیکەدا هەوڵی دەدا بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات بە [کەمترین] زەرەر و زیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە تەعامول لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی دا جێبەجێی بکا. بەداخەوە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان چارەنووسی حیزبی دێموکرات و چارەنووسی ڕێبەران و کادرەکانی بەشێکی زۆری زیندان تەبعید دەربەدەری و بۆ بەشێکی زۆریشیان پەناهێنان بۆ باشووری کوردستان بوو. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا تا ساڵی ١٩٧٩ کە ئینقلابی ئێران ڕووی‌داو حیزبی دێموکرات بە گوڕوتینێکی دیکەوە چۆوە نێو کۆمەڵانی خەڵک، کاری ڕێکخستنو سازماندەیی خۆی دەس پێ‌کردەوەو جارێکی دیکە بەرنامەی خۆی هێنایەوە نێو کۆمەڵانی خەڵک، لە تەواوی ئەو دەورانە ناخۆشەدا کە فشارە لەسەر حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانو کادرەکانی بووە، خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گیانو بە دڵ ئەو حیزبەیان پاراستوە. کەم شوێنو بنەماڵە هەیە لە شارو دێهاتەکانی کوردستان کە کادرەکانی حیزبی ڕێیان تێ‌نەکەوتبێ‌و تەحەمولی گیروگرفت و نائەمنی‌و موشکیلاتێکی زۆریان نەکردبێ، بۆ ئەوەی حیزبەکەیان بپارێزن.

پێش ئینقلابی ئێران کە حیزبی دێموکرات مەجالی فەعالییەتو تێکۆشانی ئاشکرای لەنێوخۆی وڵات نەبوو، هەرچەند ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات دەیانزانی لەو سەردەمدا جموجۆڵی نیزامی دژی حکوومەتی پەهلەوی ڕەنگە گرووپێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی تووشی شەڕ و کێشە بن، بە لەحازی نیزامی دەسکەوتێکی ئەوتۆی نەبێ، بەڵام بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی سابیت بکەن لەو مەیدانەش‌دا دەتوانن کار بکەنو بە تەواوی حیزبی دێموکرات بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵک، لە ساڵی ٤٦ ـ ٤٧ گیانی خۆیان فیدا کردو خۆیان کرد بە قوربانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەو سەردەمدا کە فشاری حکوومەتی پەهلەوی زۆر بوو، سلێمانی موعینی، شەریفزادە، ئاوارەکان و هاوڕێکانیان بە قوربانی کردنی گیانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو پەیامەیان بە خەڵک دا ، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای فشارێکی زۆر کە لە سەریەتی تێ‌دەکۆشێ بەهەر قیمەتێک بێ، لە نێوخۆی وڵات بێ. هەموو لێکدانەوەیەک ئەوەی دەردەخست لەو کێشە نیزامییەدا باڵانس لە گۆڕێ دانیە، بەڵام ئەوە نیشانەی فیداکاریی ڕێبەرانی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بوو جیاواز لە لێکدانەوەکەیان.

کاتێک ئینقلابی ئێران دەکرێ، دەقیقەن هەر لەسەر ئەو ئەساسە کە مەیدانێک بۆ حیزبی دێموکرات دێتەگۆڕێ، تێدەکۆشێ لەو فورسەتە کەڵک وەرگرێ‌و لە گۆڕەپانی ئێران‌دا لە ڕێگای گفتوگۆو موزاکرە چارەسەری کێشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا. قەزیەی کورد بە هیممەتی حیزبی دێموکراتو هەموو حیزبەکان بە تایبەت دوکتۆر قاسملوو لە مەیدانێکی پانوبەرینی قانوونی لە ڕادەی ریاسەت جمهوری‌و دەوڵەتی موەقت و تەنانەت لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینیش هێنایەگۆڕێ. حیزبی ئێمە هەموو هەوڵێکی قانوونی مەسئولانە، موتەمەدینانە کە لە توانای دابوو، دای بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکەوێتە خانەی نیزامییەوە. بەڵام بەداخەوە پەیامی ئاشتی، پەیامی گفتوگۆ، پەیامی پێکەوە ژیانو لەگەڵ یەکدا بوون، پەیامی پێکەوە ئێران ئیدارەکردن لەلایەن دامودەزگای ئەوکاتەوە وەرنەگیراو شەڕ بەسەر کوردستانو پێشمەرگەکانی کوردستان‌دا تەحمیل کرا. لەو مەیدانەش‌دا حیزبی دێموکرات ئەوەی لە توانای‌دا بوو، هەوڵی‌دا مادام مەجبوور بە شەڕ بووە، دیفاعێکی جانانە بکاو لەو مەیدانەش‌دا قوربانی‌و شەهیدێکی زۆری داوە. ئێمە هەرگیز پێمان وانەبووە شەڕی چەکداری‌و خەباتی چەکداری‌و فەزای خشونەت چارەسەری کێشەکانی ئێمە دەکاو پەیامی حیزبی دێموکراتیش هەرگیز ئەوە نەبووە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو دیفاعەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبایە، ئەو شەڕەی کە بەسەری‌دا تەحمیل کرابوو، ئەو هەوڵ و تێکۆشانە نەبوایە، ڕەنگە زەرەر و زیانەکانەکانی لە زۆر باردا زیاتر لەوە بایە کە ئێمە پێشبینیمان دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاستی دیپلۆماسی‌دا بە تایبەت بە هیممەتی دوکتۆر قاسملوو کە دەورانێکی زۆر لە دەرەوە کاری کردبوو، ئەزموونێکی زۆری لە مەجالی دیپلۆماسی‌دا هەبوو، هەوڵی داوە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە بۆی گونجاوە کەڵک وەربگرێ لە هەنگاوی یەکەم بۆ کورد بە گشتی‌و لە هەنگاوی دووەم‌دا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانو پڕۆژەکانی حیزبی دێموکرات. حیزبی دێموکرات لە تەواوی ئەو دەورانەی کە لە تەبعید و دەربەدەری‌دا بووە سەرەڕای ژیانی ناخۆش‌و زەختێکی زۆر کە زۆر جار تووشی بووە، کە مەراحلێک کە ئەو فشارە زۆر گران بۆی تەواو بووە، بەڵام هەرگیز لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی باڵای نەتەوەیی کورد [لای] نەداوە. ئێمە هەوڵمان داوە لە هیچ پارچەیەکی کوردستان ئەگەر نەتوانین ڕاستەوخۆ، بە شێوازی جۆراوجۆر یارمەتی بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو پارچەیە بدەین، هەرگیز دەخالەت لە کاروباری هیچ پارچەیەک نەکەینو بە هیچ شێوەیەک هەوڵ نەدەین سیاسەتی ئێمە ئەسبابی موشکیلات بۆ ئەو پارچەیە بێ. بۆیە تاو جێیەی کە پەیوەندیی بە ئەرکی نەتەوایەتی‌و چۆنیەتی تەعامولی ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندی کورد بە گشتییەوە هەیە، خۆمان لەو مەیدانەدا سەربەرز دەبینین. ئەوەش دەقیقەن ڕێگای پێشەوا قازی محەممەدو ئەو ڕێگایەیە کە یەکەمین حکوومەتی کوردی لەسەر دامەزراو لەسەر ئەساسی ئەو فەرهەنگە ئێمە هەوڵمان داوە سیاسەت بکەینو بەرنامەکانی خۆمان بەرینە پێشێ.

کاتێک لە نەوەدەکان‌دا کە دەکرێ بڵێم زۆربەی زۆری سنوورەکانو کێوە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق لە دەست پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا بوو، هەلومەرجێک بۆ هەرێمی کوردستان هاتەپێشێ، کێشەیەک لەو ناوچەیە هاتەپێشێ، زۆر بە نابەدڵییەوە دەمانزانی بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات گران تەواو دەبێ، بەڵام شوێنە شاخاوی و سنوورییەکانمان بەجێ‌هێشتو لە دەشت موستەقەر بووین. ئەوەش نە بە ئیرادەی خۆمان بووە نەبە دڵخوازی خۆمان بووەو نە بە ویستی پێشمەرگەکانمان بووە نە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتدا بووە. تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی هەیە بە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە زۆر بە ڕاشکاوی [بڵێم] لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان‌دا بووە. لەو سەردەمدا کە تازە هەرێمی کوردستان دامودەزگای حکوومەتی خۆی دامەزراندووەو کۆمەڵێک کێشەو موشکیلاتی ناوچەیی‌و دراوسێیەتیی هەبوونو لە فشاردا بوو. ئێمە تەجرووبەی کۆماری کوردستانمان وەبیر دەهاتەوە کە ئەو حکوومەتە ساوایە دەبێ نەجات بدرێ. ئەو حکوومەتە ساوایە دەبێ هەموو لایەک کۆمەگی بکەن لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و ببێ بە بنەماو هێمایەک بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی. ئەو کاتیش لە پێوەندیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان‌دا هەر ئەو سیاسەتەمان پەیرەو کردوە. لە تەواوی ئەو پازدە بیست ساڵەی لەو شوێنەی ئێستا هەین، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بڕیاری ڕێبەریی حیزبەکەی خۆی لە فەعالییەتی نیزامی‌و چالاکیی نیزامی پاراستووە.

کاتێک بارزانییەکان بە ڕێبەریی مەرحومی بارزانی کوردستانی عێراقیان بەجێ‌هێشتو هاتنە کوردستانی ئێران، لە کوردستانی ئێران میوان نەبوون، لە حکوومەتەکەی پێشەوا قازی محەممەددا میوان نەبوون، ئەفسەر بوون، دەسەڵاتدار بوون، کاربەدەست بوون. ئەو کات گرفتو کێشەو موشکیلاتی حکوومەتی پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ دەوروبەر زۆر بوو، بەڵام ئێمە لە سەردەمێکدا لە هەرێمی کوردستانین کە مەسەلەی کوردستان بووە بە ناوچەیی، هەرێمی کوردستان بە خۆشییەوە یەکێک لە شوێنە دەوڵەمەندەکانی ئەو ناوچەیەیەو ڕۆژبەڕۆژ خۆی لە گەشەی ئابووری‌و ئیداری و قانوونی‌دا دەبینێ. هەر بەو دەلیلە ئینتزاراتی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کوردستانی ئێران و ئینتزاراتی حیزبی دێموکرات شتێکی دیکەیە. هەر بەو دەلیلە ئەگەر لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بڕۆینە پێشێ، ئێمە ڕەعایەتی ئەو بەرژەوەندییەمان کردوە، عەینی ئەو ئینتزارە دەبینین کە لە حەددی توانای خۆی‌دا هەموو پارچەکان بە تایبەت هەرێمی کوردستان لە حەددی توانای قانوونیی خۆی‌دا ئاوڕدانەوەیەکی وەسەر ئەو مێژوویە هەبێ. ئێمە زەمانێک دەتوانین قسە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکەین کە یەک گوفتمانمان هەبێ، زمانێک دەتوانین ئەو گوفتمانەمان هەبێ کە ئاوڕدانەوەیەکی زۆر خێرا بەسەر ژیانی سیاسیی کورددا بکەین. مادام کورد نەبووە بە دەوڵەت، موئەسیساتی دەوڵەتی‌و قانوونیی خۆی دانەمەزراندوە، ئێستاش حیزبەکانن دەتوانن لەسەر چارەنووسی کورد بڕیار بدەن. ئێستاش وەحدەتی کورد لە هەر پارچەیەک دەستەبەری سەرکەوتنی کورد لەو پارچەیە دەکا. ئێستاش ناکۆکی‌و دووبەرەکی لە بەینی دوو لایەنو سێ لایەنی سەرەکی لە پارچەیەکی کوردستان‌دا دێتەپێشێ، خەڵک تووشی دڵەڕاوکەو نیگەرانی دەبن. ڕەنگە وڵاتی ئورووپایی هەبێ کە بۆ ماوەی چەند مانگیش حیزبەکانی نەتوانن دەوڵەت دابمەزرێنن، بەڵام ژیان و ئیدارەی وڵات نەهادینە بووە و گرفتێک دروست ناکا. لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەحدەتی حیزبی و حەوانە لەگەڵ یەکترو ڕەعایەتی وەزعی یەکتر دەتوانێ دەستەبەری ئەو بەرژەوەندییانە بکا.

**میوانانی خۆشەویست!**
**خوشک و برایانی ئازیز!**

لە سەردەمێکدا ئێمە یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەکەینەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. لە سەردەمێکدا یادی ٦٨ ساڵەی حیزبی دێموکرات دەکەینەوە کورد لە مێژووی خۆی‌دا قەت هێندەی ئێستا شانسی ئەوەی نەبووە مەسەلەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ‌و بەدوای چارەسەرەکانی‌دا بڕوا. بۆیە ئەو سەردەم کە کۆمار دەڕووخاو دواتر کە هەڵەبجە و ئەنفال دەهاتە گۆڕێ، لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئێمە مێژووی ئێعدامو لەبەیەنچوونو قەڵاچۆو شتی وامان بەخۆمانەوە دیوە. ئێستا لە قۆناغێکدا دەژین دەرفەتێکی زێڕین هەڵکەوتووە [ئەگەر] کورد بتوانێ کەڵکی لێ‌وەربگرێ. دەرفەتەکان دەکرێ کەڵکیان لێ‌وەربگیرێ، بەڵام جاری واش هەیە لە دەرفەتێک کەڵک وەرناگیردرێ. [هەرچەند] زەمان دەکێشێ هەتا ئەو دەرفەتە دێتەوە گۆڕێ.

بە نیسبەت سووریە ئەوەی ئێمە لێکمان داوەتەوە پێمان وایە وەحدەتی کوردی لەوێ زۆر گرینگەو وەحدەتی کوردی لەنێو ریزەکانی حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان زەمانێک دەستەبەر دەبێ کە ئەو حیزبانەی کە بە جۆرێک دۆستایەتیان لەگەڵ لایەنەکان هەیە بە دڵو بە گیان کار بکەن بۆ ئەوەی کە ئەو فورسەتەی لە سووریە هاتۆتە پێشێ، بە ناکۆکی نێوخۆیی تێ‌دا نەچێ. لە تورکیە کە وتووێژ لە بەینی لایەنی کوردی و دەوڵەتی ئەردۆغان لەگۆڕێ‌دا هەیە، ئێمە بە شتێکی باشی دەزانین، سەرکەوتنی ئەو پرۆسێسە دەتوانی ئیلهامێکی باش بدا بۆ ئەو لایەنانەی کە بۆ چارەسەری

ل٤



## پەیام

**خالیدی عەزیزی: «ئێمە وەک حیزبی دێموکرات هەرچەند قوربانی شەڕ بووین‌و دەزانین شەڕ چیە، ئەگەر لە داهاتووشدا بزانین شەڕی چەکداری‌و خەباتی پێشمەرگانە، تەنیا میتۆدێکە زۆر بە ڕاشکاوی ئەوە دەست پێدەکەینەوە و دەیبەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک. بەڵام هیوادارم مەنتق و عەقڵ‌و ڕێگای دیالۆگ قەت ئێمە بەرەو ئەوە نەباتەوە، چون دەزانین شەڕ بە غەیری وێرانکاری‌و بە غەیری ماڵوێرانی هیچی بەدواوە نیە. بەڵام مادام لە خەبات و تێکۆشان داین ئەو هەقە بە تەواوی بۆ خۆمان دێڵینەوە».**

کێشە کورد ئێستاش [هەر] زمانی شەڕ دەزانن، ئێستاش بە چاوی ئەمنییەتی چاو لێدەکەن، کە بەڵێ دەکرێ لەڕێگای وتووێژیش کێشەی کورد لەو شوێنانەش چارەسەر بکرێ. لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای دەسکەوتێکی زۆر لە بواری قانوونی، ئیداری، ئیقتیسادی و ئیعترافی نێودەوڵەتی‌و بوونی لایەنە جۆراوجۆرکان لە شکڵی کونسولخانە، بەڵام ئێستاش‌و ئێستاش داهاتووی هەرێمی کوردستان بەستە بە تەعەهوداتی حیزبە سەرەکییەکان‌و ڕەعایەتی پەیمانی ستراتیژیی بەینی ئەوانەوە هەیە. بۆیە بۆ جارێکی دیکەش وەحدەتی حیزبی لێرە موهیمە.

ئێمە لە کەشوهەوایەکدا یادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەکەینەوە، کە قسە لە دروستکردنی کۆنگرەی نەتەوەییە، ئامادەکارییەکی زۆر لەگۆڕێدا هەیە. لایەنە سیاسییەکانی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەشدارن‌و تێدەکۆشن بە کۆبوونەوەی جۆراوجۆر بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ موشکیلات‌و ئاستەنگو لایەنی تکنیکییەکان ئەو کۆنگرە لە فەزایەکی باش‌و موناسیبدا بەڕێوە بچێ. کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێ لە چەند بارەوە گرینگ بێ، یەکەم ئێمە زەمانێک دەتوانن وەک نەتەوەیەک لە تەعامول لەگەڵ خۆمان‌و لە تەعامول لەگەڵ تورکو فارس‌و عەرەب و لە تەعامول لەگەڵ دەوڵەتەکان و لە تەعامول لەگەڵ دنیای دەرەوە بێینە گۆڕێ کە لە پێناسەی نەتەوەیی خۆمان ساغ بکەینەوەو یەکدەست بین، یەک پەیام بین، یەک خوێندنەوەمان لێی هەبێ. ئەو پێناسەیە نەکەوێتە قالبی ناوچەگەری‌و بەرژەوەندیی حیزبی‌و هەر حیزبە بە گوێرەی لەهجە و ناوچەیەک کە هەیەتی، پێناسە بۆ ئەو هوییەتە بکا. ئەوەش بە حیزبەکان دەکرێ. زەمانێک ئەوە دەتوانێ شکڵ بگرێ کە هەموو لایەنە سیاسییەکان لە کۆنگرەی نەتەوەیی‌دا ئاوڕدانەوەیەکی مەسئوولانەو نەتەوەیی لە کاری حیزبی‌و ئەرکی خۆیان بکەن. زەمانێک دەتوانین ئەوە لە کۆمەڵگادا بکەین بە ئیلزام کە هەموو لایەک لە سەری ساغ بینەوە. هیچ نەتەوەیەک لە شکڵی سیاسی‌دا ناتوانێ دروست بێ ئەگەر کۆمەڵگاکەو حیزبەکانی ئیلزامات‌و تەعەهوداتیان بەرامبەر بە هێماکانی نەبێ. سروود یەکێک لەو هێمایانە، ئاڵا یەکێکی دیکە لەو هێمایانە، مێژوو و چێهرە سیاسییەکانی لایەنی سێهەمی ئەو هێمایانەیە. میللەتێک ئەوانەی نەبێ وا بە ڕاحەتی نابێ بە میللەت. ئەوە دەبێ لە کۆمەڵگە، لە قوتابخانە، لە هەموو جێگایەک تەدریس بکرێ‌و حیزبە سیاسییەکانی کورد لەسەر ئەساسێکی وا پێناسەی نەتەوەیی خۆیان تەعریف بکەن. ئەگەر ئەوە هاتە گۆڕێ ئەو وەختە دەتوانین پەیامێکی باشمان هەبێ. ڕاستە کۆنگرەی نەتەوەیی تەواوی پرۆژەکەی ئەوەیە کە پەیامی ئاشتی و ڕێگەچارەی سولح و دێموکراسی‌و دێموکراتیک و ڕێگاچارەی سیاسی وەک ڕێگاچارەی کێشەکەی بە بەغدا و ئانکارا و دێمەشق و تاران بداو پێمان وایە فەلسەفەی وجوودیی سیاسەت کورد هەر ئەوە بووە.

پێشەوا قازی محەممەد لە گەرمەی دەسەڵاتەکەی خۆی‌دا، هەوڵی دەدا لەگەڵ تاران لە ڕێگەی گفتوگۆوە کێشەکەی چارەسەر بکا. لە دوای ئینقلابی ئێران سەرەڕای هێزی پێشمەرگەی زۆرو خەڵکێکی زۆر کە لە مەیداندا بوو، هەموو هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە پەیامی ئاشتی‌و گفتوگۆ بەرینە تاران‌و بە موزاکرە کێشەکەمان چارەسەر بکرێ. ئەوە لەگەڵ کورد لە دایک بووە. بۆیە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە مانیفێستی کۆنگرەی نەتەوەیی، هەموو لایەک دەتوانین کاری بۆ بکەین. بەڵام جێگەی خۆیەتی من لێرەدا تەئکید لەسەر ئەوەش بکەم دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار وڵات، تەبیعەنی چوار پارچەیی کوردستان و ئەوەی کە هەر پارچەیەک شێوەو میتۆدو شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە لە چارەسەری کێشەکان‌دا، دەبێ ئەو مافە بۆ هەر پارچەیەک بهێشترێتەوە لە چۆنییەتی تەعامول لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی‌دا تایبەتییەکانی ئەو پارچەیە لەبەرچاو بگیرێ. [بە پێی] چەندوچۆنی فەرهەنگی ئەو وڵاتە کە کێشەی لەگەڵ کورد هەیە، ئەو پارچەیە دەستی ئاوەڵا بێ لە تەعامول کردن بۆ کێشەکەی خۆی. زۆرجار باسی خەباتی چەکداری دەکرێ، زۆرجار دەگوترێ وەختی شەڕی چەکدار نەماوە، زۆرجار دەگوترێ وەختی خەباتی پێشمەرگانە نەماوە، تەنانەت ئی واهەن خەبات دەبەنە نێو ئینتێرنێت و دنیای مەجازی. لە دنیای ئێستادا ئەبەرقودرەتترین زلهێزترین دەوڵەتەکان ناتوانن بەبێ دەسەڵاتی نیزامی باڵانسی خۆیان‌و تەعامولی خۆیان لەگەڵ دنیای دەرەوە ڕابگرن. لە دەورانێکدا کە نزیک بە دووسەد دەوڵەت هەیە، هیچ دەوڵەتێک نیە کاتێک دادەمەزرێ ئەوەڵین کاری ئەوە نەبێ ئەرتەشی میلليی خۆی پێک نەهێنێ. میللەتێک لە دەورانێکدا خەباتەکەی ئێستا بە ئاکام نەگەیشتووەو نەگەیشتۆتە ئاخر مەنزڵی خۆی، هەقی خۆیەتی بۆ دیفاع لە خۆی لە هەموو میتۆدێک کەڵک وەربگرێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات هەرچەند قوربانی شەڕ بووین‌و دەزانین شەڕ چیە، ئەگەر لە داهاتووشدا بزانین شەڕی چەکداری‌و خەباتی پێشمەرگانە، تەنیا میتۆدێکە زۆر بە ڕاشکاوی ئەوە دەست پێدەکەینەوە و دەیبەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک. بەڵام هیوادارم مەنتق و عەقڵ‌و ڕێگای دیالۆگ قەت ئێمە بەرەو ئەوە نەباتەوە، چون دەزانین شەڕ بە غەیری وێرانکاری‌و بە غەیری ماڵوێرانی هیچی بەدواوە نیە. بەڵام مادام لە خەبات و تێکۆشان داین ئەو هەقە بە تەواوی بۆ خۆمان دێڵینەوە.



### خوشک و برایانی ئازیز! میوانان و دۆستانی بەڕێز!

هەموو لایەکتان بە باشی ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەن، هەمووڵایەکتان بە باشی کەم‌و زۆر لە جەریانی فورسەت و دەرفەتەکانە دا هەم کە بۆ کورد لە هەموو پارچەکان دا هەڵکەوتووە. لە ئێران‌دا هەڵبژاردنێک کرا، لە هەڵبژاردنی ڕیاسەتی جمهووری‌دا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئەگەر بە تێعدایێکی زۆریش بەشداریان لەو هەڵبژاردنەدا کردووەو سەرۆک کۆماری ئێران بە دەنگێکی زۆر بۆتە سەرۆک کۆمار. بەشی زۆری ئەو دەنگانە بە جۆرێک ناڕەزایەتییە، ئەو دەنگانە ئینتزاراتێکی زۆری لە نێو کۆمەڵگەی ئێران لە حکوومەتی داهاتوو و سەرۆک کۆمار دروست کردوە. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو باوەڕە داین دابین کردنی مافەکانی خۆمان لە ئێران، ئەگەر بە حەددی ئەقەلی زەرەر بگونجێ، بە باشترین شێوە دەبێ بیقۆزینەوە. لەو باوەڕە داین کە دەبێ لە دەرفەتەکان‌و لە مەجالەکان کە دێنە گۆڕێ، کەڵک وەربگرین. ڕووحانی لە دەسپێکردنی کارەکەی خۆی‌دا، لە سوخنڕانییەکدا کۆمەڵێک بابەت‌و مەوزوعی هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە ئێستا ئینتزارێکی زۆر لە سەرۆک کۆماری ئێران دروست ناکەین، تازە دەست بەکار بووە. ئێستا بەرنامەکەی نەکەوتۆتە نێو بازاڕ، نەکەوتۆتە نێو قەزاوەتی خەڵک. بۆیە لەو باوەڕە داین ئێمە ئیحتیات بکەین‌و چاوەڕوان بین بزانین کاری سەرکۆماری داهاتووی ئێران چۆنە، چۆن ئاوڕ لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێران بە تایبەت کێشەی کورد دەداتەوە؟ بەڵام لە هەمان کاتیش‌دا لەو باوەڕە داین کە کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، دەبێ لە هەموو مەجال‌و دەرفەتێک کەڵک وەربگرن، لە حەدی توانای خۆیان‌دا ئەوەی لە توانای خۆیان‌دایە، ئەوەی لە چوارچێوەی ئێران بۆیان عەمەلی دەبێ‌و دەگونجێ، ئەوەی لە مەجالی قانوونی‌و تەنانەت لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسی‌دا دەتوانن بیهێننە گۆڕێ، مەوزوعاتی کورد بهێننە گۆڕێ. ئێمە پەیاممان بۆ هاووڵاتییانی کورد لە نێوخۆی وڵات ئەوەیە [هەرچەند]حیزبی دێموکرات بەشی پێشمەرگەو بەشی عەلەنی‌و بەشی ئاشکرای لێرەیە، زۆربەی زۆری ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵاتن، جێگای حیزبی دێموکرات نێوخۆی وڵاتە. بۆیە ئەو خوێندنەوەیەی لە نێوخۆی وڵات لە چەندو چۆنی چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە، لەگەڵ خوێندنەوەیەک کە ئێمە هەمانە، نابێ جیاوازییەکی زۆری هەبێ. بەڵکە ئێمە لێرەو ئەوان لەوێ فەعالین‌و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە نێوخۆی وڵات هەموومان بەیەکەوە گوفتمانێکی واحید دروست بکەین. ئێمە لەو باوەڕە داین ئەوان دەبێ لە نێوخۆی وڵات گوفتمانێکی کوردی بێننە گۆڕێ. لە دانیشتن لەگەڵ لایەنەکانی دەسەڵات لە تاران، لەگەڵ کاربەدەستان، لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە تەنانەت لە دەسەڵاتدا نین، بەڵام بە جۆرێک عەلاقەیان بە سیاسەت هەیەو لە ئۆپۆزیسیۆن دان، باسی مەسەلەی کوردیان لەگەڵ بکەن، گوفتمانی کوردییان لەگەڵ بێننە گۆڕێ. پێیان بڵێن لە کەشوهەوایەکدا کە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، لایەنەکانی دیکە بەدوای چارەسەردا دەگەڕێن، کۆمەڵگەی ئێران وەدوا دەکەوێ ئەگەر نەتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکا. بە ئێرانییەکان بگوترێ کە ئەگەر فشار بۆ حکوومەتەکەی خۆیان نەیەنن و ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەر قەزیەی کورد نەبێ‌لەو کاروانە وەدوا دەکەون.

کێشەی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی تاران کێشە لەسەر مافەکانی خۆمانە. ئێمە لەسەر مافەکانی خۆمان لەگەڵ حکوومەتی تاران ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی تەعامول‌و موزاکرە بین دەچینەوە نێو ئەو سیناریۆیە. کێشەی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی تاران کێشە لەسەر کوردی سووننی نیە، کێشە لەسەر کوردی شیعە نیە، کێشە لەسەر کوردی یارسان نیە، کێشە لەسەر هەمووی کوردە بە سووننی و شیعە و یارسانەوە. بۆیە تەئکید لەوە دەکەمەوە لە کەشوهەوایەکدا ئەو باسە دێتە گۆڕی کە لە سووریەو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە عێراق‌و لە پاکستان، لە ئەفغانستان و لە هەموو دەوروبەری ئێمە شەڕێکی نەخوازراوی مەزهەبی بەینی شیعە و سووننی لە گۆڕێدا هەیە. بۆیە هاووڵاتیانی ئێمە، چالاکانی سیاسی لە نێوخۆی وڵات، لە هەموو ئوستانە کوردنشینەکان لە ئیلامەوە بگرە هەتا سنە و مەهاباد و ورمێ و کرماشان [پێویستە] تێبکۆشن نوێنەری ویست‌و داخوازییەکانی کورد بە هەموو ئایین و ئایینزاکانەوە بن و ئێمە نەچینە نێو کێشەیەکی مەزهەبی، خۆمان بە شیعە یان بە سووننی پێناسە بکەین. کورد شیعەیەو سووننی‌یەو تەنانەت ئایینەکانی دیکەشی لە نێودا هەیە.

لەکۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە وێڕای دەستخۆشی لە هەمووی ئەو ئەندامان‌و کادر و پێشمەرگانەی حیزبی دێموکرات دەکەم کە لە سەردەمانێکی زۆر سەخت‌و ناخۆش‌دا تەحەممولی دنیایەک گیروگرفت‌و موشکیلاتیان کردوە، زۆرێک لە ڕێبەرانیان تیرۆر کراون بەتایبەت دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، تووشی ژیانێکی ناخۆش لە تەبعیدا بوون. بەڵام خۆمان‌و هەموو لایەک و کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات دڵنیا دەکەینەوە کە لە ژیانی ٦٨ ساڵەی حیزبی دێموکرات‌دا زۆر هەوراز و نشێو بووە، کۆمار دەڕووخێ و ڕێبەرانی زیندانی‌و تەبعید دەکرێن. ئینقلاب دەکرێ‌و حیزبی دێموکرات دەبێتەوە بە دەسەڵات.

فەعالییەت‌و چالاکی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە و لە ژووری و لە ئاستی دیپلۆماسی‌دا، سەرەڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدا ئەو حیزبە لە پەراوێز بخا، بەڵام دیسانەکە [حیزب]لەو مەیدانەدا سەربەرز دێتەدەرێ. من دڵنیام حیزبێک هەمووی ئەوانەی تاقی کردبێتەوە، گوفتمانێکی مەسئوولانەی هەیەو بە لەحازی نەتەوەیی زۆر مەسئوولانە دەجووڵێتەوە، لە زۆر مەیدانی فەعالی ئەو بەشەدا ڕووسوورە، لە هەڵسوکەوتەکانی داهاتوو بە هیممەتی ئێوە و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات‌و هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی‌و هەمووی ئەوانەی کە لە حیزبەکەی پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندی دا کاریان کردوە و فەعالەتیان کردووە، لە داهاتوودا ئێمە جێژنی لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات لە کوردستانێک دەگرین کە ئازادە، لەو شوێنەی دەگرین کە لێی لەدایک بووە و بەیادی هەمووی ئەو دەسکەوتانەی کە کورد لە پارچەکانی دیکە هێناویەتە گۆڕێ.

ئارەزووی خۆشی‌و خۆشبەختی بۆ هەمووی ئێوە دەکەم هیوادارم پرۆژە نەتەوەییەکانی ئێمە بە بەشداریی‌و فەعالییەتی هەموو حیزبەکان سەرکەوتوو بێ، هیوادارام پەیامی سولح و ئاشتی‌و ڕێگاچارەی حیزبی دێموکرات لە نێوەخۆی ئێران گوێی پێبدرێ‌و ئەم مەجال‌و دەرفەتانەی کە دێتە گۆڕێ، لەدەستی نەدەن. هەموو لایەکمان بەیەکەوە لە ڕێگایەکی ئاشتی و هێمنانە چارەسەری کێشەی کورد بکەین و زۆر سپاس و هەر ماندوو نەبنەوە.



درێژەی:

## حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشکۆوە یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی خۆی کرەوە

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمی ٢٥ ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا ناوی ئەو حیزب‌و لایەنە سیاسی‌یانە خوێندرایەوە کە وێڕای بەشدارییان پەیامی پیرۆزباییان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ناردبوو کە بریتی بوون لە:

لقی ١١ ی پارتی دێموکڕاتی کوردستان، مەکتەبی پێوەندی‌یە کوردستانی‌یەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستان، کۆمەڵە ــ ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، مەکۆی کۆیەی بزووتنەوەی گۆڕان، لقی کۆیەی یەکگرتووی ئیسلامی، مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان، مەکتەبی سیاسیی حیزبی ئایندەی ئێران، لقی ٢٤ ی سەفینی پارتی دێموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسیی پارتی کرێکاران‌و ڕەنجدەران، مەکتەبی پێوەندی‌یە نیشتمانی‌یەکانی حیزبی سۆسیال دێموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی دێمۆکڕاتی گەلی کوردستان، لقی کۆیەی یەکیەتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان، مەڵبەندی ١٤ ی ڕێکخستنی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانی، مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێمۆکڕاتی کوردستان، حیزبی شیوعیی کوردستان قەزای کۆیە، یەکیەتیی دێمۆکراتی کوردستان ــ ئێران، ڕەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵەو بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیە.

شایانی باسە سروودی» گزینگی دا گەلاوێژ» لەلایەن کۆڕسی کۆری هونەریی حیزب، خوێندنەوەی شێعری «بۆ گەلاوێژ» لەلایەن حەسەن دانشفەڕ، گۆرانیی «هیوای دێمۆکڕات» لەلایەن کۆڕسی منداڵانی سەر بە ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گۆرانیی «عاشق مەبە» لەلایەن گۆرانیبێژان چرپەو کەریم، گۆرانیی «چ کەردی» لەلایەن بورهان جوانڕۆیی، چەند تابلۆ هەڵپەڕکێی گرووپی «شایی باران»ی منداڵان‌و هەڵپەڕکێی گشتیی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە، بڕگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ، شەست‌و هەشتەمین سالرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

کوردستان
ژمارە: ٦١٤
٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٢
٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣



گەلی کورد، ئەگەر چی لە سۆنگەی بە سەرداسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر لە گەڵ کۆماری ئیسلامی تووشی زیانو خەساری گیانیو ماڵیی گەورە بوو، بەڵام سەلماندی کە بندەستیو بێمافی قبووڵ ناکا و ئامادەیە نرخی ئازادی بدا.
کوێستان فتووحی

تاوانی کۆشتاری بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکان، نابێ لە بیر بچێتەوەو وا بە هاسانی بەسەر کۆماری ئیسلامیو رێبەرانیدا تێپەڕ بێ. هەم زۆریی ژمارەی ئەو مرۆڤانەی لەم تاوانەدا گیانیان لێئەستیندرا، هەم درەندەییو وەحشیگەریی بەڕێوەبەرانو جێبەجێکارانی تاوانەکە لە رەوتی ئەم کوشتارەدا، لە ویژدانە زیندووەکان دەخوازن نەهێڵن ئەم تاوانە لە بیر بچێتەوە.
قادر وریا

# ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی حوکمی «جیهاد»ی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان



کوێستان فتووحی

٢٨ گەلاوێژ، بیرهێنەرەوەی هێرشی نیزامیی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە. لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨خومەینی رێبەرو دامەزرینەری رێژیمی تازەی ئێران، شەڕی لە دژی خەڵکی مافویستی کوردستان راگەیاند. خومەینی بە راگەیاندنی شەڕ لە دژی گەلی کوردو ڕەوانە کردنی لەشکری نیزامیو «حاکمی شەرع»خەڵخاڵیی جەللاد بۆ کوردستان، جینایەتو تاوان لە دژی خەڵکی بێدیفاعی شارو گوندەکانی کوردستانی دەست پێکرد. کوشتارو تاوانخوڵقێنییەک کە تا ئەمرۆش بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە.

پاش فەرمانی خومەینی، لافاوی هێزی چەکداری گوێ لە مستو دەمارگرژ شانبەشانی ئەرتەشو پاسداران بەرەو کوردستان هێرشیان کرد. لە زەویو ئاسمانەوە ئاگریان بەسەر خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستاندا باراندو لە هیچ جینایەتێک دەستیان نەگێڕایەوە. پۆل پۆل لاوانی کوردستانیان وەبەر گوللە داو ئێعدام کرد. خەڵکی گوندەکان قەڵاچۆ کرانو ماڵیان بە تاڵان برا. لە زۆربەی شارەکان کۆمەڵێک مرۆڤی بێتاوان بەبێ دادگایی یان لە بێدادگای چەند چرکەییدا بە فەرمانی حاکمی شەرع خەڵخاڵی تەنیا بە تاوانی داواکردنی مافەکانی خەڵک درانە بەر گوللەو گیانیان لێسەندرا. فەرمانەکەی خومەینی، جۆرێک ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستانو بەسیج کردنی هەموو تواناکانی رێژیم بۆ هێرشبردن بۆ سەر خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بوو. لە روانگەی ناوبراوەوە حیزبی دیموکرات، بەو هۆیەوە کە لە بەرامبەر هەوڵوپیلانەکانی ڕێژیمی تازە بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنەوەی کوردستان راوەستابوو، حیزبێکی شەیتانی بوو. هەر بۆیە خومەینی ئەم حیزبەی هەڵوەشاوە راگەیاند.

هێرشکەران کە بریتی بوون لە ئەرتەش و لایەنگرانی دەمارگرژ و چەک بە دەستی رێژیمی تازە، لە هیچ جینایەتێک دەستیان نەدەپاراست. هەر چەند رۆژ دوای فەرمانەکە خەڵکی ئاوایی قاڕنێیان قەڵاچۆ کرد، لە مەلای ئاوەدانی کە بەقورئانێکەوە چووبووە پێشوازییان تا خەڵکەکە نەکوژن، هەتا منداڵی سەر بێشکە، ڕەحمیان بە کەسدا نەهاتەوەو هەر کەسیان دەست کەوت، بەگوللەو تەور گیایان لێئەستاند. جینایەتێک کە دواتر لە دەیان گوندی کوردستان دووپات بوونەوە.

هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە فەرمانی خومەینی، هەوڵێک بوو بۆ بێدەنگ کردنی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان کە داوای مافی نەتەوەیی خۆیانیان دەکردو لەلایەکی دیکەشەوە تۆڵە کردنەوە بوو لە خەڵکی کوردستان. چونکە خەڵکی کوردستان هەر لەسەرەتاوە لە بارەی ئەو ڕێژیمەوە بە هەڵە نەچوونو فریویان نەخوارد. هەر بۆیە کاتێک لە خاکەلێوەی ١٣٥٨ڕێفراندۆمی گشتی بۆ دیاریکردنی جۆری نیزامی داهاتووی ئێران بەڕێوە چوو، بەو هۆیەوە کە نەیاندەزانی ئەو «کۆماری ئیسلامی»یەی خومەینی دەیەوێ دەنگی خەڵکی بۆ وەربگرێ چ جۆرە ناوەرۆکێکی هەیەو چ مافێکی بۆ خەڵکی کوردستانو نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێیە، بەشدارییان تێدا نەکرد. ئەمەش شتێک نەبوو خومەینی چاوپۆشیی لێبکا. هەربۆیە شەڕێکی خوێناویی لەژێر ناوی دین لە گەڵ ئەم نەتەوەیە دەست پێکرد.

فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی بوو بە سەرەتای شەڕێکی نابەرامبەر دژی هێزە سیاسییەکانو خەڵکی کوردستان. ئەو خەڵکەو هیزە سیاسییەکان، یا دەبا تەسلیمی کۆماری ئیسلامی ببانو ملیان بۆ ستەمو دەسەڵاتی جەهەننەمیی ئەو رێژیمە شۆڕ کردباو بەردێکیان لە سەر داخوازە نەتەوەییەکانیان دانابا، یا لە بەرابەر ئەم وەحشیگەرییەی ڕێژیمی تازەبەدەسەڵات گەیشتووی ئێران، ڕاوەستابانو سەربەرزانە داکۆکییان لە ئازادیی خۆیان کردبا. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانو لە پێشەوەی ئەوان هێزە سیاسییەکان، ئازایانە دیفاعیان لە دەسکەوتەکانیان کردو لە بەرامبەر زۆرو زۆرداری دا ڕاوەستان.

خومەینیو دارودەستەکەی بە تەواوی توانایانەوە هێرشیان کردە سەر کوردستانو بە هەزاران مرۆڤی ئازادیخوازیان لەخوێن گەوزاند، دەیان کارەساتی وەک قاڕنێو قەڵاتانیان خولقاند، خەڵکیان ئاوارەو دەربەدەر کردو ماڵو حاڵی خەڵکیان بەتۆپ و بۆمبو کاتیوشا وێران کرد، ئەگەر شۆڕشگێرانیان پۆل پۆل بەرەو مەیدانەکانی ئێعدام بردو گیانیان لێسەندن، هەر بۆ ئەوە بوو کە بتوانن دەنگی ئازادیخوازیو مافخوازیی خەڵکی کوردستان کپ بکەنو ئەو خەڵکە بۆ هەمیشە واز لە مافەکانیان بێنن. بەڵام لەوە غافڵ بوون کە کوردستان،ئەم سەنگەرەی ئازادیخوازی بەم کردەوانەی ئەوان خۆڕاگرتر دەبێ و خەڵکە مافخوازەکەی لە سەر داواکانیان سوورتر دەبن. شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستانو بەربەرەکانیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ ستەم و زۆردارییەکانی ئەو ڕێژیمە، سەرەڕای تێپەڕین بە قۆناغی جۆراوجۆر دا هەر وا بەردەوامەو بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

لە پێوەندی لە گەڵ شەڕێک دا کە کۆماری ئیسلامی بە فتوای خومەینی بە سەر کوردستانیدا سەپاند، زۆر جار لێر و لەوێ، هێندیک ڕەخنەگر، گەلی کوردو هێزە سیاسییەکانی بە پەلە کردن لە ڕاوەستان بەرامبەر بەو ڕێژیمەو زوو دەستبردن بۆ چەک، تاوانبار دەکەنو وەباڵی ئەو هەمووە خوینرژانو ماڵوێرانییە، دەدەنە پاڵ ملی هێزە سیاسییەکانی کوردستان. ئەوان بە پێویستیشی نازانن ولامی ئەو پرسیارە بدەنەوە لە شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئەو نەتەوەو هێزە سیاسییانەی کە کە لە ریفراندۆم بەشدار بوونو دەنگیان بەو ڕێژیمەدا هیچ کاتیش دەستیان بۆ بەرگریی چەکدارانە نەبرد، کۆماری ئیسلامی چ داوایەکی لێقبوول کردنو چ مافێکی پێدان؟ بۆ چی هەر کە ئەورێژیمە دەرفەتی بۆ هەڵ کەوت، کەوتە گیانی ئەوانیشو لە کوشتنی رۆڵەکانیانو تیکۆشەرانیان دریغی نەکرد؟ پاشان ئەگەر کورد بە چەک بەرەوڕووی هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی نەبایەوە، ئایا ڕێگایەکی دیکە بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکانو داکۆکیلێکردنیان هەبوو؟ دەرەتانی پێکهینانی حیزبو ڕێکخراوی سیاسیو ئیمکانی هەڵبژاردنی ئازادو ناردنی نوینەری راستەقینەی خەڵک بۆ پارلمان و خەباتی پارلمانی هەبوو؟ میدیای ئازاد هەبوو؟ ئازادیی تیکۆشانی سیاسی هەبوو؟

گەلی کورد، ئەگەرچی لە سۆنگەی بە سەرداسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر لە گەڵ کۆماری ئیسلامی تووشی زیانو خەساری گیانیو ماڵیی گەورە بوو، بەڵام سەلماندی کە بندەستیو بێمافی قبووڵ ناکا و ئامادەیە نرخی ئازادی بدا. بە هۆی ئەم خۆڕاگریو قوربانیدانو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەش کە لە کوردستان هەیە، پلەی ئاگاییو وەخۆهاتنەوەی سیاسیو نەتەوەیی بەرەوژوور چووەو وزەو پوتانسیەلو توانایەکی بە هێز بۆ بەردەوامیی خەباتو تێکۆشانی ئازادیخوازانەو ڕزگاریدەرانە، بەرهەم هاتوە.



خاڵێکی دیکەش کە لە ٣٤ ساڵەی داسەپانی شەڕ بە سەر خەڵکی کوردستان دا جێگای وەبیرهێنانەوەیە، رۆڵو نەخشی ئەو هێزانەیە کە بەردەوامیی چەندین ساڵ خۆراگریی کوردستان، بەرهەمی خەباتو خۆ بەختکردنی ڕیبەران، تێکۆشەران، کادرەکان، پێشمەرگەکانو ئەندامانو لایەنگرانی ئەوان بووە، بە تایبەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە نزیکەی ٥٠٠٠ کەس لە باشترینو بەوەجترین رۆڵەکانی لە خەبات لە گەڵ ئەو ڕێژیمەدا لە دەست داوە. ئەم رۆڵە جێی شانازییە، رەگو ڕێشەی ئەم حیزبەی بردۆتە نێو ناخی دڵی نەتەوەی کورد و بە پانایی کوردستاندا بڵاوی کردۆتەوە.

ئەگەر کوردستان، ساڵانێک تەنیا بە خۆڕاگریی چەکدارانە داکۆکی لەمانو مەوجوودییەتی خۆی کردوە، هی ئەو راستییە بووە کە ڕێگایەکی دیکەی لە بەر دەم دا نەبووە. بێگومان ئەگەر بەستێنسازی بۆ دروستبوونی شێوەکانی دیکەی خەبات بە تایبەتی خەباتی مەدەنیو خەباتی جەماوەری بکرێ، دەکرێ بۆشایی نەبوونی خەباتی چەکداری لە کوردستان بەو شێوە خەباتانە پڕ بکرێتەوە. ئەم بەستێنسازییەش ئەگەر لە لایەکەوە پێوەندیی بە کەشوهەوای سیاسیی وڵاتەوە هەیە کە هەر وەک ڕابردوو داخراوە، لە لایەکی دیکەوە بەستراوەتەوە بە بایەخپێدانی هێزو لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستانو بە تایبەتی کەسانێک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە لە خەباتو تیکۆشانی هێمنانەدا بەشدارنو هەوڵ دەدەن لەو ڕیگایانەوە داخوازەکانی خەڵک بەرنە پێش.

### ئاکام:

نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نابێ فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی لە دژی خۆی لەبیر بکا. پێویستە بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانی چەندین ساڵ شەڕی نابەرامبەری کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد کۆ بکرێنەوە. پێویستە ئەو هێزانەو ئەو کەسانەو ئەو خەڵکەی ڕۆڵیان لەو خۆراگرییە پڕ لە قوربانیدانەدا هەبووە، بە تایبەتی ئەو بنەماڵانەی عەزیزانیان لە شەرو بەرگری لە گەڵ هێرشکەرانی کۆماری ئیسلامیدا لە دەست داوە یا تووشی کەم ئەندامی بوون، ڕیزیان لێبگیرێ. دەبێ زیاتر تیشک بخرێتە سەر ئەو راستییەش کە ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو شەڕی بە خەڵکی کوردستان فرۆشت بۆ ئەوەی بە ناحەق، کەسانێک کە بەرگریی ڕەوای نەتەوەی کورد نەبەنە ژێر پرسیار. لە گەڵ هەمووی ئەوانەشدا دەبێ هەوڵ بدرێ ڕێگاو شێوازی نوێتر و هەر لەوکاتەدا کەم هەزینەتر بۆ بەربەرکانی لە گەڵ ستەمو زۆرداریی کۆماری ئیسلامیو بەدەستهینانی مافە نەتەوەییەکان، بدۆزرێتەوە.



دریژەی:

# ٢٥ ساڵەی کوشتاری بەکۆمەڵی بەندییە سیاسییەکان

### چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی تاوانەکە

تاوان لە دژی بەندییە سیاسییەکان، بە دوای فەرمانێکی خومەینی لە سەرەتاکانی مانگی گەلاویژی ١٣٦٧، کەوتە واری جیبەجیکردنەوە. لەو حوکمەی خومەینیدا هاتبوو «هەموو ئەو کەسانەی لە بەندیخانەکانی سەرانسەری وڵاتدا لە سەر هەڵوێستی خۆیان پێیان داگرتووە و پێ دادەگرن، مەحکووم بە ئێعدامن. تەشخیسدان لەم بارەیەوە لە تاران بە دەنگی زۆرینەی ئاغایان نەیێری (قازیی شەرع)و ئیشراقی (دادستانی تاران)و نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات (پوور محەممەدی)و لە شارستانەکانیش بە دەنگی زۆرینەی قازیی شەرع، دادستانی شۆڕشو نوێنەری ئیتلاعاتە.» هەروەها گوتبووی «بەزەییهاتنەوە بە موحاربین ساویلکەییە. هیوادارم بە کینەو تووڕەیی شۆڕشگێڕانەی خۆتان، ڕەزامەندیی خوای تەعالا بەدەست بێنن.» لە وڵامی پرسیارەکانی ئەحمەدی کوڕیشی لە پێوەندی لە گەڵ ئەو کەسانەی کە پێشتر موحاکمە کراون یا هێشتا موحاکمە نەکراون بەڵام هەر وا لە سەر هەڵویستی خۆیان سوورن، نووسیبووی «لە هەموو حاڵەتەکان دا، ئەوانەی لە سەر هەڵوێستی خۆیانن، حوکمیان ئێعدامە.»

بە دوای ئەو فەرمانەدا، هەلومەرجێکی تایبەتی لە بەندیخانەکان زاڵ کرا. ملاقاتەکان، وەستێندران، تەلەڤیزیۆن لە بەندەکان کۆ کرانەوە، بەندییەکان لێکجیا کرانەوەو هەیئەتە تایبەتەکان کەوتنە پرسیارکردن لە بەندییەکان. نەک هەر پێداگری لە سەر هەڵوێست، تەنانەت ئامادەنەبوون بۆ بەشداری لە ئێعدامی هاوبەندی هاورابردوو، یا ملنەدان بۆ نوێژ کردن و...سزای ئێعدامیان بە دوا دا دەهات. بەم جۆرە وێڕای هەزاران ئەندامی رێکخراوی موجاهیدین، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی رێکخراوە چەپەکان و تیکۆشەرانی سەر بە حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، لە ماوەی مانگەکانی گەلاوێژ، خەرمانانو رەزبەر، گیانیان لێستێندرا. کوشتارەکە ئەوەندە بەربڵاو بوو کە بەهەڵاوەسین، دەرەقەت نەدەهاتنو بە گوللەباران و ئەنجنئەنجنکردن، کەوتنە قەڵاچۆی بەندییەکان. بۆ شاردنەوەی ئاسەواری ئەو هەمووە تاوانەش، تەرمی ئێعدامکراوەکانیان لە چۆلگەو شوێنە دوورەدەستەکان فڕێ داو بە کەوچک (بێڵی مەکانیکی) سەریان داپۆشین.

### ڕەهەندەکانی تاوانی قەڵاچۆی بەندییە سیاسییەکان

تاوانی کۆشتاری بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکان، نابێ لە بیر بچێتەوەو وا بە هاسانی بەسەر کۆماری ئیسلامیو ڕێبەرانیدا تێپەڕ بێ. هەم زۆریی ژمارەی ئەو مرۆڤانەی لەم تاوانەدا گیانیان لێئەستیندرا، هەم دڕەندەییو وەحشیگەریی بەڕێوەبەرانو جێبەجێکارانی تاوانەکە لە رەوتی ئەم کوشتارەدا، لە ویژدانە زیندووەکان دەخوازن نەهێڵن ئەم تاوانە لە بیر بچێتەوە. ئەوانەی گیانیان لێئەستێندرا، هەڵگرانی بەرزترین ئاواتو ئامانجەکان بوون. سەرەرای جیاوازیی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانیانو ئەو ئیدئۆلۆژیو باوەڕانەی هەیانبوو، تەنیا ئازادیو دادپەروەرییان بۆ خەڵکی وڵاتەکەیان دەویست. ئەوان یا چالاکانو تێکۆشەرانی سیاسیی خاوەن رابردوو و ناسراو بوون کە تەنانەت لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییشدا لە سۆنگەی دژایەتیی ستەمو دیکتاتۆری، لە بەندیخانە یا لە دەربەدەریدا بوون، یا ئەو کچو کوڕە لاوانە بوون کە لەو پەڕی خۆنەویستیو بە خۆشەویستیی خەڵکو ولاتی خۆیان، چووبوونە ڕیزی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان. ئەو کاروکردەوانەش کە لە سەریان گیرابوونو بەند کرابوون، نەک هەر شایانی ئەوە نەبوون لەسەریان ئێعدام بکرێن، هەر لە جێدا ئەگەر لە وڵاتێکی ئازادو دیموکراتیک ژیابایەن، ئەم کارو چالاکیانە، وەک سەرەتاییترین مافی ئەوان سەیریان دەکرا. زۆربەی زۆری ئەوانەی لە بەندیخانەکان بوون، تاوانیان لایەنگریو کارو چالاکیی سیاسیو تەبلیغاتی بە قازانجی ئەم یا ئەو حیزبو ڕێکخراوی سیاسی بوو نەک کارو چالاکیی نیزامی کە دیارە بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانەش لە گەڵ هێزی سەرکوتو جینایەت، لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەک یاساو پێوانەی ئینسانی زاڵ بن، سزاکەیان ئەم جۆرە موحاکەمە کردنو لە نیوبردنە نیە.

ژمارەی ئەو کەسانەی لە ڕەوتی ئەو تاوانەدا گیانیان لێئەستێندرا، هێشتا بە تەواوی روون نییە. چونکە کۆماری ئیسلامی ئەو تاوانەی لە بێدەنگیدا ئەنجام دا. نە هەواڵی موحاکەمەو بە سزاگەیاندنەکانی بڵاوکردەوە، نە تەرمی قوربانییەکانی دایەوە بە بنەماڵەکانیان، نە شوێنی بە خاکسپاردنی تەرمەکانیانی ئاشکرا کرد. دواتریش هیچ کات ئامارێکی لە کۆی ئەو کەسانەی لە هاوین و پاییزی ١٣٦٧ دا گیانی لێئەستاندن بڵاو نەکردەوە. بەڵام زانیاریو بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەکانی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، کەسوکاری قوربانییەکانو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران لە ٢٥ ساڵی رابردوودا، دەری دەخەن کە ٢٥٠٠ تا ٥٠٠٠ بەندیی سیاسیی لەو تاوانە دا گیانیان لێ ئەستێندرا.

ئەو کارانەی دەبێ لە پێوەندی لە گەل ئەم تاوانەدا بکرێن لە ماوەی ٢٥ساڵی رابردوودا، بە هەوڵی بنەماڵەی قوربانییەکان، کەسانێک کە لەم کوشتارە رزگاریان بووە، و کۆمەڵێک ناوەندو کەسایەتیی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، پەروەندەی ئەو تاوانە گەورەیە، لە ویژدانەکاندا زیندوو راگیراوە. باسەکە، لە چوارچیوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی دەرەوەی وڵات چۆتەدەرو سەرنجی ناوەندە مرۆڤدۆستەکانی وڵاتانی ئوروپاییشی راکێشاوە. لە راپۆرتو بەڵگەنامەکانی ناوەندە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، تا رادەیەک رەنگدانەوەی هەبووە. هەوڵ دراوە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو تاوانە، بە دۆکیۆمێنت بکرێنو بیرورای گشتییان لێئاگادار بکرێتەوە. یەک لەو کارە بە نرخو جێگای ڕێزلێگرتنانە، تریبونالێکە کە بۆ لەقاودانی رەهەندەکانی ئەو تاوانەو موحەکەمەکردنی بەڕیوەبەرانو ئەنجامدەرانی کوشتاری بەندییە سیاسییەکان چەند ساڵێکە لە پێتەختو شارەگەورەکانی ڕۆژاوا بەڕێوە دەچێ. لە نێوخۆی وڵاتیش، دایکو خوشکو کچو کوڕو باوکو برای ئێعدامکراوەکان، بە بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدەکانیان بە تایبەتی لە گۆڕستانی خاوەران (کە تەرمی ژمارەیەکی زۆر لە قوربانەکانی ئەو کوشتارە لەوێ شاردراونەوە)، نەیانهێشتوە ئەم تاوانە لە بیر بچێتەوە. بەو حالەش، هێشتا زۆر ناڕوونی لە بارەی چەندو چۆنی ئەم تاوانە هەن، زۆر بەڵگە ماون کە کۆبکرێنەوە. هێشتا شوێنی بەخاکسپێرانی زۆر لە قوربانییەکان ونە. هێشتا تاوانبارانی ئەوتۆ هەن کە پەردە لە سەر رابردووی رەشیان لا نەدراوە. هێشتا زۆر بەسەرهاتو چیرۆکی تاڵ لە بارەی چۆنیەتیی کوشتنی ئەو ئازیزانە هەن کە نەگێڕدراونەوەو نەنووسراون. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر هێشتا ئەو گوشارە جیهانییە دروست نەبووە کە بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بکا، دان بە ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا بنێو بەرپرسایەتیی ئەنجامدانەکەی بگرێتە ئەستۆ. پاشی ٢٥ ساڵ، هێشتا بەڕێوەبەرانو جێبەجێکارانی تاوانەکە لەو ڕێژیمەدا مەیدانداری دەکەنو لە جیاتی چوونەپەرواێزو خۆشاردنەوە، بە رووهەڵماڵاوییەوە، و بە دروشمی خەڵکخەلەتێنانە، دێنەوە ناو چەقی سیاسەتو کاروباری کۆماری ئیسلامی. نموونەکەیان مستەفا پوورمحەممەدی یەک لە ئەندامانی کۆمیسیۆنی مەرگ لە ساڵی ١٣٦٧ دایە کە ئێستا سەرکۆماری نوێ، ئاغای رووحانی هەر وا بزانە بۆ گاڵتەکردن بە دادو دادپەروەری، بە ناوی وەزیری دادگوستەری هێناویەتە نێو کابینەکەی! بە کورتی هێشتا زۆری ماوە بۆ ئەوەی حەق بە حەقدار بگا و بەڕێوەبەرانی ئەم تاوانە، بکێشرێنە بەردەم دادگا و لێپرسینەوە. هەر بۆیە هەوڵێکی هەموو لایەنەو گشتی، لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات پێویستە بۆ ئەوەی پەروەندەی ئەو تاوانەو کوشتارەکانی پێشترو دواتری بەندییە سیاسییەکان، وەک کەیسی تاوان دژی مرۆڤایەتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، وەگەڕ بکەوێ.

لە ٢٥ ساڵەی شەهیدکرانی چەند هەزار بەندیی سیاسی گەلانی ئێراندا، جێی خۆیەتی وێڕای سڵاو و ڕێز بۆ قوربانییەکانی ئەو تاوانە گەورەیە و هاودەردی و هاوپێوەندی لە گەڵ بنەماڵەکانیان، بە پێزانینەوە یادی هەوڵ و تێکۆشانی ئەو کەسایەتی و ناوەندە مرۆڤدۆستانە بکەینەوە کە نەیانهێشت ئەم تاوانە، بێدەنگەی لێ بکرێ. بە تایبەتی جیی خۆیەتی بە ڕێزەوە باسی هەڵوێستی بوێرانەی ئایەتوڵڵا مونتەزیری بکرێ کە بێگوێدان بە مەترسی وئاکامەکانی کارەکەی، یەکەم کەس بوو کە لە نێوخۆی نیزام دا لە توێی نامەنووسین بۆ خومەینی، کوشتار لە نێوزیندانەکانی ئێرانی لەقاو دا و ناڕەزایەتیی خۆی لەم تاوانە راگەیاند.

## یادکردنەوەی ٢٥ی گەلاوێژ لە تۆرۆنتۆی کانادا

یادی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی کانادا کرایەوە.
رۆژی یەکشەممە، ٢٧ ی گەلاوێژ، لە شاری تۆرۆنتۆی کاناداو بە بەشداریی چەند حیزبو لایەنی سیاسیو جیم کاریگیانیس ئەندام پارلەمانی کانادا رێوڕەسمی یادەوەرەی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەرێوە چوو.
لەو رێوڕەسمەدا کە بە سرودی نەتەوەیی ئەی رەقیبو دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدان دەستی پێ کرد، حەسەن حاتەمی ئەندامی رێبەری حیزب باسێکی کورتی لە سەر ٢٥ گەلاوێژ و چۆنیەتی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو سیاسەتیو مێژووی حیزبی دێموکرات پێشکێش کردو، پاشان پەیامی حیزبو رێکخراوەکانی بەشدار بەو بۆنەیە خوێندرانەوە .لە برگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا جیم کاریگیانیس، ئەندام پارلەمانی کانادا لە سەر لیستی حیزبی لیبراڵی ئەو وڵاتە وتەیەکی پێشکەش کرد کە جێگای سەرنجی بەشداربووانی مەراسیمەکە بوو. شایانی باسە لە کۆتاییشدا بەشداربوان بە شاییو هەڵپەڕکێ خۆشحاڵیو شادیی خۆیان بۆ ئەو بۆنە پیرۆزە دەربڕی.

# کۆنگرەی نەتەوەییو پەیامی ئاشتی



ڕەحمان پیرۆتی

لە دانیشتنی سەرەتایی بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، ئاشتی وەکوو پەیامی سەرەکی ئەو کۆنگرەیە راگەیەندرا. پەیامێک کە جەخت لەسەر گوتاری ئاشتیخوازانەی بزوتنەوەی کوردو هەروەها پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ نەتەوەو دەوڵەتە هاوسنوورەکانی کوردستان دەکاتەوە.

ئەو پەیامە لە ئێستادا بۆ سێ بەشی کوردستان بایەخی تایبەتی هەیە. لە باکوور، پەیامی ئاشتیو دەرهاویشتەکانی کار لەسەر سەرکەوتنی ئەو پرۆسە سیاسییە دەکا کە لەو چەند ساڵەی دواییدا لە ژێر کاریگەریو هاوئاهەنگی خەباتی شاخو شار توانیویەتی چەند قۆناغێکی سەرەتایی بۆ تواندنەوەی بەستەڵەکی شەڕ ببێوێ. لە بەرامبەردا، دەوڵەتی تورکیەش بۆ رازی کردنی رای گشتی وڵاتەکەیو کەمرەنگ کردنەوەی بانگەشە شەڕخوازانەکانی پێشووی، پشتی پێ ببەستێ. بە تایبەت ئەوەی کە، تورکیە پشتیوانی لەهەر هەنگاوێک دەکا کە داماڵینی چەک لە شانی گریلای پەکەکەی لێبکەوێتەوە یان هێزەکانی ئەو حیزبە لە یەک یان چەند بنکەی دیاریکراو لە دەرەوەی سنوورە جوغرافیاییەکانی ئەو وڵاتە کۆبکاتەوە.

پەیامی ئاشتی لە هەرێمی کوردستانیش، بە تایبەت دوای زەقتر بوونەوەی کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکان کاریگەری زۆری لەسەر رای گشتیو هەڵسوکەوتی لایەنەکان دەبێ. لە دنیای دەرەوەشدا، دڵنیایی تەواوی داوەتەوە وڵاتانی پەیوەندیدار بە پرسی کورد کە ئەو کۆنگرەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی ئەو وڵاتانە نابێ. بەستنی ئەو کۆنگرە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە ئەو پەیامەش بە سێ وڵاتی ئێران، تورکیە و سووریەو هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەدا کە هەولێر توانای کۆکردنەوەو ئاراستەکردنی هێزی کوردی لە هەموو بەشەکان هەیە. عێراقیش روانگەی خۆی ئاشکرا کردووەو تەنیا مەرجی ئەوەیە کە باسی سەربەخۆیی تێدا زەق نەکرێتەوە.

پەیامی ئاشتی لە ئێستادا دەتوانێ دۆخی کورد لە رۆژئاوا بگۆڕێ. لە قۆناغێکدا کە بزوتنەوەی کورد لەو پارچەیە دەیتوانی بە هاوئاهەنگیو هاوکاری نێوماڵی خۆی رێک بخاو خەڵکی کوردستان لە ئاگری شەڕ لە سووریا بپارێزێ، تا ململانێی هێزە سیاسییەکان لە رۆژئاوای کوردستان درێژەی هەبێ، رەوشی سیاسی لە رۆژئاوا جێگیر نابێو لە قۆناغی گەیشتن بە خۆبەڕێوەبەری دوور دەکەونەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ کۆنگرەی ئاشتیو تەبایی کورد بێ، چونکە گەورەترین دەرفەت دەخولقێنێ لەبەردەم هەموو ئەو هێزو لایەنانە کە چیدیکە بە هۆی بەرژەوەندی خۆیان شەڕی یەکتر نەکەن و لەسەر نەهێشتنی ناکۆکییەکان بەشداری هەموو لایەنەکان لە پرۆسەی خەبات بۆ رزگاری، هەڵسوکەوتی رەوا و رێز لە یەکتر گرتن رێککەون.

ئەوەی کە تا ئێستا دیارە، لە بەرنامەی کار و بڕیارەکانی کۆنگرەی نەتەوەییدا، پرسی پشتیوانی لە پێشوەچوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێ. ئەوەش دەتوانێ چەند هۆکاری سەرەکی هەبێ. یەکەم، بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات لە ئێستادا بە هۆی ناکۆکی و بڵاوی هێزو لایەنەکان هێزو وزەی دابەش بووە هەر بۆیە بە شێوەی پێویست ناتوانێ کاریگەری لەسەر رەوتی رووداوەکانی کوردستان یان ئێران هەبێ. دووەم، ئەو کۆنگرە لە قۆناغێکدا نەگیراوە کە پرسی کورد لە رۆژهەڵات گۆرانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا هاتبێ. سێیەم، حیزبو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵات پێش دانیشتنی سەرەتاییو لە قۆناغی وتووێژی لایەنەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی کۆنگرە پرس و رایان پێنەکراوە و پەراوێز خراون.

بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات لە کاتێکدا خەریکە پەیامی ئاشتی بۆ دەخوێندرێتەوە کە بەردەوام جەوهەری پەیامەکەی ئاشتیخوازی بووە. نەک هەر بۆ رۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش زیاتر لە بەشی خۆی هەزینەی داوە. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە پەیامی کۆنگرە رەنگدانەوەی خواستو ئیرادەی ئەندامانی کۆنگرەیەو هەروەها گەورەترین کاریگەریش لەسەر بڕیارەدان دادەنێ، پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کە پەیامی ئاشتی چ کاریگەرییەکی لەسەر پێشوەچوونی پرسی کورد لە رۆژهەڵات دەبێ. بۆ بزوتنەوەیەکی رزگاریخواز کە خاوەنی هێزی چەکداریش بێ، هیچ حاڵەتێک لەوە ئاشتیخوازتر بەدی ناکرێ کە بیهەوێ لە رێگەی خەباتی سیاسی، پشتیوانی لە رەوتی مەدەنیو چالاکی میدیایی بە ئامانجەکانی بگات. هەر وەکوو ئەوەی کە ئێستا حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە کەمو زۆر پێیوە خەریکن. لە بەرامبەریشدا، کۆماری ئیسلامی ئێران لە بنەڕەتدا خاوەن ئەو ئیستعداد و توانایە نییە کە مل بۆ رێگەچارەی ئاشتییانە بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کورد راکێشێ.

وێڕای ئەوەی کە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بە بەشداری نوێنەرانی لایەنە سیاسیو مەدەنییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان گرینگ و پێویستە، بەڵام پەراوێز خستنی ئیرادەی سیاسی پارچەیەکی کوردستان لە پەیامی سەرەکی کۆنگرەدا ئیرادێکی گەورەیە. بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات دەبێ خاوەن گوتاری سیاسی خۆی بێو داهاتوو و ئەگەری هاتنەپێشی قۆناغە جیاوازەکانی لەبەر چاو بێت. هیچ شێوازێکی خەباتی بەسەردا فەرز یان لێی قەدەغە نەکرێ. هەروەها ئەو پەیامەی پێ بێ کە هاوپێوەندی نەتەوەیی و پاراستنی دەسکەوتەکان لەسەر شانی بزوتنەوەی پارچەیەک قورس دەکەوێ و بۆ هەمیشە خۆی پێڕاناگیرێ.



**بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات لە کاتێکدا خەریکە پەیامی ئاشتی بۆ دەخوێندرێتەوە کە بەردەوام جەوهەری پەیامەکەی ئاشتیخوازی بووە. نەک هەر بۆ رۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش زیاتر لە بەشی خۆی هەزینەی داوە**

# مەرجی سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی



حوسێن ئەحمەدپوور

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد سەرکەوتوو دەبێ، ئەگەر بە تەنیا ئەم چەند بڕیارەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەم بە کۆی دەنگ پەسند بکرێ.

بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەوە بڵێم کە کورد مێژوویەکی لێوانلێو لە ناکۆکیو شەڕی ناوخۆو دووبەرەکی هەیەو ناکۆکییەکانیش تا ئێستا هەروا بەردەوامن. لەم نووسینە کورتەدا پێویست با باسکردنی ئەو هەموو ناکۆکییەی ئێستا ناکاو بۆ رای گشتی ئاشکرایە. بەڵام بە باوەڕی من بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکە دەبێ ئەم ناکۆکیانە لە بەرچاو بگیرێن و هەموو لایەنەکان واقعبینانە و ژیرانە بجووڵێنەوە. هەر بۆیە پێویستە لە کۆنگرەکەی ئەم ساڵدا کەمتر باس لە خاڵە جیاوازەکانو کێشەخوڵقێنەکان بکرێنو زیاتر لە سەر خاڵە هاوبەشەکان قسە بکرێن و بڕیار بدرێن. کۆنگرەی نەتەوەیی ئاواتی دەیان ساڵەی هەموو کوردە و نابێ ئیزن بدەین ئەم کۆنگرەیە خۆی ببێتە هۆکاری دووبەرەکیو ناکۆکی و رای گشتی کورد لەم هەنگاوە پیرۆزەدا تووشی بێ هیوایی بکەین. لە بەرمبەردا دەکرێ بە چەند بڕیارێکی سادە بەردی بناغەیەکی پتەو بۆ ساڵانی داهاتوو دابین بکەین. ئەم چەند بڕیارە سادەیە کامانەن کە جێگەی پەسندی هەموو لایەنەکانە و یان دەکرێ بە ئاسانی رێککەوتنی لە سەر بکرێ؟

### بڕیارە ئەساسنامەییەکان

١: کۆنگرە هەموو ساڵێک یان هەر دوو ساڵ جارێک بەڕێوە بچێ.

٢: دانانی دەبیرخانە یان سکرتارییەتێکی هەمیشەیی بۆ کۆنگرە کە ئەو دەبیرخانەیە ئەرکدارە بە پێی بڕیارەکانی کۆنگرە، دانیشتنەکانی داهاتوو بەرێوە ببا.

٣: ئەو دەبیرخانەیە، دەبیر یان سەرۆکێکی دەبێ کە ئەرکی هەماهەنگی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرچوار بەشی کوردستانی دەکەوێتە ئەستۆ و بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردەوە دەتوانێ لەگەڵ وڵاتانی دیکە قسە بکا. دەبیر یان سەرۆکی کۆنگرە هەر یەک ساڵ یان دوو ساڵ جارێک دەگۆڕدرێ و هەر جارێکیش لە یەکێک لە بەشەکانی کوردستان دەبێ.

٤: سەرۆک سێ جێگری هەبێ و سەرۆک لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێ دەبێ سێ جێگرەکەی لە پارچەکانی دیکە بێ.

٥: دەبیرخانە وتەبێژێکیش دەبێ

٦: ئەندامانی دەبیرخانە پێک دێن لە ٦ نوێنەری باکووری کوردستان و ١ نوێنەری کوردانی دەرەوەی وڵات و ٥ی رۆژهەڵاتی کوردستان و ٥ی باشووری کوردستان و ٤ی رۆژئاوای کوردستان.

٧: دەبیرخانەی کۆنگرە خۆی ئاییننامەی ناوخۆی خۆی بۆ بەڕێوە بردنی پەسند دەکا.

### بڕیارە بەرنامەییەکان

١: هەموو ئەندامانی کۆنگرە و هەموو هێزە سیاسییەکانی بەشدار لە کۆنگرە بە کۆی دەنگ بڕیار بدەن و سوێند بخۆن کە لە ئەگەری هەرچەشنە ناکۆکی و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەک، لە دژی یەکتر، پەنا بۆ توندوتیژی و شەڕی یەکتر کردن نابەن و تەنیا بە رێگای دیالۆگ کێشەکانیان چارەسەر دەکەن. بە کوردی رشتنی خوێنی کورد بە دەستی کورد حەرام بکەن.

٢: سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب کەمتر لایەنێک کێشەیان لە سەری هەیە، ئەم سرووده لە کۆنگرەی نەتەوەییدا وەک سروودی نەتەوەیی بە کۆی دەنگ پەسند بکرێ. ئەگەریش لە کۆنگرەدا کێشەی لە سەر دروست بوو بڕیار بدرێ و لێژنەیەک پێک بێ کە تا کۆنگرەی داهاتوو ئامادەکاری بۆ دیاری کردنی سروودێکی نەتەوەیی بکرێ کە هەموو کورد وەک سروودی نەتەوەیی قەبوڵی بکا.

٣: پەسند کردنی ئاڵای کوردستانیش بە هەمان شێوەی سروودی نەتەوەیی. دیارە هەر ئێستا لە سەر ئاڵای کوردستان تا رادەیەک کێشە هەیە. بەڵام باشترین رێگە ئەوەیە کە لێژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە لە کەسانی پسپۆر دیاری بکرێن. هێما سەمبوولیکەکانی وەک ئاڵاو سروودو... یارمەتییەکی گەورەن بۆ دروست بوونی یەکیەتیی ریزەکانی گەلی کوردو پێویستە لە ماوەیەکی کورتی یەک یان دوو ساڵەدا بڕیاری لە سەر بدرێ و کۆنگرەی نەتەوەیش باشترین مەرجەعە بۆ ئەوەی وەها بڕیارێک بدا.

٤: بڕیاری هاوکاری کردنی بەشێکی کوردستان لەلایەن بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە لە کاتی پێویستدا، ( بۆ وێنە رۆژئاوای ئێستا) دەبێ لەلایەن دەبیرخانەی کۆنگرەوە بدرێ و هەموو لایەنەکانیش پێیەوە پابەند بن. بۆ وێنە بۆ دۆخی ئێستای رۆژئاوای کوردستان ئەگەر باس لە پێویستی هاوکاری ئینسانی و سەربازی دەکرێ، ئەوا پێویستە ناوەندێکی شەرعی وەک سکرتارییەتی کۆنگرەی نەتەوەیی وەها بڕیارێک بدا نەوەک هەر هێزێک لەلایەن خۆیەوە بڕیار بداو ناکۆکیو دووبەرەکی لێ بکەوێتەوە.

٥: دامەزراندنی میدیایەکی نەتەوەیی کە بە زمانەکانی ئینگلیزیو تورکیو عەرەبیو فارسی وەشان بکاتو لە ژێر چاوەدێری لێژنەیەکی سەر بە دەبیرخانەی کۆنگرە بەڕێوە بچێ.

**پێویستە لەم کۆنگرەیەی دەسپێکدا کەمتر باس لە خاڵە جیاوازەکانو کێشەخوڵقێنەکان بکرێنو زیاتر لە سەر خاڵە هاوبەشەکان قسە بکرێن و بڕیار بدرێن.**

٦: پاراستنی رەوا «دفاع مشروع» مافی هەر گەلێکەو خەباتی چەکداری هێزە سیاسییەکانی کورد تا ئێستا هەر لەو جوارچێوەیەدا بوون.

ئەگەر بڕیارە سیاسییەکان لەم کۆنگرەیەدا هەر لەو چەند بڕیارەدا کورت بکرێنەوەو پەسند بکرێن پێموایە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو دەبێو بەردی بناغەیەکی پتەومان بۆ داهاتوو دارشتوە، بەڵام ئەگەر بێتوو بە پێچەوانەو هەوڵ بدرێ بڕیار لە سەر هەندێک شتی دیکە بدرێ کە ناکۆکی لە سەرە، ئەوا بە دەستی خۆمان کۆسپمان لە سەر رێگەی داهاتوومان درووست کردوە. دیارە کۆنگرە دەتوانێ و پێویستە لە بوارەکانی ژنان و ژینگە و ... بەرنامە و بڕیاری پێویست دەربکا، چونکە ئەم بڕیارانە هیچ کە نابنە هۆکاری ناکۆکی بەڵکوو زیاتر دەبنە هۆکاری یەکریزیو پێشکەوتنی گەلی کورد.



**ئەوە ڕاستە ڕەنگە کورد نەتوانێ پەیمانی سێڤر زیندوو بکاتەوە بەڵام غەدر لە خۆی دەکا ئەگەر وەک بەڵگەیەکی مێژوویی کە مۆری نێونەتەوەیی خواردوە، کەڵکی لێوەرنەگرێ.**
**عومەر باڵەکی**

**کورد ئیتر کارتو فاکتۆرێکی گرینگو سەلمێنراوی حاشا هەڵنەگری هاوکێشە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکەیە. هەر بۆیەش پێویستە مەیداندارانەتر لە پێشوو، بە تێبینیو وردبینییەکی زیاترەوە، لە پەڕاوێز بێتە دەرێو ژێرانە بجوڵێتەوە.**
**وریا ڕەحمانی**

# ٩٣ ساڵەی پەیمانی سێڤەرو چەند سەرنجێک



عومەر باڵەکی

ئێستا شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی پێنەهاتبوو کە وڵاتانی بریتانیاو فەڕانسە لە بیری دابەشکردنی ناوچە داگیرکراوەکان‌دا بوونو پەیمانێکیان لە نێوان خۆیان‌دا ئیمزا کرد کە بە پەیمانی سایکس بێکو ناوبانگی دەرکرد بەڵام چونکە رووسیە لەو دابەشکردنە هیچی بە بەرنەبڕابوو ئەو پەیمانە نەیتوانی ئامانجی ئەو دوو دەوڵەتە بێنێتە دی، هەر بۆیە بە ناچاری لەگەڵ دەوڵەتی رووسیە ڕێککەوتنو پەیمانەکە ناوی نرا پەیمانی سایکس بێکوسازانۆفو ئەو پەیمانە سەبارەت بە دابەش کردنی ئیمپراتوریەتی عوسمانی بوو کە لە ١٢ بەند پێک هاتبوو. بەڵام بە هۆی هەلومەرجی ناوخۆی رووسیەو شۆرشی ١٩١٧ ئۆکتوبرو دەرئەنجامەکانی شەڕی جیهانیی ئەو پەیمانە کاری پێنەکرا بەڵام بریتانیاو فەڕانسە کە سەرکەوتووی شەڕ بوونو چاوی تەماعیان لە دابەشکردنی ئیمپراتوریەتی عوسمانی بوو هەربۆیە لە مانگی ئووتی ١٩٢٠ پەیمانی سێڤریان بە سەر تورکیەی عوسمانی داسەپاند کە بەشێک بوو لە پەیمانی وێرسای. ئەو پەیمانە لە لایەک بریتانیاو فەرانسەو چەند وڵاتێکی دیکەو لەلایەکی دیکەوە سوڵتانی عوسمانی بوو کە ئەو پەیماننامەیان مۆر کرد کە لەو کۆنگرەیەدا کە ئەو پەیمانەی تێدا مۆر کرا دەستەی نوێنەرایەتی کوردیش بە سەرۆکایەتی شەریف پاشا بەشدار بوو.

لە ڕاستی‌دا مەبەست لە پەیمانی سێور پارچە پارچە کردنی ئیمپراتوریەتی عوسمانی بوو بە جۆرێک ئەو دەوڵەتانەی دادەمەزرێن ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە زلهێزو سەرکەتووەکانی بەرەی شەڕ بە تایبەت بریتانیاو فەڕانسەدا دەبن.

مەبەستی ئێمە لە نووسینی ئەو بابەتە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە بۆیەکەم جار بوو بەڕەسمی لە پەیمانێکی نێودەوڵەتی‌دا باس لە مافەکانی کوردکراوەو حەدو سنووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوری عوسمانی بە روونی دەست نیشان کردوە. هەرچەند پەیمانی سێڤر ماوەی ٩٣ ساڵ بە سەری‌دا تێپەڕ دەبێو کارایی سیاسی نەماوە، بەڵام کورد لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی‌داو لە دانیشتن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە بە تایبەت عێراقو تورکیەو سووریە وەک بەڵگەیەکی یاساییو مێژوویی پشت بە بەندەکانی ٦٢و ٦٣و ٦٤ی ئەو پەیمانە ببەستن.

ئەوە ڕاستە ڕەنگە کورد نەتوانێ پەیمانی سێڤر زیندوو بکاتەوە بەڵام غەدر لە خۆی دەکا ئەگەر وەک بەڵگەیەکی مێژوویی کە مۆری نێونەتەوەیی خواردوە، کەڵکی لێوەرنەگرێ. چونکە هیچ بەندێک نە لە پەیماننامەی سێڤرو نە لە پەیماننامەی لۆزان‌دا نەهاتووە لە ئاماژە بە هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی سێڤر بکاو لە هەمان حاڵ‌دا هیچ ماوەیەکی بۆ دیاری نەکراوە کە دوای تەواو بوونی ئەو ماوەیە کاریگەری خۆی لە دەست بداو پێویستە ئیشارە بەوەش بکەین کە هەر لە سەردەمی ئێستادا نەخشەی سیاسیو یاسایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێی پەیماننامەی سێڤر داڕێژراوەو کاری پێدەکرێ.

لە بەشی سێهەمی پەیماننامەی سێڤر بە روونی ٣ بڕگەی تایبەت کردوە بە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ئەو سێ بڕگەیە «٦٢، ٦٣،٦٤» کە بەو شێوەیە باس لە شێوەی پێک هێنانی کومیسیۆنو ڕادەی دەسەڵاتو چوارچێوەی سنووری کوردستانو بەرپرسیارەتی دەوڵەتی تورکیاو عوسمانی دەکەن.

### بەندی ٦٢:

لیژنەیەکی سێ قۆڵی پێک دێ لە حکوومەتەکانی بریتانیاو فەڕانسەو ئیتالیا دەستنیشانیان دەکەنو هەتا شەش مانگ دوای مۆرکردنی ئەو پەیمانە ئەو کومیسیۆنە نەخشەیەک بۆ خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) مەحەللیی، ئەو مەڵبەندە پێشکەش دەکا، کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردەو کەوتوونە ڕۆژهەڵاتی چۆمی فوڕاتو باشووری ڕۆژئاوای ئەرمەنستان کە دەکرێ لەمەودوا سنووریان بۆ دیاری بکرێ یان کەوتوونە باکووری سنووری نێوان تورکیەو سووریەو بینو ئەلنەهرێین وەک لە فەقەرەی ٢ی بەندی ٢٧دا دەستنیشان کراوە. ئەگەر لە کاتێکدا لیژنەکە لەسەر مەسەلەیەک نەیتوانی بڕیارێکی تێکڕایی وەربگرێ هەر کام لە ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆن مەسەلەکە لەگەڵ حکوومەتی خۆی دێنێتە گۆڕێ. ئەو بەرنامەیە پارێزگاری تەواوی ئاسۆرییەکانو کەمایەتییە قەومییەو ڕەگەزییەکانی دیکە لەو مەڵبەندەدا دابین دەکاو بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە کومیسۆنێک لە نوێنەرانی بریتانیاو فەرانسەو ئیتالیاو ئێرانو کوردەکان بۆ پشکنینو بڕیاردان لە سەر هەر چەشنە دەستکارییەک کە بە گوێرەی شەرتەکانی پەیمانی سێور لە نێوان تورکیەو ئێران، لەسەر سنووری تورکیا ئیمکانی هەبێ سەر لەو مەڵبەندە دەدا.



دیمەنێک لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس

ئەگەر بە باشی لەو بەندە ورد بیتەوە چەند نوکتەی جێگای سرنج و لێورد بوونەوەی تێدایە یەکەم بە روونی سنووری جوغرافیای کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دیاری کردوەو دووهەم دان بەوە دانراوە کە کورد وەک نەتەوەیەک کە لە سەر خاکی خۆی دەژی دوای بە دەوڵەت بوون دەبێ مافی کەمایەتی‌یە قەومیو ڕەگەزییەکان دابین بکاو سێهەم بۆ دیاریکردنی سنووری کورد وەک لایەنی سەرەکی لەو کۆمیسیۆنەوە کە دەست کاریو پێشێل کاری سنوورەکان بە تایبەت لە نێوان ئێرانو عێراق‌دا دەکۆڵێتەوە دیاری کراوە.

### بەندی ٦٣:

حکوومەتی تورکیا لە ئێستاوە دەستەبەر دەبێ کە هەموو بڕیارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە کە لە بەرگەی ٦٢ دا باس کراون قبوڵ بکاو هە تا سێ مانگ پاش ئەوەی کە پێی ڕاگەیەندرا جێبە جێیان بکا.

### بەندی ٦٤:

ئەگەر تا ساڵێک پاش ئیمزاکردنی ئەم پەیمانە کوردەکانی دانیشتووی ئەو مەڵبەندەی لە بەندی ٦٢دا دیاری کراوە، بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانیان ڕاگەیاند کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە دەیان هەوێ لە تورکیا جیاببنەوەو ئەنجومەنیش دانی بەوە دانا کە ئەوانە دەتوان سەربەخۆ بژینو ڕایسپارد کە سەربەخۆیی یان بدرێتێ، تورکیا لە ئێستاوە دەستەبەر دەبێ کە ئەو ڕاسپاردەیە قەبووڵ بکاو لە هەموو مافێکی خۆی لەو مەڵبەندە دەست هەڵگرێ. چۆنیەتی دەستبەرداربوونی تورکیا لەو مافانە بەدرێژی لە پەیمانێکی تایبەتی‌دا باس دەکرێ کە لە نێوان تورکیاو هاوپەیمانە گەورەکان‌دا دەبەسترێ کاتێک حکوومەتی تورکیاش لەو مافانە دەستبەردار بوو ئەگەر کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ بە دڵخوازی خۆیان ویستیان بچنە پاڵ ئەو حکوومەتە کوردەوە، هاو پەیمانە گەورەکان هیچ چەشنە پێشگیریان لێناکرێ.

لەو بەندەش‌دا بە روونی ئەو مافە بە کورد دراوە کە چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی بێو تەنانەت لەو چوارچێوەی بەندی ٦٢ش ترازاوەو باس لە کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ کە هەمان باشووری کوردستان دەکا ئەگەر خۆیان ڕازی بن دەتوان تێکەڵ بە دەوڵەتی نوێی کوردی بنو دان بەوە دانراوەکە

ولایەتی مووسل کوردنشینە.

ئەو سێ بەندە لە پەیمانی سێڤەر ئەوە دەخاتەڕوو کە کورد هەقی دامەزراندنی دەوڵەتی هەبووەو بە پێی یاسای نێودەوڵەتی (١٩٢٩) کە مەرجی بەدەوڵەت بوونی لە سێ چەمکی «خاکو نەتەوەو دەسەڵاتی سیاسی» دا پێناسە کردوە و لە هەمان حاڵ‌دا دەکرێ ئەو ڕاستییە کە لەو سەردەمەدا کورد پەرتەوازە بووەو هەلێکی گەورەی لە دەست داوە.

بەڵام دوای تێپەڕبوونی ٩٣ ساڵ بەسەرپەیمانی سێڤەردا هەلومەرجی بە شێوەیەکی دیکە لە سەردەمی ئێستادا بۆ کورد خوڵقاوەو ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی دوای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە گشتی کاریگەری خۆیان هەبووە لە سەر پرسی کورد. باشووری کوردستان دەسەڵاتی کوردی لێ دامەزراوە بۆیە شوینێکی ئارام و سەقامگێر لە ناوچەکەداو لە باکووری کوردستان دەسەڵات تورکیە دانی بەوە داناوە کە خاکێک هەیە بەناوی کوردستانو کوردی لێدەژینو خەریکە پرۆسەی ئاشتی چەکەرە دەکاو بەرەو گەشەکردن دەڕواو لە باشووری کوردستان بە هوی وەزعی ئاڵۆزی حکوومەتی سووریا کورد توانیویەتی خۆی نیشان بداو ئەگەر دوینێ ئەنکار دەکرا ئەورۆ لە سەر ئانتینی ڕاگەیاندنە گشتییەکانی جیهانو میزی دەوڵەتان خۆی دەبینێتەوەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوەڕوانی هەلومەرجی لە بارەو دەسەڵات هەر بەچاوی ئەمنییەتەوە دەڕوانێتە کوردستان بەڵام غافڵ نیە لەوە کە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دەسەڵەتی ئەو وڵاتانە چۆتە دەرێ کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوەو هەر ئیستا لە پێتەختی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بریارە ٢٠١٣/٩/١٥ی میلادی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بەرێوە بچێ بەو هێوایە کە کورد بە یەک دەنگو یەکیەتی بتوانی کۆدەنگیی دروست بکاو ئەو هەوڵەش وەک سەردەمی بەستنی پەیمانی سێڤەر بە هۆی پرشو بڵاوی لە دەست نەدا.

### سەر چاوەکان :

کتێبی کوردستانو کورد، نووسینی: د. قاسملوو

کتێبی: بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خویندنەوەیەکی‌تر

و. سەلام ناو خۆش

# دیپلۆماسیی نوێی ئێران لەمەڕ سووریە



وریا ڕەحمانی

لەم ماوەیەی ڕابردوودا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، دوو لە ڕێبەرانی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستان، ساڵح موسلیم (هاوسەرۆکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک)و دوکتور عبدالحەکیم بەشار (سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە)ی بۆ تاران بانگێشت کرد. ئەوەی کە ڕێک لەم دانیشتنو چاوپێکەوتنانەدا چی گوزەراوەو دوو لایان لە چی دواون لانیکەم تا ئیستا زۆر ڕوون و ئاشکرا نیە. بەڵام ڕەنگە باسکردن لە هۆکارو بەستێنە جۆراوجۆرەکانی ئەم دیدارانە بە تایبەت لەم هەلومەرجە ناسکو هەستیارەی ئێستای ناوچەکەو سووریەو کوردستانیش‌دا هیچ نەبێ بەرچاو ڕوونییەکی گشتیمان لە مەبەستو ئامانجەکانی ئەم دیدارانە لانی کەم لە دوورەدیمەنێکی کورتیش‌دا بێ، لە نیهایەتی خۆی‌دا، بخاتە بەر دەست.

دیارە کە ئێران وەک گرینگترینو نزیکترین هاوپەیمانی سیاسیو ستراتێژیکی سووریە نەتەنیا لە ناوچەکەو بەڵکوو لە پانتایی بەرینی نێودەوڵەتی‌دا هەوڵێکی زۆرو ماندوونەناسانە بۆ بەباشتر کردنەوەی بارودۆخی سووریە دەداو لە زەرفیەتییەتە جۆراوجۆرە سیاسییەکانی گۆڕەپانەکە کەڵک وەردەگرێ. بەهەرحاڵ ئێرانو سووریە ئێستا نەتەنیا لە بواری ئیدیۆلۆژیکو ئاراستەمەندیی سیاسییەوە بەڵکوو بە شێوەیەکی گرێدراوییەکی لێکدانەبراویشەوە تاڕادەیەکی زۆر چارەنووسیشیان بەیەکەوە گرێ دراوەتەوە.

ڕەنگە کەمتر شۆڕشو ڕاپەڕینێکی جەماوەری لە وڵاتێکدا هەبێ کە هاوشێوەی ئەوەی سووریە سەرەڕای ئەو خەسارە جۆراوجۆرانەی لە هەموو بەرەکانی شەڕ کەوتوەو وێڕای ئەو کۆدەنگییە نێونەتەوەییەش کە سەبارەت بەدڕندەییو خراپەکارییەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لەگەڵ خەڵکی ئاساییو ئۆپۆزسیۆن دەیکا کەچی دیسانیش بارودۆخەکەی هەر بەم شێوەیە ماوەتەوەو تەکانێکی ئەساسی ناخواو و لایەکی وە لایەکی ناکەوێ.

وێدەچێ بەشێکی گرینگو سەرنج ڕاکێشی ئەوتۆنەبوونی یارمەتییەکانی دنیای دەرەوە بەتایبەت ڕۆژئاوا بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بە مەبەستی شکست پێهێنانی حکوومەتی بەعس سەرەڕای ئەو مەترسییە بەربڵاوانەش کە لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە بۆ جیهانو ناوچەکە هەستی پێدەکەن، لە بەهێز بوونی بناژۆخوازانو هێزە سەلەفییە ئیسلامییەکانی نێو بەرەی دژی بەشار ئەسەددا بێ، کە ئەوە هەرگیز سیگناڵێکی دڵخوازو دوورەدیمەنێکی ڕووناک پێشکەش بە کۆمەڵگەی جیهانی بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی ناکا کە خود خاوەنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی تایبەتو لە سەرەوەی هەمووشیانەوە زەروورەتی پاراستنی ئیسرائیل لە ناوچەکە دان.

هەروەک باسکرا زەروورەتی پاراستنی یەکپارچەیی سووریەو هێشتنەوەی بەشار ئەسەدو حکوومەتەکەی لە بڕیاری دەسەڵات‌دا لە ئەولەوییەتەکانی سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەر بۆیەش هیچ سەیر نیە کە تاران هەوڵێکی جیدیو ماندوونەناسانە بۆ هەرچی بەهێزترکردنی گریمانەی مەترسیداری بەدەسەڵات گەیشتنی هێزە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە ئەگەری ڕووخانی بەشار ئەسەد لە سووریەدا تەنانەت لە بواری کردەوەییش‌دا بخاتە گەڕو کاری بۆ بکا. لە پرۆسەی ڕاپەڕینو خەبات لە دژی دەسەڵاتی زاڵ لە وڵاتێکدا مەسەلەی یەکپارچەییو هاوتەریبیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەبوونی ڕێبەرییەکی واحیدو کۆدەنگییەکی گشتیو هاوبەشی جەماوەری لە فاکتۆرە هەرە گرینگەکانە کە دەتوانێ دەورێکی کاریگەری لە گەیشتن بە ئامانجەکانی شۆڕش‌دا هەبێ. لێکترازانو لێکدابڕانو کەوتنە نێو بەرەی دژ بەیەکەوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە قۆناغی شۆڕشو خەبات‌دا خود دەتوانێ گورزی کوشندەو قەرەبوونەکراوە لە پەیکەرەی جەماوەری بداو خەبات تووشی کێشەی جیددی تا ئاستی سەرنەکەوتنو لەوانەیە لەناوچوونیش بکا.

بۆ وێنە هەبوونی هێزێکی توندئاژۆی وەک بەرەی نوسرەو ئەلقاعیدەو باڵادەستیی ئیخوانەکان لە پێکهاتەی ئۆپۆزسیۆنی دژبەرانی بەشار ئەسەد لە سووریەدا مەترسییەکی جیددیی لە ئەندێشەی هەموو ئەو هێزو لایەنو وڵاتانەی کە بیر لە قۆناغی دوای بەشار ئەسەد دەکەنەوە بەتایبەت ڕۆژئاوو ئیسرائیلو وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا دروست کردوە. هەر ئەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر چۆنیەتیی دیدو تەعامولی ئەم وڵاتانەو کۆمەڵگەی جیهانییش بەگشتی بەنیسبەت پرسی سووریەوە داناوە.

لە لایەکی دیکەوە هەڵسوکەوتو کرداری نابەرپرسانەو وەحشییانەی هێزێکی وەک بەرەی نوسرە لەگەڵ کوردانی ڕۆژئاواو کۆمەڵکوژی خەڵکی بێدیفاعی کورد لە لایەن ئەم هێزە توندڕەوە سەرەڕۆیەوە خود کەلێنێکی بەرینی تا ئاستی دوژمنایەتی خستۆتە نێو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە.

لێرەدایە کە وڵاتێکی هەلپەرستو نامەسئولی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران دێو لە هەبوونو کرداری نابەرپرسانەی هێزێکی وەک بەرەی نوسرەو ئەلقاعیدە ڕێک لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی خۆیو مانەوەی بەشار ئەسەدو حکوومەتەکەی لە پێگەی دەسەڵات لە سووریەدا کەڵک وەردەگرێو لەڕاستی‌دا بە تیرێک چەند نیشان لێدەدا. هەم لە ئاستی متمانەی ڕۆژئاواو وڵاتانی دیکە بە نیسبەت ئۆپۆزیسیۆن کەم دەکاتەوەو هەم



هێزە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە گیانی یەکتر بەردەدا. ئیتر ماشێنی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی بە گوڕتر وەڕێ دەکەوێو لە کردارێکی بێسابقەدا دوان لە ڕێبەرانی کوردی سووریە، ساڵح موسلیمو دوکتور عەبدولحەکیم بەشار، بە بیانووی چارەسەریی کێشە سووریەو پرسی کورد لەم وڵاتەدا بانگهێشتی تاران دەکا. پڕ دیارە کە مەبەستی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لەم هەوڵە ئەوەیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە کارتی کورد ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری بەشار ئەسەد لێک بترازێنێو لە دژی یەکتر بەکاریان بێنێ. لەم ڕێیەشەوە چەندەی بۆدەکرێ یارمەتیدەری لەسەرکار مانەوەی ڕێژیمی ناوەندیی دەمێشق لە پێگەی دەسەڵات‌دا بێ. لەم پێناوەش‌دا لە هیچ هەوڵ و تەرفەندێک ناسڵەمێتەوە. سەیر ئەوەیە کە وەک ئەوەی بۆخۆی کوردی نەبێو شتێک بە ناوی کێشەی کورد لە ئێران‌دا بوونی نەبێ، باس لە مافو داخوازیی ڕەوای کورد لە سووریە دەکاو بە نوێنەرایەتیی حکوومەتی دەمێشق قەولی چارەسەری کێشەکانیشیان پێ دەدا. ئینجا ڕەهەندێکی دیکەی ئەم هەوڵەی کۆماری ئیسلامی لەوەدا خۆی نیشان دەدا کە ئەگەر بتوانێ لەگەڵ کوردەکان ڕێک بکەوێو بەدژی ئۆپۆزسیۆن یان لانی‌کەم هاوکاری نەکردنی ئەوان واداریان بکا بەکردەوە ڕێی دەستپێڕاگەیشتنی ئۆپۆزیسیۆن بە سنوورەکانی تورکیەیان لێدەگرێ و لەواقیع‌دا شاڕێی هەناسەکێشانیان دەبەستێ.

بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەوانە بۆمان دەردەکەوێ کە پێویستە ڕێبەرانی کورد لە سووریە بەڕەچاوکردنی سیاسەتێکی حەکیمانە دۆزی کورد لەم پارچەیەی کوردستان نەخەنە بەرەی دۆڕاو یا لانی‌کەم نەخوازراوی ئەم هاوکێشەیەوەو ڕوویەکی ناشیرین لە کورد بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نیشان نەدەنو دەستەبەرکردنی ماف و ئامانجەکانی کورد نە لە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی بەشار ئەسەددا بەڵکوو لە قۆناغی پاش سەرکەوتن و دوای حکوومەتی بەعسی تا سەری ئێسقان دژە کوردو دیکتاتۆڕدا بدۆزنەوە.

کورد ئیتر کارتو فاکتۆرێکی گرینگو سەلمێنراوی حاشا هەڵنەگری هاوکێشە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکەیە. هەر بۆیەش پێویستە مەیداندارانەتر لە پێشوو، بە تێبینیو وردبینییەکی زیاترەوە، لە پەڕاوێز بێتە دەرێو ژێرانە بجوڵێتەوە. چارەسەری پرسی کورد لە سووریە نەک لە تاران و ئانکارا بەڵکوو لە قامیشلیو سەرێکانی و عاموودایە.

**بۆمبرێژ کردنی کیمیایی شاری هەڵەبجەیە کە لەماوەی چەند خولەکێکدا هەزار کورد بە پیرو گەنجو ژن و منداڵەوە گیانیان لە دەست دا. دیارە ئەوکات ڕاگەیانەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانو کارەساتەکاندا کەمتەر خەمیان کردو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش هیچ هەنگاوێکی بۆ بەرگری لە کوشتاری خەڵکی کورد نەنا.**
**موختار نەقشبەندی**

**هەموو کات لایەنی بکەر هێزی بەکار هێناوە، ئایینی وەک ئامرازێک بۆ تاوانی جینوسایید بە کار هێناوەو لایەنی قوربانیش هەموو کات لایەنێک بووە کە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ نەبووە.**
**دوکتور عومەر نورەدینی**

# کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ ناتوانێ چارەسەری قەیرانی سووریە بکا؟



موختار نەقشبەندی
و: تەها ڕەحیمی

چەند ساڵێک بەسەر شۆڕشی خەڵکی سووریە دژی بەشار ئەسەددا تێدەپەڕێ کە بە کردەوە جگە لە خاپوور بوونو کاول بوونی سووریەو کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس، کە زیاترین مەدەنینو هەروەها ئاوارە بوونی نزیک بە دوو میلیۆن کەس، چی لێ نەکەوتۆتەوەو بەسەرنجدان بە هەلومەرجی ئێستای سووریە ئەگەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هەنگاوێکی جیدی بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە نەنێ بۆ ماوەیەکی زیاتر بینەری کارەساتەکان لە سووریەدا دەبین. هەر کات ڕاگەیانەکان هەواڵێکی نوێ کوشتوبڕی خەڵکی سووریە بڵاودەکەنەوە، پرسیارێک لای خەڵک دروست دەبێ بۆچی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هەوڵ بۆ چارەسەری قەیرانی سووریە نادا؟ بە ڕواڵەت وڵامەکە ئەمەیە کە ڕووسیەو چینو هاوپەیمانی حکوومەتی سووریەنو بەرگری لێدەکەن. بەڵام بەراستی ئەمە هەموو شتەکەیە! زۆر جاران بە دەیان ساڵ پاش ڕوودانی پرسێکی گرینگی سیاسیی نێونەتەوەی، هێندێک بەڵگەو دیکۆمێنت بڵاودەبنەوە کە ئەرزو ئاسمان دەگەڵ ڕواڵەتی ڕووداوەکە لێک دوورن. بۆ تێگەیشتن لە شێوەی کارکردی کۆمەڵگەی نێونەتەویی پێویستە بە کورتی چاوێک بە سەر سێ بابەت لەم پرسە گرینگە نێونەتەوەییانەی ئەم سێ ساڵەی ڕابردوودا بخشێنین. شایانی باسە وڵاتانی جیهان لە بواری توانا و هێزی دەسوەران لە پرسە گرنکە نێونەتەوەییەکان دوو دەستەن، ئەو وڵاتانەی کە تەنیا دەرکردنی ڕاگەیانراویان لە دەست دێو ئەو وڵاتە بەهێزانەی کە ئەگەر پێویست بکا دەتوانن بە کردەوە بێنە گۆرەپانەوە کە دیارە ژماریان پەنجەژمێرە.!

**١- ئەنفال یا ژینۆسایدی کورد لە عێراق:**

کوردەکان هەمیشە لە لایەن داگیرکەرانیانەوە کەوتۆنەتە بەرشاڵاوی زوڵمو زۆریو هەڵاواردنو توندوتیژی، کە کارەساتبارترینیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵکوژی کورد لە عیراق لە ساڵەکانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٨ لە ژێر ناوی ئەنفال بەڕێوە چووو کوشتنی ١٨٠ هەزار کەسی مەدەنی لێکەوتەوە، نموونەی بچووکی بۆمبرێژ کردنی کیمیایی شاری هەڵەبجەیە کە لەماوەی چەند خولەکێکدا هەزار کورد بە پیرو گەنجو ژن و منداڵەوە گیانیان لە دەست دا. دیارە ئەوکات ڕاگەیانەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانو کارەساتەکاندا کەمتەر خەمیان کردو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش هیچ هەنگاوێکی بۆ بەرگری لە کوشتاری خەڵکی کورد نەنا. بەڵام بۆچی؟ بۆ ئەم پشت گۆی خستنە نێونەتەوەیی لە عیراق هۆکارگەلێکی زۆری هەیە کە گرنگترینیان پێوەندی سیاسیو سەربازیو ئابووری عێراقو هاوپەیمانە عەربەکانی بوو دەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەتو ئەمریکا!

**٢- ژینۆسایدی ڕواندا:** ٦ی ئاوریلی ١٩٩٤ فرۆکەکەی سەرۆکۆماری ئەو کاتی ڕواندا، کە سەر بە هۆزی «هوتو» بوو لە نزیک فرۆکەخانەی کیگالی پێتەختی ڕواندا کەوتە بەر هێرشی مووشەکو بەربووەوە، بە دوای ئەم ڕووداوەدا «هوتو»ە توندڕەوەکان هۆزی تووتسی و «هوتو»ە میانەرەوەکانیان بە ئەنجامدانی ئەم کارە زانیو دەستیان کرد بە کوشتنیان، کە بە گوێرەی ئاماری ڕێکخراوی نەتەوەکان لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا ٨٠٠ هەزار کەس کوژران (ئاماری دەوڵەتی ڕواندا ژمارەی کوژراوەکان بە زیاتر لە یەک میلیون کەس دەخەملێنێ) هەروەها لە ماوەی ئەم ١٠٠ ڕۆژدا ٢٥٠ هەزار ژنو کچی تووتسی دەستدرێژیان کرایە سەر کە بە قەست لەلایەن ئەو پیاوانەی نەخۆشی ئایدزیان هەبوو دەستدێژیان کرایە سەر تا نەوە و بەرەی داهاتوویان نەخۆش بن. هەزار سەربازی ئورووپایی کە بۆ هێنانەوەی هاووڵاتییەکانی خۆیان چووبوونە ڕواندا دەستبەجێ گەڕانەوە. ئاشتیپارێزان ڕێکخراوی نەتەوەکان ئەو قوتابخانەیەیان جێهێشت کە ٢هەزار کەس هانایان بۆ بردبوو کە هەموویان تێداچوون. ئەگەرچی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی «هوتوە»کان لەلایەن ئەم هێزانەی لە توتسیو وڵاتەکانی دیکەی ئەفریقاوە کۆ ببوونەوە ڕاگیرا بەڵام بوو بە پەڵەیەکی شەرمو شوورەیی بە نێوچاوانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە کە بۆچی هەنگاوێکی نەنا. بەڵام بۆ؟ بە پێچەوانەی کۆمەڵکوژی کوردەکانەوە، دەسوەردان لە ڕواندا هیچ قازانجێکی بۆ زلهێزەکان نەبوو!

**٣): کۆمەڵکوژی یۆگۆسلاڤی:**

٢٥ی ٦ی ١٩٩١ ئەیاڵەتەکانی کرواسی و ئێسلوونی وڵاتی یۆگۆسلاڤی سەربەخۆییان ڕاگەیاندو سوپای یۆگۆسلاڤی کە لە ژێر دەسەڵاتی نیژادی سێبریەکاندا بوو هێرشی کردە سەر ئەم ئەیالەتانە . هەروەها بۆسنی هێرزێگوینیش ١ی ٣ی ١٩٩٢ سەربەخۆیی ڕاگەیاند. وڵاتی یۆگۆسلاڤی سێربە دانیشتووەکانی ئەم ئەیاڵەتەی دژی حکوومەتی بۆسنیو هێرزگوین چەکدار کرد، لەم لایەشەوە ئەیاڵەتی کۆزۆڤوش ساڵی ١٩٩١ بە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمییەکەی سەربەخۆیی ڕاگەیاند کە کەوتە بەر هێرش و سەرکەوتی توندی سێربەکان. شەڕ لە ناوچە جیاجیاکانی یۆگۆسلاڤی پێشوو تا ساڵی ١٩٩٩ درێژەی کێشا زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کەس کە زۆربەیان سڤیل بوون کوژرانو چەندین میلیۆن کەس ئاوارە بوونو هەزاران ژنو منداڵیش دەستدرێژییان کرایە سەر. یەکێک لەو کارەساتانە، کارەساتی کوشتنی موسڵمانانی بۆسنیی شاری سێربیرنیستا بوو. شاری سێربیرنیستا کە بە دەورووبەرییەوە لە ساڵی ١٩٩١دا نزیک بە ٣٦ هەزار کەس بوو، ٢٧هەزار کەسی موسڵمانی بۆسنی بوون. ساڵی ١٩٩٣ ڕێکخراوی نەتەوەکان ئەم شارەی بە ناوچەی پارێزراو ڕاگەیاند. بەڵام ساڵی ١٩٩٥ سێربەکان لە١٣ی ژوئیەی ١٩٩٥ ئەم شارەیان گەمارۆ داو لە ماوەی کەمتر لە حەوتوویەکدا ٨٠٠٠ پیاوو کوڕی بۆسنیyان بە بیانووی پاراستنی گیانیان لە شار بردە دەرو کوشتیانن.

دایکانی نێو شار کە زانیان هەموو پیاوەکانیان کوژراون دەستیان کرد بە شیوەنو شینگێڕیو هێندێکیان لە تاوان خۆیان کوشت. بەڵام ئەوەی ناخۆشترە ئەمەیە ٤٠٠ کۆماندۆی هولەندی لەم شارە بوون کە لەلایەن ڕێکخراوەی نەتەوەکانەوە، پاراستنی گیانی خەڵکیان لە ئەستۆ بوو کە لەبەر هۆکاری سیاسی لەکاتی ئەنجامدانی ئەم جینایەتەدا هیچیان نەکرد! ناوچەی کۆزۆڤۆ تا ساڵی ١٩٩٩ لە ژێر توندوتیژیی سێربەکان دابوو لەئاکامدا بە هۆی لاوازی نەخشی ئەنجومەنی ئاسایش بە هۆی دژایەتی ڕووسیەو چین، ناتۆ دوای چەند جار هۆشداری ڕێکەوتی ٢٤ی مارسی ١٩٩٩ بە بێ ئیزنی ئەنجومەنی ئاسایش هێرشی کردە یۆگۆسلاڤیو دوای ٧٨ ڕۆژ بۆمبارانی ناوچە سەربازیو گرنگەکانی سێربەکان، ناچاری کردن کۆزۆڤۆ جێبهێڵن. ئەم ناوچە تا ساڵی ٢٠٠٨ کە بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ لە ژێر ئیدارەی ڕێکخراوەی نەتەوەکاندا بوو. بەڵام کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆچی ئەوەندە درەنگ هەنگاوی نا؟ ناوچەی باڵکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە تا ئەو کاتەی یەکیەتیی سۆڤییەت هەبوو لە ژێر دەسەڵاتی دابوو. ڕووسیە کە دەترسێ هاوپەیمانەکانی لەدەست بداو بەلای ڕۆژئاوادا بشکێنەوە پشتیوانی لێدەکردنو ئەو چەند جارەی هەواڵی ئەگەری هێرشی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ سەر یۆگۆسلاڤی بڵاو بوویەوە؛ ڕووسیە دژکردەوەی نیشانداو وڵاتانی ڕۆژئاواییش لەترسی دەستێوەردانی سەربازیی ڕووسیە ئەم کارەیان پەک خست، ئەمریکاش دەیویست بە وڵاتانی ئورووپایی بڵێ ئەگەرچی یەکیەتیی سۆڤییەت نەماوە بەڵام مەترسیی ڕووسیە هەر هەیەو وڵاتانی ئورووپایی بە بێ پشتیوانی ئەمریکا ناتوانن کێشەکانی سەر سنوورەکانیان چارەسەر بکەن ! بۆمبارانی باڵوێزخانەی چین لە بێلگراد لە لایەن ناتۆوە ئەگەرچی دوایە داوای لێبووردنی فەرماندەری ناتۆی بە دواوەبووو ڕاپگەیاند بەهەڵە هێرش کراوەتە سەری، بەڵام پەیامێکی ڕوون بوو بۆ چین. چونکە لە چەند لاوە هێرش کرابۆ سەر باڵوێزخانەکە، کە بەبڕوای کارناسانی سەربازی، هەڵەیەک لە گۆڕێدا نەبوو ! دەتوانین چوار هۆکاری سەرەکی بێنینەوە بۆ ئەوەی بۆچی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەستێوەردان لە قەیرانە نێونەتەوەییەکاندا ناکا یان لە کاتی خۆیدا هەنگاو نانێ.

١ ) دژایەتییو پارادۆکسی بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان، وەک کەیسی یۆگۆسلاڤی کە ڕووسیەو چین لە لایەکو ڕۆژئاوا لە لایەکی دیکەوە لە بالکان بەرژەوەندی خۆیان هەبوو کە بوو بە بەربەستی دەستوەردانی پۆزەتیڤی جیهانیی لە یۆگۆسلاڤی.

٢ ) نەبوونی بەرژەوەندیی ئابووریو سیاسی بۆ زلهێزەکان لە هێندێک قەیراندا، وەک قەیرانی ڕواندا.

٣ ) ترسی لەکیس چوونی بەرژەوەندییو هاوپەیمانان، وەک ژینوسایدی کورد لە عێراق.

٤ ) ناردنی پەیامی ناڕاستەوخۆ بۆ هێندێک وڵاتی تایبەت، وەک کێشەی یۆگۆسلاڤی، کە ئامریکا بە هاوپەیمانانی ئورووپایی خۆی سەلماند هێشتاش پێویستییان بە پشتیوانیو یارمەتی ئەمریکایە. بۆ دەستوەرنەدانی کاریگەرتریش لە سووریەدا دەتوانین ئاماژە بەم دوو هۆکارە سەرەکییە بکەین.

١ ) پارادۆکسی بەرژەوەندی ڕووسیەو چینو هاوپەیمانە ناوچەییەکان وەکوو ئێرانو حیزبوڵڵا لە لایەکو ڕۆژئاواو هاوپەیمانەکانیان وەک عەرەبستانو تورکیەو ئۆردۆن لە لایەکی دیکەوە. کە بوونی بنکەی دەریایی ڕووسیە لە سووریە ئەم بابەتە بۆ ڕووسیە ئەوەندە گرنگتر کردوە کە مووشەکی پیشکەوتووی «یاخونت»ی بە سووریە داوە. (یاخونت موشەکێکە بەخێرایی بان دەنگ (مافوق ×وت) کە کۆنترۆڵ دەکرێو دژی ئامانجە دەریاییەکان بە کاردێ کە ئەمجۆرەی ڕووسیە داویەتییە سووریە ٢٩٠ کیلومێتر دەروا.) سووریە ئەوندە بۆ ڕووسیە گرینگە کە باس لەوە دەکرێ ڕووسیە هەوڵ دەدا سیستمێکی دژە ئاسمانیی پێشکەوتووی موشەکی ئێس ٣٠٠ بداتە سووریە کە ئەم چەکانە دەستوەردانی سەربازی ڕۆژئاوا لە سووریەدا تووشی کێشە دەکا. لەلایەکی دیکەشەوە ڕووخانی بەشار ئەسەد بە مانای شکستی حێزبوڵلاو بەتەنێ مانەوەی ئێرانە کە ئەم بابەتەش بووەتە هۆی ئەوەی هەم ئێرانو هەمیش حیزبوڵلا بە هەموو تواناوە هەوڵ بۆ پاراستی بەشار ئەسەد بدەن، عەرەبستانیش کە نیگەرانی هەوڵەکانی ئێرانە بۆ پەرەدانی دەسەڵاتو هێژموونی خۆی لە ناوچە، ئەم دەرفەتە بۆ تەریک خستنەوەی ئێران دەقۆزێتەوەو تورکیەش کە خەیاڵی ئیمپراتۆری عوسمانی لە سەر دایە ناتوانێ لە سووریە دەست لە بەرژەوەندییەکانی هەڵگرێ. ئەم ئاڵۆزی بەرژەوەندییانەی وڵاتە زلهێزەکانو ناوچەکە بووەتە هۆی ئەوەی کە گرێ پووچکەی سووریە بەنەکراوەیی بمێنێتەوە.

٢): ڕوونە ئەمریکا بە دەستوەرنەدانی قەتعی لە سووریە دەیەوێ بە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بڵێ، ئەوان بێ پشتیوانی ئەمریکا ناتوانن بەرژەوەندییەکانیان بپارێزنو بۆ پاراستی تەناهیو ئەمنییەتی خۆیانو پێشگیری لە هێژمۆنی ئێران لە ناوچەکە پێویستیان بە ئامریکا هەیە. ڕووسیەو چینیش کاتێک دەست لە پشتیوانی بەشار ئەسەد هەڵدەگرن کە زیانی پشتیوانی کردنی لە پێشتیوانی نەکردنی کەمتر بێ، یا لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە سووریەی دوای بەشار ئەسەددا دەگەڵ ئەمریکا ڕێک کەون. قەیرانەکانی وەک سووریە لاوازیی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە چارەسەری کێشە جیهانییەکاندا دەردەخا.



## ڕاپۆرتی سمیناری

# کۆمەڵکوژیی کوردان، ستراتیژیی بەردەوامی داگیرکەران



بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ سالوەگەری فتوای جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سمینارێک لە لایەن یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەڕێزان دوکتور عومەر نورەدینی؛ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، حیسام دەست پیش؛ مامۆستای زانکۆو چالاکوانی سیاسی، دوکتور کاوە عەزیزی مامۆستای زانکۆو چالاکوانی سیاسی لە ڕێکەوتی ٢٢ی گەلاوێژ پێکهات. لەم کۆنفرانسە دا کە ٢ کاتژمێری خایاند هەر کام لە بەڕێزان بە شرۆڤە و لێکدانەوەی پێناسەی جیهانی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید، تاووتوێی کۆمەڵکوژییەکانی کوردیان لە پارچەکانی کوردستان خستە بەرباس.

لە بەشی سەرەتای کۆنفرانسەکەدا **دوکتور عومەر نورەدینی** بە ئاماژە بە ڕابردوو و یادەوەری تاڵی گەلی کوردو پێشێلی مافی کورد لە لایەن داگیرکەرانەوە ئاماژەی بە کۆمەڵکوژی گەلی کورد لە باشووری کوردستان کردو گوتی: مێژووی کورد پڕە لە یادەوەری ناخۆش کە دەرحەق بە گەلی کورد کراوەو پێویستە کە ئەو یادەوەرییانە هەمیشە وەبیر خۆمان بهێنینەوە تا نەوەی نوێ پێی ئاشنا بنو هەروەها ئەو یادەوەرییانە بکەینە بنەمایەک بۆ گوتاری هاوبەشی کوردیو هەڵوێستە سیاسییەکانی پێ زاخاو بدەین. هەروەها نورەدینی بە هێنانە بەرباسی پێناسەی جیهانی ژینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتی بەم جۆرە ئەم چەمکەی بۆ بەشداران شیکردەوە؛ ١-هەوڵدان بۆ کوشتن و لە ناوبردنی گرووپێکی ئەتنیکی یا نەتەوەیی ٢-گرتنە بەری هەندێ ڕێوشوێن بە مەبەستی زیان گەیاندن بە گروپێک یا لایەنێکی ئەتنیکی یا ئایینی ٣-بەرگری کردن لە گرووپێک یا لایەنێکی ئەتنیکی یا نەتەوەیی بە مەبەستی نەهێشتنی زاووزێ و خستنەوەی وەچە ٤-جیا کردنەوەی منالانی گرووپێکی ئەتنیکی یا ئایینی و گواستنەوەیان بۆ لایەنێکی دیکە یا کەڵک وەرگرتن لێیان لە لایەن بکەری تاوان، کە ئەم کردەوانەی ئاماژەیان پێدرا لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە کاری پێدەکرا. ناوبراو بەم جۆرە ئاماژەبە ڕەگەزەکانی تاوانی ژینۆساید کرد: ١-پێویستە پلانێکی پێشوەختە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی ژینۆساید دانرابێ وەک ڕاگواستنی ژن و منداڵ لە باشوری کوردستان کە بە پێی بەرنامە بوو. ٢-لایەنی بکەر پێویستە لایەنێکی ڕێکخراو بێ (دەوڵەت یا حیزبی خاوەن دەسەڵات) واتە هێزێکە کە دەسەڵاتی سیاسی هەیە و لە ڕوانگە عەقیدەیی و فیکرییەکانی خۆیەوە هەوڵی بۆ دەدا. ٣- دەستنیشانکردنی لایەنی قوربانی لە کارەساتی ژینۆساید، ئەتنیکی بێ یا ئایینی وەک نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان و پارچەکانی تر ٤- قوربانیان لە کەسی سڤیل پێکدێن واتە لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە پێکهاتبن، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین کە لە بەرەی شۆڕشگێڕاندا نەبن. ٥- نیەتی ئەو کەسەی کە تاوانەکە ئەنجامدەدا واتە ویستی بۆ لە ناوبردنی ئەو لایەنەی کە تاوانەکەی لە سەر ئەنجامدەدرێ هەبێ چ لە بواری فیزیکی یا کلتووری یا حقوقی و... هەر کردەوەیەکی لەو چەشنە تاوانی ژینۆسایدی لێدەکەوێتەوە کە لە کارەساتەکانی باشووری کوردستان هەموو ڕەگەزەکانی تاوانی تێدا بەدی دەکرا هەر بەو هۆیەوە دادگای باڵای تاوانەکان بۆ لێپرسینەوە لە سەرانی ڕژێمی بەعس پێکهات و ئەو کردەوانەی بە ژێنۆساید ناسی و بە پێی ئەو بڕیارە دەسەڵاتی ناوەندی ناچار کرا کە لەمەودوا نەهێڵی تاوانی ژینۆساید لەو وڵاتە ڕووبداو هەروەها قەرەبووی زیانلێکەوتووانی گیانی و ماڵی و تەنانەت ئەو فایدەیەی کە لە ناو چووە بۆ کەسی زیانلێکەوتوو بگەڕێنێتەوە. بەڵام لە هەموو ئەو نەتەوە یا لایەنانەی کە ئەو تاوانەیان لە سەر ئەنجامدراوە وەک: ئیسپانیا و ژینۆسایدی دانیشتوانی ئامریکا، تورکیە و قەتڵوعامی ئەرمەنەکان، ئاڵمانی نازی و قەتڵ و عامی هۆلۆکۆست، بەو دەرەنجامە دەگەین کە هەموو کات لایەنی بکەر هێزی بەکار هێناوە ئایینی وەک ئامرازێک بۆ ئەو تاوانە بە کار هێناوەو لایەنی قوربانی هەموو کات لایەنێک بووە کە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ نەبووە.

پاشان بەڕێز **حیسام دەستپیش** لە سەر درێژەی بابەتەکە و لە پێوەندیی دەگەڵ کۆمەڵکوژی کورد لە ڕۆژهەڵات دواو بەم جۆرە لە سەر سێ بەستێنی ڕوودانی جینۆساید و ئەو دۆخەی کە ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەو تاوانە دوا :١-یەکدەست کردنی فەرهەنگی: لەو جۆرە لە تاوان‌دا شێوەیەک یەکدەستی فەرهەنگی لە لایەن لایەنی بکەرەوە بە سەر لایەن قوربانیدا دەسەپێ بۆ وێنە کاتێ کە زمانێک، کلتورێکو یا ئایینێک فەرز دەکرێو لە واقیعدا دەبێ بە ئەجێندایەک کە گشت جیاوازییەکان لە نێو دەبرێتو تەنیا ئەو زمانە یا کلتوورە بە سەر کۆمەڵگەدا دەسەپێ.

٢- هاودەست کردن (هەمان یەکدەست کردن بە مانا فراوانەکەی): ئەو بەستێنە لە کاتی بوونی ئایدۆلوژیایەکدا دروست دەبێ کە لە ئاکامدا هەوڵدەدا بۆ جۆرێک یەکدەست کردنی گشتگیر یا بە واتایەکیتر داگیرکردنی پانتایی ژیانی کۆمەڵگە.

٣- مۆدێرنیزاسیۆن: واتە ئەو قۆناغەی

ل ٩

**لە یەکدەستی فەرهەنگیدا خاوەنی بیرۆکە بە شوێن ریشە مێژووییەکاندا دەگەڕێ و هەوڵ دەدا لە مێشک و زەینی تاکەکاندا تۆماری بکا. بۆنمونە شای ئێران بە مەبەستی بوار رەخساندن بۆ یەکدەستی فەرهەنگی ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە و جێژنی ٢٥٠٠ساڵە وەک نمادێک زەق دەکاتەوەو وەک پیرۆزییەک لە مێشکی تاکەکان دا تۆماری دەکا.**
**حیسام دەستپێش**

**ژینۆساید لە سووریا وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان نەبوو بەلکوو سیاسەتێکی شوڤێنی بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی رێژیمەوە پێڕەو دەکرا. دوای دابەشبوونی کوردستان کە رۆژئاوای کوردستان خۆی لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی وڵاتی سوریەدا دیتەوە لە دانانی یاسای بنەڕەتی وڵاتدا پرسوڕا بە کورد نەکرا و سیستمێکی سیاسیدا یەک نەتەوە دامەزرا.**
**دوکتور کاوە عەزیزی**

# رووحانی و دەوڵەتی بنکە فراوان !



**رێبوار مەعروفزادە**

حەسەنی رووحانی یازدەهەمین سەرۆک کۆماری ئێران ١٨ کەسی بۆ وەئەستۆگرتنی پۆستی وەزارەت بە پارڵمانی ئێران پێشنیار کرد کە پارڵمانی ئێران لە رۆژی دووشەممە ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣ دەستی بە تاوتوێ لێوەشایی هەر یەک لەو کەسانە کردو دەنگی ئەرێنی بە ١٥ وەزیری پێشنیارکراوی رووحانیداو سێ وەزیری پێشنیارکراوی خوێندنی باڵا، پەروەردەو لاوانی رەت کردەوە. ئەو ١٨ وەزیرە پێشنیارکراوە ئاوێنەیەکن هەم لە ناکۆکیو هەم لە رێکەوتنی سیاسی لە نێو باڵو کەسایەتییە کاریگەرەکانی نێو کۆماری ئیسلامی ئێران. تێرامان لە کارنامەی حکوومەتداریو ڕوانگەی سیاسی ١٥ وەزیری پەسندکراوی ڕووحانی و ٣ وەزیری ڕەتکراوەی، یارمەتیمان دەدا کە بتوانین باشتر ئاسۆی سیاسی دەوڵەتو نیزامی سیاسی ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و جیهانیدا وێنا بکەین.

لێرەدا خاڵە گرینگەکانی رابڕدووی کاریو سیاسی هەر ١٨ وەزیری پێشنیار کراوی لە خۆ گرتووە. ئەو خشتە جەخت دەکاتە سەر خاڵی پسپۆری، ڕابڕدووی بەڕێوەبەریو پێگەی سیاسی ئەو کەسانە لە نێو ململانێی نێوخۆیی نیزامدا.

١. محەممەد عەلی نەجەفی وەزیری ڕەتکراوەی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن: دەرچووی بیرکاری زانکۆی شەریف و دوکتورای بیرکاری لە زانکۆی ام.ای.تی ئەمریکا. وەزیری پەروەردە لە ساڵەکانی ١٣٦٧ تا ١٣٧٦ لە دەورانی سەرۆک وەزیری میرحەسێنی موسەوی و سەرۆک کۆماری ڕەفسەنجانی، ڕاوێژکار لە دەوڵەتی خاتەمی و سەرۆکی بەرنامە و بوودجە. بە هۆی بەشداری لە ستادی هەڵبژاردنی مێهدی کەڕوبی لە ساڵی ١٣٨٨ و دەربڕینی هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانیانی نارەزایەتی ساڵی ١٣٨٨ لە لایەن مەجلیس ڕەتکرایەوە.

٢. .مەحموودی واعزی وەزیری ئیرتیباتات و فەناوەری : کارناسی باڵای ئێلێکترۆنیک و دوکتورای پێوەندیی نێودەوڵەتی.سەرۆکی کۆمپانیای موخابیراتی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ تا ١٣٦٥. جێگیری سیاسی ئورووپا و ئەمریکای وەزارەتی دەرەوە لە ساڵی ١٣٦٨ تا ١٣٧٦، جێگری ناوەندی لێکۆڵینەوەی دەزگای تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام لە ساڵی ١٣٧٨ تا گەیشتن بە وەزارەت.

٣. مەحموودی عەلەوی وەزیری ئیتتلاعات: دوکتورا لە بواری شەریعەتی ئیسلام لە زانکۆی فیردەوسی مەشهەد. سەرۆکی بەشی عەقیدەتی-سیاسی ئەرتەش لە ساڵی ١٣٧٩ تا ١٣٨٨ بە فەرمانی ڕێبەری نیزام، نوێنەری خۆلی یەکەم، دووهەم، چوارەم و پێنجەمی شوورای ئیسلامی.

٤. عەلی تەییێب نیا وەزیری ئابووری : دوکتورای ئابووری لە زانکۆی تاران. ماموستای ئابووری زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣٦٨ هەتا بوون بە وەزیر. لە ساڵی ١٣٧٣ تا ساڵی ١٣٩٢ بە شێوەیەکی بەردەوام لە دەزگا و کۆمیسیۆنەکانی پێوەندیدار بە ئابووری بەشدار بووە. بە هێنانەوەی ٢٧٤ دەنگی پارلمانی ئێران لە کۆی ٢٨٤ نوێنەری پارڵمان، بوو بە ریکورددار هێنانەوەی زیاترین دەنگی نوێنەرانی مەجلیس لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە.

٥. محەممەد جەوادی زەریف وەزیری دەرەوە : دوکتورای پێوەندی نێودەوڵەتی لە زانکۆی دونوری ئەمریکا. بالوێز و نوێنەری ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٣٨١ تا ١٣٨٦، لە ساڵی ١٣٨٤ بەملاوە لە گرووپی دانۆستانی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی وازی هێنا. ئەو کەسێکی نزیک لە ڕەفسەنجانی و لایەنگری باشترکردنی پێوەندی ئێران-ئەمریکایە.

٦. حەسەنی قازی زادە وەزیری تەندروستی: دوکتورای پزیشکی لە بەشی چاو لە زانکۆی مەشهەد؛ سەرۆکی زانکۆ پزیشکی تاران لە ساڵی ١٣٨٤و بەرپرسی ئەنجومەنی چشم پزیشکی ئێران لە ساڵی ١٣٩٠ تا کاتی بوون بە وەزیر.

٧.عەلی ڕەبیعی وەزیری کار: دوکتورای مودیرییەتی ئیستراتژیک؛ .ڕاوێژکاری بەشی کۆمەڵایەتی خاتەمی بۆ ماوەی ٨ ساڵ؛ لە محەممەدی خاتەمی نزیکە.

٨.مەحموودی حوجەتی وەزیری کشتوکاڵ: دەرچووی کارناسی عومران لە زانکۆی ئیسفەهان؛ وەزیری ڕێگاوبان لە خۆلی یەکەمی سەرۆک کۆماری خاتەمی و وەزیری کشتوکاڵ لە خۆلی دووهەمی سەرۆک کۆماری خاتەمی؛ حوجەتی لە خاتەمی نزیکە.

٩. مستەفا پوورمحەممەدی وەزیری دادوەری: دوکتورای جێی گۆمان لە بەشی شەریعەتی ئیسلام؛ جێگری وەزیری ئیتتلاعات لە ساڵی ١٣٦٠ و وەزیری نیوخۆ لە دەوڵەتی ئەحمەدی نێژاد لە ساڵی ١٣٨٤ تا ١٣٨٦؛ وەک یەکێک لە بەرپرسانی کوشتاری بە کومەلی زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ٦٠ دەناسرێ. لەم ساڵانەی دوییشدا وەک بەرپرسانی سەرکۆتی خەڵک ناسراوە.

١٠.حوسێنی دیهقان وەزیری هێزە چەکدارەکان : دوکتورای مودیرییەت لە زانکۆی تاران؛ سەرۆکی کاروباری جانبازان و ئیسارگەران لە دەوڵەتی هەشتەم و نوهەم، و جێگری وەزارەتی هێزە چەکدارەکان لە دەوڵەتی حەوتەم و هەشتەم.

١١. .عەباسی ئاخوندی وەزیری ڕێگاوبان : دوکتورای ئابووری سیاسی لە زانکۆی رۆیال هالووی لەندەن؛ وەزیری مەسکەن لە ساڵی ١٣٧٢ تا ساڵی ١٣٧٦.

١٢.موحەممەد ڕەزا نێعمەت زادە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی : لیسانسی مەهەندیسی ژێنگە لە زانکۆی بێرکلی ئەمریکا؛ وەزیری سەنایع لە ساڵی ١٣٦٨ تا ساڵی ١٣٧٦.

١٣.جەعفەری میلی مەنفەرید: وەزیری ڕەتکراوی خوێندنی باڵا دوکتورای موهەندیسی کارەبا لە زانکۆی پاریس؛ جێگری بەشی لێکۆڵینەوەی زانکۆی ئەمیر کەبیر لە ساڵی ١٣٧٢ هەتا ساڵی ١٣٧٦. بۆ ماوەیەکی کاتی سەرپەرەستی وەزارەوتی علوم لە ساڵی ١٣٨٢؛ لە مورە سەرەکییەکانی ڕێفورمخوزان لە کابینەی رووحانی بوو کە ڕەتکرایەوە.

١٤. .عەلی جەننەتی وەزیری کولتوور و روشنبیری ئیسلامی : شەریعەتی ئیسلامی خوێندوە و روون نییە چ ئاستێکی لەو بوارەدا تەواو کردوە؛
١. کوری ئەحمەدی جەننەتییە کە ئێستا سەرۆکی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزامە
٢.باڵوێزی ئێران لە کویت لە ساڵی ١٣٧٧ تا کۆتایی دەوڵەتی خاتەمی
لە ساڵی ١٣٨٥ تا ١٣٨٩ دیسان باڵوێزی ئێران لە کویت بووە.

١٥ .عەبدولرەزا رەحمانی فەزل وەزیری نێوخۆ: دوکتورای جۆغرافیای لە زانکۆی تەربییەت مودەرریس؛ سەرۆکی دیوانی موحاسیباتی ئێران لە ساڵی ١٣٨٧ تا کاتی بوون بە وەزیر. لە چەندیندەرەدا بەرپرسیارەتی جیاوازی لە بەشی دەنگ و رەنگی ئێران بووە. لە عەلی لاریجانی سەرۆکی ئێستای مەجلیس نزیکە.

١٦.بیژەنی نامداری زەنگەنە وەزیری نەوت : کارناسی باڵای بیناسازی لە زانکۆی تاران؛ وەزیری جیهادی سازەندەگی لە ساڵی ١٣٦٤ تا ١٣٦٨. وەزیری وزە ١٣٦٨ هەتا ١٣٧٦. وەزیری نەوت لە ساڵی ١٣٧٦ هەتا .

١٧.حەمیدی چیت چیان وەزیری وزە: کارناسی باڵای موهەندیسی میکانیک لە زانکۆی ئەمیر کەبیر ؛ جێگری وەزیری وزە لە ساڵی ١٣٧٢ تا ١٣٨٤. فەرماندەی بەشی ئیتتلاعاتی سوپای پاسداران لە تەورێز ١٣٨٤

١٨. مەسعوودی سولتانی فەر وەزیری رەتکراوی لاوان و وەرزش: کارناسی باڵای زانستە سیاسییەکان؛ .بۆ ماوەی ١٢ ساڵ وەک پارێزگاری گیلان، زەنجان و مەرکەزی کاری کردوە. بۆ ماوەی ٨ ساڵ جێگری سیاسی پارێزگار بووە لە پارێزگاکانی فارس، هەمەدان و هەرموزگان. دەنگی نەهێناوە و وەک شوورای شاری تاران ماوە.

ئێستا بە سەرنجدان بەو خاڵانە دەتوانین ئاماژە بە خاڵ و تایبەتمەندییانە بە نیسبەت دەوڵەتی رووحانی بکەین:

١.دەوڵەتی ڕووحانی بەرهەمی ڕێکەوتنی خامنەیی، رەفسەنجانیو خاتەمییە. بۆ نموونە عەلی ڕەبیعی وەزیری کاری ڕووحانی گەورەترین بەرپرسیارەتی ئیجرایی لە دەورانی خاتەمیدا بووەو بۆ ماوەی ٨ ساڵ ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی خاتەمی بووە. کەسێکی وەک بیژەنی زەنگەنە نیزیکە لە رەفسەنجانیو لە دەورانی بەرپرسیارەتی ئەو لە وەزارەتی نەوت زۆرترین گرێبەستو پێوەندی لەگەڵ کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان دروست دەبێ. مستەفا پوورمحەممەدی کە وەک وەزیری دادوەری دەنگی هێناوە، بەو پێشینە ئەمنییەتییە کە هەیەتیو تەنیا دەتوانێ کاندیدی خامنەیی بێ.

٢. کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ پێوەندییەکانی دەرەوەو دۆخی ئابووری ئێران باشتر بکا. دانانی سێ وەزیری ئابووری، نەوتو دەروە ڕێک ئەو مانایەی هەیە کە کۆماری ئیسلامی ڕێگە دەدا دەوڵەت تا ڕادەیەک پێوەندی دەرەوەو دۆخی ئابووری باشتر بکا. محەممەد جەوادی زەریف کە لە ساڵی ١٣٨١ تا ١٣٨٦ بالوێزی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان بووە بەوە دەناسرێتەوە کە لایەنگری باشترکردنی پێوەندی ئێران-ئەمریکایە.

عەلی تەیب نیا وەزیری ئابووری کابینەی ڕووحانی کە دوکتورای ئابووری هەیە هەم لە بواری زانستیو هەم لە پراکتیکدا بەوە ناسراوە کە دەتوانێ هەڵاوسان چارەسەر بکا.

٣. رەتکردنی سێ وەزیری پێشنیارکراوی خوێندنی باڵا، پەروەردەو لاوان دەکرێ دوو مانای هەبێ. یەک مانای ئەوەیە ڕێژیم ئامادە نیە ئەو کەسانە لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا بەشدار بکاتەوە کە پێوەندیدارو پشتیوانی نارەزایەتی ساڵی ٨٨ ن. بۆ نموونە کاتێک لە مەجلیسی ئێران ڕەخنەیان لە موحەممەد عەلی نەجەفی وەزیری پێشنیارکراوی پەروەردە دەگرت ئاماژەیان بەوە دەدا کە نەجەفی سەردانی بنەماڵەی قوربانیانی ساڵی ٨٨ی کردوەو هاودەردی لەگەڵ دەربڕیون. هەروەها ڕەخنەیان لە جەعفەری میلی مونفەرید ئەوە بوو کە لە لایەنگرانی دەفتەری تەحکیمی وەحدەتی زانکۆی ئەمیر کەبیر بووەو لە مانگرتنی ماموستایاندا بەشدار بووە. مانای دووهەمی ڕەتکردنەوەی ئەو سێ وەزیرە دەکرێ ئەوە بێ کە ڕێژیم ئامادە نیە فەزای زانکۆکان، قۆتابخانەکانو بواری لاوان بکاتەوە. هەر لەو سێ وەزیرە بۆ وەزارەتگەلێک پێشنیارکرابوون کە پێوەندیدار بە لاوان بووو هەروەها هەر سێ کەسیان لە بەرەی توندرەوانی نیزامدا نەبوون.

٤. زۆربەی ئەو وەزیرانە لە بواری زانستیو ئەزموونی کاری دەوڵەتی توانای بەرپرسیارەتی ئەو پۆستانەیان هەیەو ئەوەش هەماهەنگیو هێز دەبەخشێتە دەوڵەتی ڕووحانی. هەبوونی ئەزموون ڕادەی هەڵەکردنیان کەم دەکاتەوەو توانای تیپەڕاندنی ئەو دۆخەیان پێ دەدا.

لە کۆتاییدا بە سەنجدان بەو خاڵانەی سەرەوە ئاسۆی سیاسی دەوڵەتی ڕووحانی ئەوە دەبێ کە پێوەندی نێودەوڵەتیو دۆخی ئابووری باشتر دەبێو فەزای زانکۆکان، فەزای ئازادی بەیانو چاپەمەنی فەزایەک دەبێ لە ئاستێکی خوارتر لە فەزای خاتەمیو فەزایەکی باشتر لە فەزای دەوڵەتی ئەحمەدی نێژاد.

## سەرچاوەکان:

ماڵپەڕی رادیۆ زەمانەو
ماقڵپەڕی بیبیسی





### درێژەی ڕاپۆرتی سمیناری

# کۆمەڵکوژیی کوردان، ستراتیژیی بەردەوامی داگیرکەران

کە مرۆڤ خۆی لە سەردەمی کۆن رزگار دەکا و هەنگاو دەنێتە سەردەمێکی نوێ کە ئەو سەردەمە تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە خۆی لە دروستبوونی دەوڵەتدا دەبینێتەوە کەواتە دەتوانین بڵێین، دەوڵەت بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنیزاسیۆنە. دروست بوونی ئەو سێ بوارە ئاسەواری خۆی لێدەکەوێتەوە: لە یەکدەستی فەرهەنگیدا خاوەنی بیرۆکە بە شوێن ریشە مێژووییەکاندا دەگەڕێو هەوڵ دەدا لە مێشک و زەینی تاکەکاندا تۆماری بکا. بۆنمونە شای ئێران بە مەبەستی بوار رەخساندن بۆ یەکدەستی فەرهەنگی ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە و جێژنی ٢٥٠٠ساڵە وەک نمادێک زەق دەکاتەوەو وەک پیرۆزییەک لە مێشکی تاکەکان دا تۆماری دەکا. بۆ وێنە لە فەرهەنگی ئێرانیدا گاڵتە بە تورک و عەرەب دەکرێ هەر ئەوە وایکردوە کە کوردیش وێڕای نەتەوەی باڵادەست گاڵتە بە عەرەب و تورک بکا و ئەو ڕێچکەیە بگرێتە بەر ئەگەرچی ئەو نەتەوانەش وەک کورد لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە دەچەوسێندرێنەوە. لێرەدا سیستمی سیاسی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بیرۆکەیە مکانیزمی مەهەندیسی کۆمەلایەتی دێنێتە کایەوە و لەو ڕێگەیەوە گشت جومکەکانی کۆمەڵگە لە بچوکترین ئاست کە پەروەردەیە تا بەرزترین ئاست لە هەوڵی دروست کردنی مرۆڤێکدا دەبن کە نمادی ئەو یەکدەستییە فەرهەنگییە بێ. بۆ وێنە هەر ئێستاکە لە ئێران بەشێک لە کوردەکان زۆر بە فەخرەوە خەریکی خزمەتکردن بە زمانی فارسین. یا هەندێ کەس بە ئێرانی بوونی خۆیانەوە شانازی دەکەن کە ئەوە ئاکامی ئەو یەکدەستییە فەرهەنگییەیە واتە بە بەرنامە و بە بێ بوونی دەسەڵاتێکی تایبەتمەند ئەم رەوتە دەگرنە بەر. یەکدەستی فەرهەنگی شێوازگەلێکی زۆری هەیە بۆ وێنە ئەنفالی سپی بەڵام وێنە زۆر باو و رادیکاڵەکەی بریتیە لە «تووندوتیژی» ئەوەی وا لە تورکیە پێڕەو دەکرێ بەڵام لە ئێران لە قۆناغێکی بچوک زیاتر ئەو مکانیزمە بە کار نەهێنراوە یا شێوەیەکیتر کە پێی دەڵێن «ڕقی مێژوویی» کە لە ئێران لە زەمانی رەزاشا بە کار هێنرا وەک ئەوەی کە بۆ رەزیل کردنی نەتەوەکانی (تورک و عەرەب) کە سەردەمێک دەستیان بە سەر ئێران داگرتووە. وشەی ناشیرین بە کار هێنراوە بۆ وێنە لە ئێران زۆربەی نوکتەکان بە نەتەوەی تورکەوە ساز کراوە یا بە نەتەوەی عەرەب. لێرەدا دەبینین کە ئەو ڕقە مێژووییەی خۆیان بە سەر ئەو نەتەوانەدا دەرێژن. بەڵام لە هاودەست کردن بە مانا فراوانەکەی تەنیا چاو لە فەرهەنگ ناکا بەڵکوو لێرەدا کردەوەی تاکەکانیش دەخرێتە ژێر چاوەدێریو پرۆسەی گۆڕانەوە. لێرەدا ئیدۆلۆژی دێتە کایەوەو پێویستە فەرمانبەرداری لە تەواوی ئەو بەهایانە بکرێ کە ئەو ئیدۆلۆژییە باوەڕی پێیەتی. لە ئێران ئیدۆلۆژی ئیسلامی شیعە پێڕەو دەکرێ و جگە لە بواری کلتووری لە بواری رەفتاریشدا خوازیاری ئەوەیە کە تەواوی کۆمەڵگە وەک ئەو بێو هەر ئەو بەستێنە ئیدۆلۆژییە دەبێتە دەسەڵاتی سیاسیو ریژیمێک دروست دەبێ کە تەنیا ئەرکی ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ نیە بەڵکو کۆنترۆلی تاکەکان لە گشت بوارەکاندا دەبێ بە ئەرکی سەرەکی ئەو ریژێمە. کەواتە ریژیمێک کە بە ناردنی هێزەکانی بۆ کوردستانو بە مردنیان لە شەڕی لەگەڵ خەباتگێڕانی کوردستان مزگێنی بەهەشتیان پێدەدا، چاوەڕوانی کوشتنی زیندانییە سیاسییەکانی دەیەی شەستی لێدەکرێ. کەواتە کەسێکی وەکو خەلخالی وەکو ئێمە چاو لەو کردەوە دزیوانە ناکا بەڵکوو وەکو ئەرکێک کە مزگێنیدەری بەهەشتو کلیلی جەنەتی پێوەیە، سەریری دەکا ئەویش بە هۆی ئەوەی کە بەستێنە ئیدۆلۆژیەکەکەی تێدا پێکهاتوە.

**دوکتور کاوە عزیزی** لە دوا بەشی کۆنفرانسەکەدا بەم جۆرە شرۆڤەی کوشتوبڕی کوردی لە رۆژئاوای کرد: ژینۆساید لە سووریا وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان نەبوو بەلکوو سیاسەتێکی شوڤێنی بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی رێژیمەوە پێڕەو دەکرا. دوای دابەشبوونی کوردستان کە رۆژئاوای کوردستان خۆی لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی وڵاتی سوریەدا دیتەوە لە دانانی یاسای بنەڕەتی وڵاتدا پرسوڕا بە کورد نەکرا و سیستمێکی سیاسیدا یەک نەتەوە دامەزرا. سالی ١٩٦٠ یەکیەتی نێوان میسر و سورییە هەڵوەشایەوەو تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی بەعس لە سیستمی سورییەدا دەرکەوت. هەر لە دەیەی شەست دا زیاتر لە ٣٠٠ منداڵ لە کارەساتی سووتانی سینەمای عامودا سوتێنران. یا لە ئاکامی توێژینەوەکە بەناوبانگەکەی تالیب هیلال کە لە پارێزگای حەسەکە ئەنجامدرا، بە ناوی چاکسازی زەوی و زار بڕیار درا کە زەوی و زاری ئاغا کوردەکان بستێندرێنەوە و ڕادەستی ئەو رێژە کەمە عەرەبە خێلەکییە بکرێ کە لە پارێزگای حەسەکە نیشتەجێ بوون. لە ناوچە کورد نشینەکاندا قوتابخانە ، زانستگەو تەنانەت نەخۆشخانەش وەبەرچاو نەدەکەوتو کوردانیان بە نێوی پەنابەر بۆ پارێزگاکانی تر رادەگواست. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٢ زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کوردیان بە بێ رەگەزنامەیی هێشتەوە لە حاڵێکدا کە لەو ناوچەیە شوێنی حەوانەوەیان بۆ عەرەبەکان ساز دەکرد بۆ وێنە دروست کردنی زیاتر لە ٤٥ گوندی گەورە بە هەموو خزمەتگوزارییەکەوەو تێخزاندنی عەرەبەکانی ناوچەکانی تر لەگەڵ پرچەک کردنیان بە مەبەستی ئازاری کوردەکانی ئەو ناوچەیە. لێرەوە کۆچی بە کۆمەڵی کوردان بەرەو ئورووپا، تورکیە. لوبنان وحەلەب و شام و.. دەستی پێکرد. ساڵی ١٩٩٠ لە ئاگرتێبەردانی زیندانی حەسەکە نیزیکەی ٥٦ کورد سوتێندران کە پلانێک بوو بەمەبەستی ئاژاوە نانەوە لە نێوان کورد و عەرەبی ناوچەکە. بەڵام سەرەڕای ئەوانە کورد بە سەرهەڵدانەکانی قامیشلو، حەسەکەو کوبانی چوارچێوەی خاکی رۆژئاوای کوردانی بۆ دنیای دەرەوە وێنا کرد. بە تەواوی ئەو ماوەیە زمانی کوردی قەدەغە بوو تەنانەت گۆرانییەکی کوردی نەدەبیستراو فۆلکلۆری کوردییان لە ناو دەبرد. بە درێژایی ئەو مێژووە تاڵەی کورد لە رۆژئاوا پرۆسەی بە تەعریب کردنی منداڵی کوردو راگواستنیان و قەدەغەکردنی ناوی کوردی بۆ منداڵ و گۆڕینی ناوە کوردییەکانی دێهات و ناوچەکان بەردەوام بوو.

## بەڕێوەچوونی جێژنی ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی فینلاند

لە وڵاتی فینلاند ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کرا بە جێژنو یادی ئەو ڕۆژە مێژوویییە بەرز ڕاگیرا.

کومیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٢٦ ی گەلاوێژ لە شاری لاهتی ڕێورەسمیکی بە شکۆی بەبۆنەی ٦٨هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب بەڕێوە برد. ئەو ڕێورەسمەدا کە بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێمۆکرات، نوێنەرایەتیی چەندین حیزبو ڕێکخراوی کوردستانیو کۆمەڵێک میوانو بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی شەهیدانو دوو تێکۆشەری دێرینی کورد تازە کۆچکردوو فەلەکەدین کاکەییو مامۆستا شێرکۆ بێکەس دەستی پێکرد.دواتر ئەیوب سووری پەیامی کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاندی بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب خوێندەوەو پاشان پەیامی حیزب و لایەنە سیاسەییەکانی کوردستان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کران. دواتر بە شێعر و موسیقا و هەڵپەڕکێ ڕێورەسمەکە ڕازایەوە.

# یادێک لە فەرماندەیەکی لێوەشاوە

## لە بیرەوەریی ٣٠ ساڵەی شەهید بوونی سەروان ئێقباڵ کەریمنەژاددا



**برایم چووکەڵی**

هەموو ڕۆژێکی تەمەنی حیزبێکی خەباتکار، حیزبێک کە نزیک بە ٧٠ساڵە لە پێناوی ئازادی و سەرکەوتنی نەتەوەی کوردو وەدیهێنانی ئاوات وئامانجەکانی دا تێدەکۆشێ، پڕە لە بیرەوەری تاڵوشیرین، بیرەوەریی حەماسەو شانازی خوڵقاندنو قارەمانەتیو گیانبازی لە پێناوی ئازادیدا.

ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ یەکێک لەو ڕۆژە لەبیر نەکراوانەی حیزبەکەمانە کە لەودا حەماسەو قارەمانەتییو خۆراگری ڕۆڵە بە جەرگەکانی حیزبی دیموکرات تۆمار کرا. پێشمەرگە ئازاکانی دێموکرات لە مەڵبەندی سنە لە شەڕێکدا لەگەڵ دوژمنانی ئازادی، سەنگەریان بە خوێنی خۆیان سوور کردو لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەیان لە خۆڕاگریو سوور بوون لەمەڕ ڕێبازو ئامانجیان بە لاپەڕەکانی مێژووی خەبات زیاد کردو بەسەربەرزییەوە سەریاننایەوەو سەریان بۆ دوژمن نەوی نەکرد.

یەکێک لەو قارەمانانەی کە مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ خۆیو حیزبو نەتەوەکەی تۆمار کردوە، سەروان ئێقباڵی کەریم نەژادە. سەروان ئێقباڵ لە ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی لە بنەماڵەیەکی لادێی کوردەواری لە ئاوایی «نەوەڕە»ی سەر بە شارستانی سنە لە دایک بوو، بەرەبەرە کە گەورە بوو ڕەوانەی قوتابخانە کرا، لە پۆلی سێی ناوەندییەوە ڕووی لە فێرگەی سەربازی کرد لەگەڵ ئەوەشدا لە خوێندنەکەی ساتێک غافڵ نەبوو. پاش ئەوەی بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرت، چووە زانستەگەی نیزامیوپاش بڕینی ئەو قۆناغەش لە لقی تۆپخانەدا درێژەی بە ئەرکەکانی داو بۆ ماوەی پازدە ساڵ لە تۆپخانەدا کاری کرد. لەوبارەوە ئەزموونێکی باشی خستە سەریەک. ناوبراو ئەفسەرێکی بەهەست ونیشتمانپەروەر بوو هەمیشە لەبیری ئازادی نەتەوەکەیدا بوو. ئەو هەستە پیرۆزەی سەروان ئێقبال بۆ هاوپایەکانی هەستێکی ناسراو بوو، سەرەڕای زەبروزەنگی نێو سەربازگەکان، هیچکات سەری بۆ ملهوڕی فەرماندەرانی دانەدەنواندو لە بەرانبەریاندا هەڵویستی دەگرت. لە زۆربەی پادگانەکاندا کاری کردو ماوەی چەند ساڵێش لە پادگانی مەهاباد بوو لەو ماوەیەدا ناوی سەروان ئێقباڵی کەریم نژاد بۆ لاوەکانی مەهاباد، بە تایبەت ئەوانەی لە نێو پادگان دابوون، بەهۆی نیشتمانپەروەری، شەهامەتو نەترسی لە ئاست فەرماندە دژی گەلی‌یەکانی ئەرتەشی شادا. ناوێکی ئاشنا بوو. هەربۆیە هەموو سەربازو ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکان ڕێزیان لێدەگرت. سەروان ئێقبال یەکێک لەو ئەفسەرانە بوو کە ترسی لە دڵ ڕانەدەگرتو لە بەرامبەر هەموو ناحەقی‌یەکدا ئازایانە ڕادەوەستا، بەڵام لەگەڵ ئەفرادی ژێر دەسەڵاتو فەرمانبەری خۆی هێمن ولەسەرەخۆ بوو وەک براو هاوڕێ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن وڕێزی دەگرتن.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، سەروان ئێقباڵ یەکێک لەو ئەفسەرە شۆڕشگێڕانە بوو کە پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرتو لە هەموو دەرفەتەکاندا لە ئەزموونەکانی خۆی بۆ خزمەت بە پێشمەرگە کەڵکی وەردەگرت. پاش ئەوەی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی وڵامی ویستو داخوازەکانی گەلی کوردی بە گوللەو بارووت دایەوەو شەڕی بە سەر نەتەوەی کورد دا سەپاندو دەستی بە قەتڵوعامی ڕۆڵەکانی کورد کرد، پاش ئەوەی شاری سنەی خەباتو خوێن کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ژنو منداڵ وپیرولاو، وێکڕا قەتڵوعام کران، سەروان ئێقباڵی کەریم نژاد وەک ئەفسەرێکی شۆڕشگێر دەنگی نارەزایەتی لە نێو پادگانی سنەدا بەرز کردەوەو ئەو کردەوە دڕندانەیەی مەحکووم کرد. هەربۆیە لەلایەن ڕێژیمەوە دەست بەسەر کراو تەحویلی دادگای نیزامیی دراو بۆ ماوەی دوو ساڵ لە بەندیخانەدا لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بوو. پاش ئەوەی لە زیندان ئازاد کرا، چی دیکە ئامادە نەبوو خزمەت بە دووژمنی نەتەوەی کورد بکاو بە پێی ئەو هەستە شۆڕشگێڕانەیەی کە لە دەروونیدا پنگی خواردبۆوە، ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتی بۆ خەبات لە پێناو ڕزگاریدا هەڵبژاردو تێکۆشانی دیفاعی چەکدارانەی دەست پێ کرد. لە سەرەتاوە بەرپرسایەتی ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادەی پێ ئەسپێردراو وەک ڕاوێژکاری نیزامیی ناوەندی ئاژوانیش دیاری کرا. پاش ماوەیەک بوو بە فەرماندەری هێزی شەریفزادە.

ناوبراو لەوماوەیەی فەرماندەری هێزی شەریفزادە بوو، هەموو تواناو مودیرییەتو لێزانی خۆی بۆ کاروباری نیزامیی وەکار خست وئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لەوهێزەدا پێک هێنا. هەربۆیە ئەو هێزە بوو بە یەکێک لە کاراترینو بە ئەزموونترینو ڕێکوپێکترین هێزەکانی حیزبی دیموکرات. بە پێی گەڵاڵەی ڕێکوپێک تەنگی بە هیزەکانی ڕێژیم هەڵچنیبوو، ڕۆژ نەبوو ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی هێزی شەریفزادە بە فەرماندەیی سەروان ئێقبال زەبری کاریگەر لە هێزەکانی دوژمن نەوەشێنن. ناوو ناوبانگی سەروان ئێقبال بۆ دوژمن ببوو بە چقڵی چاو و بە بیستنی ناوەکەی ترس ولەرز هێزەکانی ڕێژیمی دادەگرت.

شەهید ئێقباڵ بایەخێکی زۆری بە هێزی خەڵک، پشتیوانی ڕاستەقینەی جووڵانەوە دەدا، زۆر جاران بە هاوسەنگەرانی دەگوت: شۆڕشو جووڵانەوە کاتێک سەردەکەوێ کە ڕیشەی لە نێو دڵی زەحمەتکێشاندا داکوتابێ، بۆیە گرینگی‌یەکی لە ڕادەبەدەری بە پێوەندی نێوان خەڵکوپێشمەرگە دەداو هەمیشە هەوڵی دەدا ئەو پێوەندییە قایمو پتەوتر بکا. بەدایم خۆی لەخەلک نزیک دەکردەوەو بە زمانی خۆیان لەگەڵیان قسەی دەکرد. هەر بۆیەش خەڵک ئەویان وەک کوڕی خۆیان چاو لێدەکردو خۆشیان دەویست وڕێزیان لێ دەگرت.

نەزمو دیسیپلینو هیمنیو لەسەرەخۆیی لەو تایبەتمەندییانە بوون کە سەروان ئێقباڵی پێ دەناسرایەوە، ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پێشمەرگە دەبێ بە پێێ نەزموئەخلاقوکردەوەی شۆڕشگێڕانەو ئاکاری جوان لەگەل خەڵک ڕووبەڕوو بێو لە ڕووی کردەوەی پەسەند تێبکۆشیو بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکا کە خەڵک بۆ لای حیزب ڕابکێشێ.

ئەزموونی فەرماندەیی، مودیرییەتی ڕێکوپێک و کردەوەی شۆڕشگێڕانە، سەروان ئێقباڵیان کردبووە جێی بڕواو خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو بە تەواویی جێێ خۆی لەنێو دڵی خەڵکێ ناوچەی سنەدا کردبۆوەو زەحمەتکێشانی ئەو ناوچەیە کاک ئێقباڵیان وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێر چاو لێدەکرد.

ئەو فەرماندە لێوەشاوەیە، جێێ هیواو هۆمێدی حێزبی دێموکرات بوو چونکی بە کردەوە سەلماندبووی کە ئەوینداری حیزبو خەباتگێڕێکی ڕاستەقینەی ڕێگای دیاری کردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکەیەتی.

زۆر بەداخەوە سەروان ئێقباڵ ئەو دەرفەتەی بۆ نەرەخسا کە زیاتر خزمەت بە حیزبو گەلەبەشخوراوەکەی بکاو وەک ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار لە ئاسمانی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد ئاوا بوو.

ڕۆژی ٢٧تا ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٢ ناوچەی لەیلاخی سنە، گۆڕەپانی حەماسەو هەڵمەتی دەستەیەک لە پێشمەرگە فیداکارەکانی هێزی شەریفزادە بوو کە، شێرانەو ئازایانە لەبەرانبەر هێرشی دڕندانەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی‌دا، سەنگەری دیفاع لە بوونومانی نەتەوەکەیان گرتو تا دوا فیشەکو دوا دڵۆپی خوێنو دوا هەناسەی ژیانیان، لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان شەڕیان کردو دەرسی کۆڵنەدانو بەچۆکدا نەهاتنیان بۆ هاوسەنگەرانیان بەجێهێشت، دەرسێک کە بۆ نەسڵەکانی دوای خۆیان بیکەنە سەرمەشقی ڕێگای خەباتیان.

لەشکریان کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی لە ئەژمار نەهاتوو بە پشتیوانی تانکو تۆپو خۆمپارەو کاتیوشادا، لە هەموو لایەکەوە بە مەبەستی تەفروو تونا کردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی سنە، پەلاماری دڕندانەی بۆ سەر ناوچەی» ڕمشت و میراوە» دەست پێ کرد. دوژمن هەموو ڕێگاکانی لەپێشمەرگە گرتبوو هیچ ڕێگایەکی دەرباز بوونی بۆ نەهێشتبوونەوە. پێشمەرگەی دیموکرات دوو ڕێگای لەبەر بوو، یا تەسلیم بوون یان مەرگی سەربەرزانە، بۆیە وەک هەمیشە ڕێگای دووهەمیان هەڵبژاردو بەڵێنیاندا بە شانازی‌یەوە گیانی خۆیان فیدا بکەن، بەڵام لەبەرامبەر دوژمندا سەر نەوی نەکەن.

پاش ئەو بەڵێنییە، بە بڕیاری فەرماندەری کار لێهاتووسەروان ئێقباڵی کەریمنەژاد بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆی دووژمن دەست بەکار بوون. ئێقباڵی فەرماندە لە پێشەوەی هاوڕێیانیدا دەست بە کار بوو هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمنو چەندین کوژراویان پێ بەجێهێشتن. ناوچەی «ڕمشت ومیراوە» ئاگرو ئاسنی بەسەردا دەبارێو نوقمی گرو دووکەڵ بوو. لە هەموو لایەک گرمەی تۆپوقریشکەی بی کەی سیو هاژەی کاتیوشاو لورەی خۆمپارە دەنگی دەدایەوەو شاخو پێدەشتی دەدڕیو بەرەو سەنگەری ڕۆڵەکانی دێموکرات دەچوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە قەت لە ئاورو ئاسنی دوژمن نەترساوەو هەر بەرەو سەنگەری دوژمن پێشرەوییان دەکرد.

سەرئەنجام پاش سێ ڕۆژ شەڕی دەستەو یەخەو سەنگەر بەسەنگەر، سێ ڕۆژ حەماسە خوڵقاندنو قارەمانەتیی نواندن، سێ ڕۆژ بەربەرەکانی کردن بە فەرماندەری سەروان ئێقباڵ کەریمنژاد گەمارۆی دوژمن تێک شکێندرا، بەڵام لە دوا کاتەکانی شەڕدا بەداخەوە فەرماندەری لێوەشاوەی حیزبەکەمان سەروان ئێقباڵی کەریمنەژاد لە گەل ١٥ هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی: موزەفەری تابیعی جێگری فەرماندەری هێز، شوکروڵڵای وەیسی فەرماندەری لک، حەبیبوڵڵای وەیسی فەرماندەری دەستە، عەباسی شەریعەتی ئەندامی کومیتە ناوچە، توفیق ئەسەدنژاد جێگری لک، عەبدوڵڵای ڕەزایی فەرماندەری دەستە، ئەمیری محەممەدی، ناسر ڕۆستەمی، محەممەدی زیبایی، یەدوڵڵای هادی، ئەمیری ئەنساری، هاشمی سەلاحیان، زاهید عەلامی، حەمید یەحیەویو عەلی حەبیبنژاد کەوتنە بەر گوللەی دوژمنانی نەتەوەکەمانو تێکەڵ بە کاروانی سووری شەهیدان بوون. خەڵکی ناوچەی سنە بە بیستنی شەهید بوونی فەرماندەری هێزی شەریفزادە لە گەڵ ١٥ هاوسەنگەری دیکەی بە داخبوونو هەرلەم کاتەشدا ڕۆڵەکانی دێموکرات بە شەهید بوونی فەرماندەرەکەیان نەک ورەیان بەر نەدا بەڵکوو چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانەیان بە یادی ئەوان بەڕێوە برد.

**سلاو لە شەهیدانی ٢٩ی گلاوێژ ساڵی ١٣٦٢ سەروان ئێقباڵی کەریم نژاد و پازدە هاوسەنگەری.**



# ماڵئاوا زیندووترین شیعری کوردی!



**عەلی لەیلاخ**

به دەیانو بگرە سەدان ساڵ دەگوزەرێ هەتا کەسانێک پێی بنێنە ئەم دنیایە کە مەرگ نەتوانێ بەئاسانی بیانسرێتەوە. جاری وا هەیە ئەو کەسە بلیمەتانە لە دوای مردن جێگای خاڵیو نەبوونیان زیاتر هەست پێدەکرێ. بە زمانی سادەتر ئەوان میوانی خۆشەویستی ژیانن کە دێن و دەچن، بەڵام بۆ هەتاهەتایە دەبنە خاوەن ماڵی مێژوو!

کوردیش وەکوو نەتەوەیەک تائێستا بە دەیان کەسی وای لە دیوەخانی بەسەرهاتو لە خانەباخی سەربەرزیو شانازییەکانی خۆی پاڕاستووە! یەک لە وانە «شێرکۆ بێکەس»ە، کە لە گوڵزاری زامداری ئەدەب وشێعری کوردیدا گوڵێکی گەشاوەیەویەو بۆن وبەرامەی «جیهانی» هەیە!

لەم ڕۆژانەدا کە ڕێکەوت بوو لە گەڵ کۆچی دوایی ئەو مەزنە شاعیرە، بەرانبەر بەم کۆستو زیانەکەشی لە ڕاگەیاندنە گشتی‌یەکاندا زۆری لەسەر گوتراو نووسراوەو ئیدی من نامەوێ ئەوانە دووپات بکەمەوە و باسی گەورەییو ناسراوی شێرکۆبێکەس بکەمەوە. بەڵام تەنیا لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە بە خێرایی ئاستی جیهانیی بوونی شێعرەکانی دەخەمە بەرباسو پاشان دەچمە سەر خاڵێکی گرینگتر.

ئەگەرچی ئەدەبیاتی نووسراوە (مکتوب) کوردی بە بەراوردکردنی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی وەکوو فارسو عەرەب، تەمەنی کورتترە، بەڵام هەر لەم ماوە کورتەدا بە پشتیوانی گەنجینەی فۆلکلۆریک وهەروەها دەوڵەمەندیی زمان وفەرهەنگ و...، ئەدەبی کوردی بەتایبەت لە بواری شێعردا سنوورەکانی بەزاندو خۆێ بە نەتەوەکانی دیکەش ناساند کە ئەم شانازییە دەسکەوتی چالاکیی ئەدیبوشاعیرانێکە وەکوو»شێرکۆ بێکەس»، کە بە جوانترین شێوە لە هونەری شێعر بۆ ناساندنی دەنگو ڕەنگی نەتەوەکەیان بە دنیای دەروە کەڵکیان وەرگرت.

شێعرێک جیهانی‌یە، کە خاوەنی هەستو سۆزی گشتیو شعوورو هزری بەرز بێو بتوانێ لە ڕێگای وەرگێرانەوە، بۆ گەلانی دیکەیش دەنگو ڕەنگی شێعریو تامو چێژی هونەرمەندانەی هەبێ، هەروەها وەک چۆن لە مژاری ڕووناکبیریی‌دا دەڵێن: «باشترین ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە ناوچەیی عەمەڵ بکاتو جیهانیی بیر بکاتەوە«. هەر بەپێ ئەم وتەیەو بە هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی «شێرکۆ بێکەس» بۆمان دەردەکەوێ کە شێرکۆ بێکەس جیا لە کاریگەریی ڕۆشنبیرانە بەسەر ئەدەبو شیعری کوردی، کۆڵەکەیەکی پتەو قایمی ئەدەبی بەرەنگاریو نەتەوەییە، کە لە ئاستی جیهانیش‌دا شێعرەکانی خۆ لە شێعری شاعیرە هەرە ناودارەکانی جیهانی وەک کەسانێک وەکوو»لۆرکا» و «نرۆدا»و نازم حیکمەتو مەحموود دەروێش»و»ئەحمەدی شاملوو» دەدا.

شێعری شێرکۆ دەنگو هاوارێکە کە خۆشەویستیو ژیان تێی‌دا بانگەواز دەکاو لوولەی تفەنگەکان دەکاتە ئینجانێک بۆ گەشەی خۆنچەی ئازادی! هونراوەکانی هەم پڕن لە ڕەگو ڕیشەی کوردایەتیی و هەمیش وەک باخێکی گشتی‌یە، کە هەموو کەش دەتوانێ چێژ لە میوەکانی ببینێ. شێرکۆ توانی وەکوو موسافرێکی یاخی سنوورەکانی زمانو فەرهەنگ تێپەڕێنێو بەزمانی «هونەرو گوڵو پێکەنین»، بە «هزری بەرز»و بە نواندنی خەیاڵو خولیای ئینسانیی، خۆی لە لای گەلانی دیکەیش خۆشەویست بکا.

هەر بۆیە ئەم شاعیرە مەزنە لە میدیا بیانییەکان‌دا، بە «ئیمپراتۆری شێعری جیهان»و بە «گەورەترین شاعیری کورد»و، بە «شاعیری مرۆڤو مرۆڤایەتیی» ناوی لێبراو. بە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی شێرکۆ بێکەس لە سەرانسەری دنیادا ئەوەی سیفەتی جوان بێ، ئاراستەی کرا.

ئەمە جێ شانازیو پێزانینی هەر تاکێکی کوردە، بە هەر بیروباوڕێک کە هەیەتی، چۆنکە لە دەلاقەی شێعرو هونەری کەسانێک وەکوو «شێرکۆ بێکەس»ەوە حەقیقەتی مرۆڤی کوردو خەون وخولیای تاڵانکراوی دەبیندرێ! شێعری ئەو دەنگی گەلێکی ستەم لێکراوە، هاواری تاڵانوماڵ وێرانیو ئەنفاله...کە بەجوانترین شێوە دەگاتە گوێی جیهانیان!

خاڵێکی بەرچاوو ئینسانیی لە شێعرەکانی «شێرکۆ» کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە بەانبەر بە نەیارانی گەلو دوژمنانی نەتەوەکەیشی باسی تۆڵەو کوشتنی ئەوان ناکا، بەڵکوو هەمیشە چەپکە گوڵێکی هەیە بۆ سەر تاقی ئینسانیەتو کۆترێکی سپی بە ناوی ئاشتی لە ئاسمانی شێعرەکانی‌دا دەفڕێ! شێرکۆ»شاعیری نرکەی سەردەمانی شاخوئەهوەنی شارە!»ترس»و»سامناکی» شەڕلەگەڵ «ئەوین»و»دڵخۆشی» ژیان تێکەڵ دەکات بۆئەوەی نەوەی داهاتوو، ڕابردوویان لەبیر نەچێو بۆ گەیشتن بە لووتکەی سەربەرزیو ئازادی هەردەم تێبکۆشن! هەر بۆیە نووسەرێک لە ڕۆژنامەی (اعتماد) ئێران‌دا نووسی:شێرکۆ نەمرد! بەڵکوو بوو بە کێوێک لە کێوەکانی کوردستان!

سەرەڕای گشت ئەمانە ئەوەی کە لە مردنو لەدەستدانی ئەو شاعیرە مەزنە زیاتر جێگای داخوکەسەرە هێندێک قسەوباسوبیرو بۆچوونی دواکەوتووانەیە، کە هەر لە یەکەم ڕۆژی مردنی دەستی پێکرد، بە تایبەت لە بەشداری کەمرەنگو ساردی خەڵکی هەولێر لە کاتی گەڕانەوەی تەرمەکەی، هەتا جێبەجێ کردنی وەسییەتنامەکەی!

زۆر سەیرە کە ئەو خەڵکە بۆ بەشداری کردن لە کۆنسیرتی «کوڵە گورانی بێژێکی فارس»کە بێجگە پارە کۆ کردن! هیچ قازانجی هونەریو فەرهەنگیی نیە، دەستو لاقی یەکتر دەشکێنو جل لەبەر یەکتر دادەڕن! بەڵام بۆ پێشوازی کردن لە تەرمی گەورەترین شاعیرو ڕووناکبیریی گەلەکەیان، پاساوی شەرعی دێنەوە کە شێرکۆ لە ژیانی تاکەکەسی خۆی چەندە دیندار بووە!

هەر بە کاریگەریی هێندێک لایەنی بیر وشکو دواکەوتوو لە هەولێری «پایتەخت» تەرمەکەی پێشوازیەکی شیاوی ئەو مرۆڤە دڵسۆز و بەئەمەگەی لێنەکرا.

مەگەر مێژووی هونەرو فەرهەنگی هەر گەلێک چەند کەس وەکوو «شێرکۆ بێکەس» هەڵدەکەوێ کە ئێمەی کورد بەئاسانی بێمنەتیان دەکەین؟

خەڵکێک کە سامانە بەنرخەکانی هزروبیرو فەرهەنگی خۆیان نەناسن و وڕێزوحورمەتیان نەگرن!، ناتوانن نەتەوەکەی خۆیان خۆش بوێ.

هیوادارم هیچ کوردێک بەرانبەر بە کەسایەتی‌یە پایەبەرزوناودارەکانی گەلەکەمان بێوەفا نەبێ.



کوردستان

# ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦١٤
٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٢
٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣



حەسەن دانیشفەر

## بۆ ٦٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

لێرە حەقدە ساڵ لەمەوبەر
لە جەنگەی هێزو گوڕوتین
دڵگەورە بوومو نەتۆرام
جەستەم ڕۆیی دڵ مایەوە
زانیم زەمەن دەیسەلمێنێ
چارەنووس وەک ئاڵای کۆمار
ئەو سەردارەی لە قاراوە
ئەو سەردارەی یەکەسوار بوو

من و شێعر لە ناو سەنگەر
هاتن بەربینگیان پێگرتین
بڕوابەهێز بووم نەگۆڕام
خۆشەویستییش نەبڕایەوە
کێ دەڕوات و کێ دەمێنێ
منی دایە دەستی سەردار
بەشێک لە جەستەی جێ ماوە
بڕبڕەی پشتی کۆمار بوو

*

هێندێ خەڵک پێیان وا بوو
وایان زانی پەری خانم
لە ڕەشبەڵەکی هەڵبەستم

خۆری شێعری من ئاوا بوو
لێرە نایەتەوە ژووانم
وەک دۆ نایەتەوە دەستم

*

کەچی وا ئەمڕۆ پێکەوە
بەوپەڕی فەخرو شانازی
دەستەو نەزەر ڕاوەستاوین
بۆ دامرکانی کوڵ و کۆی

بە شەستوهەشتەم کێکەوە
لەخزمەت پێشەوا قازی
وەک جاران سەرلەپێناوین
با کەس نەمکا بە مڵکی خۆی

بۆ هەمووان لە شێوەی مۆمم
من ڕۆڵەی نەتەوەی خۆمم

*

سەرێک لە پێناو نیشتمان
وەکوو سەری سەر پەیکەرە
لە ڕۆژئاوا، لە ڕۆژهەڵات
بوون بە مامۆستای گیانبازی
شێخی پیران، شەرەفکەندی
شێخی نەهری، سمکۆی شکاک
بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری
خۆشەوی خەلیل مزووری
لەگەڵ سەیف و سەدری قازی
لە ڕیزی هەرە پێشەوەن

نەچێتە ڕێی مان و نەمان
نابێ بڵێی گیان لەبەرە
باشوورو باکووری وڵات
شێخ عبدالسلام و قازی
قاسملوو نموونەی مەندی
لەپێناو نیشتمان و خاک
سەری خۆیان کردە دیاری
حەسەن ئەحمەد مێرگەسووری
هەر چواریان بەبێ جیاوازی
چونکە شەهیدی نەتەوەن

*

وەتەن، زێدی باپیرانم
ڕێگا گەرچی ناهەموارە
ئێستاش کوڕی ئازا زۆرن
قەت ناچێ خوێنیان بەفیڕۆ
بە گوللەو زنجیرو تەناف
وەک پۆلوو دەگەشێنەوە
ئەوسا کە ئاڵا هەڵکرا
بە دەنگی دڵبزوێنەوە

ئارامبەخشی دڵ و گیانم
من ئاسۆی ڕوونم لێ دیارە
بڕوابەهێز، دڵنەگۆڕن
چوار ئەفسەری کۆماری تۆ
دانامرکێن ڕۆڵەی ژێ کاف
دڵنیا بە کە دێتەوە
کوڕو کچت لە چوارچرا
«ئەی ڕەقیب»ی دەڵێنەوە

***

## (٢٥)ی گەلاوێژ سەوزەمێرگی وشەی مێژوو



قادر بەشدار

ئەو ڕۆژەی ئاسمان لاپەڕەکانی تریفەی چاوی هەژارو ئازادیخوازانی وڵاتی هەڵدایەوە، ئەو ڕۆژەی ئاهی بەلەنگازانی وڵات لەترسی قامچیی زۆرداران بوون بە هەوری قەتماغەبەستووی ئاسمان و گریانیش لەم خاکەدا یاساخ بوو، ئەو ڕۆژەی پیرۆزییەکانی وڵاتم هەموو وێکڕا لەبەر دەم دیکتاتۆریەت یاخی بوون و ئەستۆکان بە سەخاوەتەوە لەپێناوی ژین و گوڵی سەربەستی چوونە ژێر پەتی سێدارە، ئەو ڕۆژەی ژانەکانی گەل هەموو وێکڕا بوون بە پێشمەرگەو لەژێر سێبەری شۆڕشێکدا دەستیان کردە ملی چیا.

لەو ڕۆژەوە ژین و مەرگی دڵسۆزان ئاوێتەی مێژوون و تاوەکوو ئەمڕۆش قامکە مەردەکان لە ڕامووسانی خامەی نیشتمانی نەبوونەتەوە...و هەموو ڕۆژێ داستانی مەردایەتی دەنووسنەوە، هەموو ڕۆژێ هەڵبەستێک بە باڵای شۆڕش دەبڕن و ژێو پەنجەی هونەرمەندان هان دەدەن و سروودی سەرەوەری تێکەڵ بە ئاوازی چیایی و ویستی خۆڕاگری دەکەن.

دێموکڕات! ئەی فریادڕەسی نیشتمان و بەلەنگازانی ڕۆژهەڵات! لەو ڕۆژەوە کە تۆ لە ویژدانی کوڕانی خاک شۆڕشت خستۆتەوە، هەموو ڕۆژێ لە مێرگی سەوزی وشەدا ئاپۆرای پیتەکانی سەروەریت هەمێز دەکەن بە ڕستەو داستانەکانی خەباتت دەنووسنەوە.

ئەم وشانە مەردن وەکوو هاژەی چەمو خۆشترن لە سیمفۆنیای تاڤگەی زەنوێرەکان و بۆنخۆشن بە گوڵاوی هەر بستێکی خاکو شەپۆل دەدەن و چیرۆکەکانی بەرخۆدان و سووتماک بۆ دوورو نزیکی جیهان پەخش دەکەن و لەگەڵ ڕۆمانی تەمەنت هەر بەرێوەن و تاوەکوو گەیشتن بە سەربەخۆیی لێت نابنەوە، ئەم وشانە بە نێو تونێلی پرسەوناڵەی شەوە بێدارەکانی دایکانی شەهیدان و ئاهی گۆچانەکان و حەیرانی دەشتو هۆرەی چیایی و گریەی هیوا سەربڕاوەکانی دولبەراندا گوزەریان کردووەو وێنەی زامەکانی نیشتمان نیشان دەدەن. ئینجا هێدی‌هێدی لەبەر ئاوێنەی گیانی شەهیدانی سەرکردە، پێشەوا قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی بەرەوڕووی تێکۆشانت دەکەنەوەو بۆ سپێدەیەکی تری تێکۆشان بەرەو ڕزگاری نوێ دەبنەوە.

ئەی دێموکڕات! وەتای مێژووت دەخوێنمەوە لە هەر قۆناخێکی تەمەنت وێنەیەکت دەبێ بە سۆناتیایەکی گیانی کوردایەتیم و گیانم نوێ دەکاتەوە. لە مەیدانی چوارچراو سێدارەکەی قازی پۆلە قوڵینگی وەفاو بوێری و مەردایەتی سروودی هیوا دەڵێن و «ئەی ڕەقیب» هەموو ڕۆژێ باڵاتر دەبێ بە زامەکانی قاسملووت قەڵەمو شۆڕشم سوورتر دەبن و باوەڕی لاوانی وڵات و شۆڕش گەشە دەکەن و بەگژ دوژمناندا دێنەوە. لە ڕووحی پاکی شەرفکەندیت درێژەی خەباتی بێ‌وچان و لە ئاسمانی شۆڕشە پیرۆزەکەشتدا ئاسۆی سەرکەوتن بەدی دەکەم.

بۆیە هەمیشەو هەموو ساتێ دەڵێم: بژی دێموکرات، بژی دێموکڕات، بژی دێموکڕات.

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان

کەس نەڵێ کورد مردووە. کورد زیندووە زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

هەڵچێنی

## جیاکردنەوەی ناوی کۆن و نوێ بۆ ژنان



مستەفا شێخە

لە گەڵ تۆمە خانمی بەڕێز! لێم بوویەتە مۆتەکە، ناوێرم سەیری ئینترنێت بکەم، بڕوانمە تەلەفزیۆن یان لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەڵدەمەوە، لێم قوت دەبیەوە. سینگت ڕەپێش دەخەی و هەژدەرهەژدەر دەست پێدەکەی: «توندوتیژی دژ بەژنان، مافی یەکسانی ژن و پیاو، ژنانی فیمینیست و فلان ڕێکخراوو فیسارە کەمپەین و نازانم چی و چی.» تۆ خوا پێت عەیب نییە؟ شەرم ناکەی؟ ئەوە بۆ حەیا بوو بە تنۆکە ئاوێکو بەم خۆڵە وشکەدا ڕۆچووو هەر هەڵمیشی نەما؟ هەر تیتۆڵێک لە پیاوان دابڕن.

خۆ سەردەمی ژن بەژن و گەورە بەبچووکو بەرخوێن دان نەماوە. ئەوەتا قامک دەچاوم ڕۆبکە، بزانە کەس هەیە ژن بەژن بکات؟ پیاوێک دەبینی بە منداڵی لە سەر پشتی بێشکە کچەکەی لەسەردەستی مەلای ئاوەدانی لە کوڕپەڵە خۆشەویستەکەی برازای خۆی مارە بکات؟ کەسێک دەبینی لە ڕووداوی هاتووچۆی ماشێندا یان فیشەکی لەدەست دەربچێت و کەسێک بکوژێت و کچەکەی یان خوشکی بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە ببەخشێتە لایەنی بەرانبەری؟ خۆشت دەزانی ئەم دابونەریتە باشانە هیچکامیان نەماون، بۆیە وا لێمان دەرهەڵبوویە.

ئەگەر ئەم دابونەریتانە مابان، سوودێکی باشت بە کۆمەڵگا دەگەیاند. بە ژن بەژن و مارەبڕین لەکاتی منداڵیداو بەرخوێن دان، دەبوویە هۆی پتەوکردنی خزمایەتی و کوژاندنەوەی کێشەی نێوان عەشیرەتەکان و ئارام ڕاگرتنی بارودۆخەکە. بەڵام بەم هەڵڵاو هەنگامەیەی ئێستا بەرپات کردووە، لەم هەموو شتە باشانە بێبەریت کردووین. خۆ سەردەمی جاری جارانیش نەماوە بە نسحەت و ئامۆژگاری کردن بگۆڕێی. دەستت بە قەڵەم ڕادەگات و ئەو قامکە باریکۆکانەت بە کیبوردی کامپیۆتێر فێربوونە. هەر چاکە ڕێگامان پێدەدەی بێینەوە ماڵ و بە بێدەنگی هەتا ڕۆژی دواتر لە قوژبنێک بخزێین و خۆمان لە باو باران و گەرماو سەرما بپارێزین!

جاری جاران بە جوانی خۆت لە ناو چارشێو وەردەپێچاو لە چاوی نامەحرەم دوور دەکەوتیەوە. ئێستا بە چارشێو فڕێدانەکەش نەوەستاوی. سەرت بۆ ڕووت کردووم و لاشانیشت تا نێوەڕاستی سینگت داماڵیوەتەخوار. هێندێک جار کوتە پەڕۆکێکی ئەوەندە کورت دە قاچەکانت وەردێنی، وا دەزانم وەک جاری جاران بەتەمای بچی خوری و مافور و شتی وا بشۆی یان قوڕی تەندوور دروست کردن هەڵدەشێلی.

سەرەڕای هەموو ئەوانە پوڵو پارەشت لە بەرک و گیرفانانڕدا نەهێشتووە، هێندەی بە سووراو و سپیاو و ریمێڵ و فۆڕمژەو سایەو سەدان شتی خۆ ڕازاندنەوەی بدەی!

پیاوانیش لەترسی زمانت ئاکاریان گۆڕاوەو لەترسان متەقیان لێوە نایەت. هێندێک لە پیاوانیش هەر لەخۆیانەوە لەوپەڕی چاکی و دڵاوایی‌دا بە خێرا خۆیان مەیدانیان داوە بە ژنان. بۆ ئەم کارە کە من و ئەوانی دیکە بەدڵمان نییە، پیاوانی ڕووناکبیر لە پێشەوەن. ئەو ڕووناکبیرانەی بە شەو و بەڕۆژ لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا هەوڵ دەدەن باسی مافی ژن بکەن و وەک زەعیفەو بێ دەرەتان یارمەتییان دەدەن. کەم نین ئەو پیاوە ڕووناکبیرانەی بەردەوام خەریکی نووسین و لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان بەم بابەتانە پڕدەکەنەوە کە باس لەماف و دەستکەوتەکانی ژنان دەکەن. بەڵام ژنان زۆر بێئەمەگن و کاتێک مێردە ڕووناکبیرەکانیان دەگەڕێنەوە ماڵ، سنگیان ڕەپێش دەخەن و بەرووهەڵماڵاوی دێنە ناو مەجلیسی پیاوان. لە جیاتی قاپ و کەوچک شوشتن و خاوێن کردنەوەی ماڵ و ئامادەکردنی کەوچکە شیوێک بۆ مێردەکانیان، وەک ئەوان مەجیلسی بۆ دەگرن.

باسی ڕێکخراوو حیزبە سیاسییەکان هەر ناکرێت کە چەندە لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ڕۆڵی ژنان دان. هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان بە عەلمانی و کۆمۆنیست و ئایینییەوە، لە هەوڵی ئەوەدان خزمەتی زیاتر بە ژنان بکەن و لە خەباتی ژیانی ڕۆژانەدا بەشداریان بکەن. تەنانەت ئەو گروپانەی بە توندڕەویشیان دەناسن، ژنان بەشداری جیهادی خۆش دەکەن و ئیزنیان دەدەن لە بەرەکانی شەڕدا بەنۆبە بڕۆنە باوەشیان.

لە کاتێکدا هەموو حیزب و ڕێکخراوێک ڕێکخستنی تایبەت بە ژنانی هەیە، دیسانیش ژنان دەم دێننە بەرەوەو باس لە ڕێکخراوی مەدەنی سەربەخۆو شتی وا دەکەن. تۆ سەیری هەر نەتەوەیەکی دەورووبەرو دوورەدەستی خۆمان بکەی، تەنیا ناوێک یان دووناویان بۆ ژن داناوە. ئەمە لەکاتێکدایە خۆمان ئەوەندەمان ناوی خۆش بۆ ژن داناوە، هەر مەپرسە. ئەگەر بە ناوە کۆنەکەیانەوە سەیری بکەین خۆ لە چەندین ناو دەدات و لەبەرانبەردا پیاوی ماف خوراوو بێبەش لە ناوێک زیاتری نیە.

لە ڕابردوودا بەپێی تەمەن، تەنیا ناوەکانی، ژنێ، کچێ، پیرێژن، ئافرەت و زەعیفە بۆ ژن کەڵکی لێوەردەگیرا بەڵام ئێستا لە سایەی عەولەمەو تەکنۆلۆژیاو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە چەندین ناوی وەک ژن، ئافرەت، مێینە ، خوشکان و خانمان هاتووەتە سەر ناوە کۆنەکان و هەر لایەنەو بە بۆچوونی خۆی ناوێکی تازە بۆ ژن دەدۆزێتەوە. ئەگەر ئەم بایە بەردەوام لەم کونەوە بێت، تا سێ چوار ساڵی دیکە دەبێ قامووسێکی تایبەت بە ناوی ژنان بنووسرێ و دانەدانەی ئەم ناوانەی تێدا شیبکرێتەوە.

لەم سەردەمەدا کە ژن خۆی لە کاری پیاوان هەڵقورتاندووە، کۆڕو کۆبوونەوە نابینی وەک هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک چەند ژنێکی تێدا نەبێ. سەرەڕای ئەمەش، ژنان تووڕەن و لە جیاتی چاکەی پیاوان بدەنەوە، مۆڕەیان لێدەکەن.

بۆ ئەوەی موسەقەف بوون و ڕووناکبیر بوونی خۆم بسەلمێنم، واز لە ناوە کۆنەکان دێنم و تەنیا بە ناوەکانی ژنان و خانمان و ئافرەتان و مێینەکان و خوشکان ناوتان دێنم. هەر خۆشم دەزانم کامەیان پڕ بەدڵی خۆم دەڵێمەوە.

## چاپکراوی نوێ









# KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 614 22 August 2013



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Kdp:Tashkilat.kdp92@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


# ڕێزگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژنانی تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی حیزب

لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات ڕێزی لەو ژنانە گرت کە نێو ڕیزەکانی حیزبدا پتر لە دوو دەیەیە لە سەنگەری تێکۆشانو خەباتی نەتەوایەتیدا تێدەکۆشن.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٢٨ی گەلاوێژ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبو بەبەشداریی سەدان ژنەپێشمەرگەو ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو بەئامادەبوونی بەشیک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیو ڕێبەرێو کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوە چوو، لەوحی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێشکێش بەو کۆمەڵە ژنەی نێو ڕیزەکانی حیزب کرا لە پتر لە ٢٠ ساڵە شانبەشانی مێردو بنەماڵەکانیان لە سەنگەری خەباتو تێکۆشان دان.

لەو ڕێوڕەسمەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە وتەیەکی کورتی پێشکێش کردو لە سەرەتای قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد بۆ حیزبێک کە هەر چەند ڕۆژ لەوە پێش جێژنی دامەزرانی خۆی گرتو پێی نایە شەستو هەشت ساڵەی تەمەنی خۆی، بۆ حیزبێک کە حیزبێکی جەماوەری بووەو شانازی دامەزرانی کۆماری کوردستانی پێبڕاو، بۆ حیزبێک کە لەو سەردەمەدا ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبو سەرۆک کۆماری کوردستان خێزانی خۆی هان دەدا بۆ ئەوەی لە کاروباری سیاسیو چالاکیی پێوەندیدار بە کاروباری ژنان‌دا بەشدار بێ، بیرۆکەی بەشداریی ژنان لە حیزبەدا نەهادینە بووەو بۆتە کلتوور.

سکرتێری گشتیی حیزب بە ئاماژە بە دەورو ڕۆڵی ژنان لە مێژووی خەباتی ٦٨ ساڵەی حیزبی دێموکڕاتو خەباتو قوربانیدانی ژنان لە مێژووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌داو بە سەرنجدان بەوەی بەشی قورسی ئەرکی ڕاگرتنی کەشی خێزان بە تایبەت لە بارودۆخی سەختو دژواری خەباتی چەکداریی حیزبی دیموکڕات لە سەر شانی ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزب بووە، ڕایگەیاند جێی خۆیەتی ئەو خەباتو تێکۆشانو نەسرەوتنە ڕێزیان لێبگیردرێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە کاتێک ژنان دەتوانن لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان‌دا سەرکەوتوو بن کە پاڵپشتو پشتیوانی یەکتر بن، هاندەرو هاوکاری یەکتر بنو ئەوە ئەرکیانە کە بەرگری لە یەکتر بکەن.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەو ریوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەو، کورتە شێعرێک لەلایەن سروە فەتاحی خوێندرانەوەو کۆری هونەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش بە چەند گۆرانی ڕێوڕەسمەکەی پتر ڕازاندوە.

لە بڕگەی سەرەکیی ئەو ڕیوڕەسمەدا کە بۆ پێدانی لەوحی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ژنانی تێکۆشەر بە ڕابردووی پتر لە دوو دەیە خەبات تەرخان کرابوو، نیزیک بە ٩٠ کەس لەو ژنانە لەوحی پێزانینو ڕێزلێنانی حیزبی دێموکڕاتیان لە دەست کاک فەتاح کاویان، مستەفا مەولوودیو کەماڵ کەریمی وەرگرت.

شایانی باسە کە دوای پێشکێشکردنی ڕێزنامەکان پەیامی سپاسو پێزانینی ئەو ژنە تێکۆشەرانە لەلایەن گەلاویژ پەیرەوانەوە خوێندرایەوە.



---

بەر لە ماڵاوایی



# «لە سیماتانا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی زەحمەتکێش»

قادر وریا

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ، حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێزی لە کۆمەڵێک لەو ژنانە گرت کە زیاتر لە بیست ساڵە لە ڕیزە ئاشکراکانی ئەم حیزبەدا خزمەت دەکەن. لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسی بۆ ئەم مەبەستە پێک هاتبوو، ئەو ژنانە ڕێزیان لێگیرا کە وەک ئەندامی بنەماڵەی تێکۆشەرانی دیموکرات، وەک هاوسەری خەباتگێڕانی ڕێزەکانی پێشەوەی ئەم حیزبە، پتر لە دوو دەیەیە، چارەنووسی خۆیان لە چارەنووسی حیزبی دیموکرات گرێ داوەو نەک هەر ناخۆشیو سەختییەکانی ژیانی شۆڕشگێڕانەیان تەحەمول کردوە، بەڵکوو لە هەموو حاڵەتێکدا خەمخۆرو پشتیوانی ئەو حیزبە بوونو چی لە هاوکاریو دلسۆزیی بۆ ئەم حیزبە لە دەستیان هاتبێ، دریغیان نەکردوە.

کەسێک لە نێو بنکەکانی پێشمەرگەو کەمپەکانی تێکۆشەران‌دا نەژیابێ، ئەوەی ژیانی پێشمەرگایەتیی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان نەدیبێ، نازانێ ئەو ژنانە کە هاوخەباتو هاوچارەنووسی حیزبی دیموکرات بوون، چیان چێشتوەو چۆن خۆیان ڕاگرتوە. ئەو کاتانەم لە بیرە کە هاوڕێی حیزبیمان هەر لە ئەندامی ڕێبەریی بەرپرسی کۆمیتەی شارستان یا فەرماندە هێزەوە بگرە تا کادری تەشکیلاتی و دەرمانیو پێشمەرگەو هتد، خۆیان بۆ چوونەوە بۆ نێو زاری ئەژدیها ئامادە دەکرد. سەرو سیماو روخساری هاوسەرانیانم لە کاتی بەڕێکردنو ماڵاوایی‌دا دەدیتو دەروونیانم دەخوێندەوە. دەمزانی زۆربەی ئەو خاتوونانە، نیگەرانی ئەوەن کە شەریکی ژیانیانو باوکی منداڵەکانیان یا رۆڵە پێشمەرگەکانیان، لەم سەفەرانە دا نەگەڕێنەوە. زۆری وایان تێدا هەبوو، ئەم نیگەرانییەیان وەڕووی خۆیان نەدەهێنا، بۆ ئەوەی کاریگەریی خراپ لەسەر بڕیارو ئیرادەی خۆشەویستەکانیان دانەنێنو بە دڵقایمی بە شوێن کارو بەرپرسایەتییە شۆڕشگێڕانەکانیان دا بچن. زۆریان دەناسم ئەوەندەیان پاشەکەوت نەبوو کە دوو مانگ سەری خۆیانی پێڕابگرنو بتوانن سەرەتاییترین پێویستییەکانی ئەو ژیانە سادەیەی پێشمەرگایەتیی پێ دابین بکەن، بەڵام ئەوەندە بە ئیمانو بە بڕوا و لە خۆبوردوو بوون کە کەمترین پرتەو بۆڵە و گلەییت لێنەدەبیستن.

ئەو کاتانەشم لە بیرە کە هەواڵی شەهیدبوونی هاوسەرو هاوژیانی یەک یا چەند لەو خانمانە دەهات. بەر لەوەی هەواڵەکە بە خۆیان بگاو ببێتە گشتی، بە حوکمی کار لە ڕاگەیاندنو نزیکبوون لە سکرتاریاو ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بە مەمانان دەگەیشت. ئەو ساتانەم دەهێنا پێش چاو کە ئەو خەبەرە دڵتەزێنە بە هاوسەرو جگەرگۆشەکان یا دایکی ئەو شەهیدانە ڕادەگەیەندرێو ئەم دنیا پڕ لەسادە بیەشیان لێ دەشێوێندرێ. مرۆڤ دەبێ زۆر خۆڕاگر بێ تا بە دیتنو ژیان لە گەڵ دیمەنانە نەچەمێ، چ جای ئەوەی کارەساتەکان بە سەر خۆی بێن. لەوەش خەماویتر و هەستبزوێنتر ئەو کاتانە بوون کە پاییزان، هێزەکانی پێشمەرگە دەگەڕانەوە بنکەکانیانو بنەماڵەکان و ئەو هاوڕێیانەی لەو بنکانەو لە کۆمیسیۆنەکان خزمەتیان دەکرد، دەچوونە پێشوازیان. دیمەنی ئەو منداڵانەی باوکیان، و ئەو ژنانەی میردیان، لە گەڵ ئەو کاروانانە نەبوونو لەم سەفەرە نەگەڕابوونەوە، هیچ کات ناتوانم فەرامۆش بکەم.

ئەو دیمەنانە ئەوەندە کۆنیش نین. هەر لەم ساڵانەی دوایی‌دا، لە نیومان‌دا دووپات بوونەوە. ئەو کاتانەی دەستە دەستە تیمی تێکۆشەرانی دیموکرات، چوونەوە نێو قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو ساتانەی شێخ غەریب، کەماڵ شەریفی، هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی، قادر قادری، محەممەد نەدیمیو بێهرووز ڕەزانەژاد و.... نەگەڕانەوە، جارێکی دیکە سەختیو مەترسیو مەینەتیو خۆراگرییەکانی ئەو ژنانەمان چاو پێکەوتەوە.

زۆر هەورازو بەرزایی دیکە لە ژیانی سێ دەیەی ڕابردووی خۆمانم دا دیوە کە ژنانی دیموکرات بە سەربەرزییەوە پێیدا تێپەڕیونو نەک هەر تێیدا نەوەستاون بەڵکوو یارمەتیدەرو هاندەرو پشتیوانی پیاوانی هاوڕێو هاوژیانو هاوخەباتی خۆیان بوون. دیارە تەمەنی خەباتو تێکۆشانی هێندێک لەو ژنانە لە سێ دەیە زیاترەو تەنانەت لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی، لە کاتی خەباتی چەکدارانەی ٤٦-٤٧ و لە ژیانی دووره وڵاتیو ماڵبەکۆڵیی پێش شۆڕشی ئێران‌دا، یاری غاری حیزبی دیموکرات بوون. هەر لە ساتەوەختی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستانو بە جێ هێشتنی شارو گوندەکانو گیرسانەوە لە شاخو چیاکانەوە بگرە، تا ساتەکانی ئەو کۆستو کارەساتانەی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان‌دا تووشمان بوون، وەک تیرۆری ڕێبەرانمان، کۆڕەوە مێژووییەکەی هیزەکانی دیموکرات بە دوای بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، بۆمبارانو مووشەکبارانی بنکەو بارەگاکانمان لە سەر سنوورەکان، ڕاگوێزتنە ناچارییە یەک بە دوای یەکەکان، لەشکرکێشیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دیموکرات لە قووڵایی خاکی هەرێم و هتد دا.

لەم کورتە نووسینەدا، ناتوانم ئەو خزمەتو وەفایەی لەو ژنانە بەرامبەر حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانم دیوە، حەقی خۆی بدەمێ. ئەوان هەروا کە لە تاڵی و ناخۆشی‌دا پشتیوانو کۆڵەکەی خۆڕاگرتنی حیزبەکەیان بوون، لە خۆشیو سەرکەوتنەکانیش‌دا، ڕۆڵو دەوریان هەبووەو فەزای ژیانو تێکۆشانو خەباتی حیزبی دیموکرات، بە حوزووری ئەو ژنانەوە، ئینسانیتر، ڕەنگاورەنگتر و جوانتر بووە.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم، ئەو ژنانەی ئەمڕۆژانە لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، ڕێزیان لێنرا، هەموو ئەو ژنانە نەبوون کە دەبێ ڕێزیان لێبنرێ. سەدانو هەزاران ژنی دیکە هەن کە هەمان چارەنووسو سەربردەیان هەبووە کە ئێستا لە نێوخۆی وڵاتن یا پەڕیوەی هەندەران بوونو نەدەکرا هەموویان لە ڕێورەسمێکدا کۆ بکرێنەوە. بەڵام خەباتو تێکۆشانو قوربانیدانو خۆڕاگریی هەر هەموویان جێگای ڕێزو پێزانینە. بەو هیوایەی لە هەلومەرجێکی باشتردا سەرجەمی ئەو ژنانەی مێژووی حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی کوردستان، قەرزداری دلسۆزی ، نیشتمانپەروەری، لە خۆبردووییو خۆڕاگریی ئەوانە، بەو جۆرەی شیاویانە، ڕێزیان لێبنرێ.

---

« ڕەنگ ژنە وەختێ ئەمانکاتە سترانێکی ئاڵ ئاڵو ئەوین دامان‌دەپۆشێ »

شێرکۆ بێکەس

# ئێوە بەفری لوتکەن

**خەڵاتێ بۆ ژنە ئازارچێشتوەکانی نیشتمان**

کوێستان فتوحی

ئێوە لاپەڕی مێژووی کوردتان پڕکردوە لە ئازایەتیو خۆڕگری بۆ پیاوانی نیشتمان! کەچی جارێک مێژوو لوتفی نەبوو!

ئێوە بەفری ڕێبەندانتان بە هاناسەی خۆشەویستی تواندەوە، گەرمای گەلاوێژتان بە کزەی شەماڵی ناختان کردە پڕشنگ، کەچی مێژوو نەیدیتن!

ئەوە حەقیقەتی وڵاتی تۆیە ڕۆخساری مانگت بە پەڵە هەوری ڕەش داپۆشرێ!

شمشێروشەڕو بۆنی باڕووت، مینای جەستەتانی کاڵ کردوە و بەخشیانە مێژوو بۆ ئەوان، کەچی مێژوو نەیدیتن!

ئێوە لە جیانی عەتر بۆنی پێشمەرگەتان لەخۆدا!

ئێوە چڵە زەیتوونی مێژوونو خەون بە ئاشتییەوە دەبینن!

ئێوە هانا بۆ بەهار دەبەنو کەچی روخسارتان باوەشی بۆ گەڵاڕێزانی پاییز کردۆتەوە...

ئێوە نەبن کوا خۆشەویستی، کوا هەتاو و باران... کوا؟

ئێوە نەبن ئەوان دەستیان ناگاتە میوەکانی فێردەوس!

ئێوە نەبن گۆڕی شەهیدەکانیش ون دەبن ئیتر شاخیش ناتوانێ کڕنۆشیان بۆ بەرێ!

کام خەڵات لە ئاست ئەو خۆشەویستییەی ئێوە بەخشیتانە نیشتمان، قابیلتانە! ئازادیی خەڵاتی ئێوەیە ئەی ژنانی نیشتمان! ئازادی